WWW.RUDAW.NET
# رووداو RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (267) دووشەممە 1/7/ 2013 10ی پووشپەڕی 2713 (750) دینار

عەبدوڵڵا مەلا نووری:
## کۆبوونەوە بۆ مانەوە یان جێهیشتنی پەرلەمان دەکەین

**رووداو- هەولێر**

عەبدوڵڵا مەلا نووری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند مەرج نییە لەو ماوەیەی بۆ پەرلەمانی کوردستان درێژ کراوەتەوە بمێننەوە "مەرج نییە ئێمەی تێدا بین، کێ دەڵێت لەداهاتوودا ئۆپۆزیسیۆن هەڵوێستێکی دیکەی نابێت". گوتیشی "دەبێت کۆبوونەوە بکەین، پێویستی بە هەڵوێستێکی دەستە جەمعی ئۆپۆزیسیۆن هەیە". ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و درێژکردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمان، بە دەبەی ئاو هێرشی کردە سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان. ئەو پرۆژە یاسایەی بە "مەتەڵ ناوبرد و گوتی "ئەو دەسەڵاتە هەمیشە خەریکی دروستکردنی مەتەڵە". سەبارەت بەو بوتلە ئاوەی گرتییە سەرۆکی پەرلەمان، عەبدوڵڵا مەلا نووری گوتی " ئەوە هەر کەسێکی دیکە بووایە لەجێی من لەوانەیە خراپتریشی بکردایە". گوتیشی "ئەگەر بوتلە ئاویش نەبووایە هەر شتێکی دیکەم دەستکەوتبایە دەمهاوێشت".

4



## "PKK پێویستی بە ئاشتبوونەوەی ناوخۆیی هەیە"

5



عەبدولئەمیر زەیدی:
## هیچ خانوویەکم لە هەولێر نەکڕیوە

2

## لە زاخۆ پیاوێک پارچە پارچە دەکرێت

15

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی:
# مەرج نییە ویلایەتی بارزانی تا دوو ساڵی دیکە بخایەنێ

3





REKLAM



## شووتی فرۆشێک بە چەقۆی خۆی دەکوژرێت



**رووداو-سلێمانی**

رۆژی 2013/6/30 گەنجێکی ناحیەی عەربەت لەلایەن گەنجێکی دیکەوە درایە بەر چەقۆ و بەهۆی سەختی برینەکانیەوە گیانی لەدەست دا. رائید عەتا بارام، بەڕێوەبەری پۆلیسی عەربەت، بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی دەمەقاڵەی نێوان دوو گەنج، کە یەکێکیان کرێکارە و ئەوی دیکەیان شووتی فرۆشـــە، گەنجە کرێکارەکە بە چەقۆی شووتی فرۆشەکە، شووتی فرۆشەکەی کوشتووە". گوتیشی: "رووداوەکە لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی عەربەتدا بووە، هەر بۆیە دەستبەجێ بکوژەکە لەلایەن ئاسایشی عەربەتەوە دەستگیرکرا و رادەستی پۆلیسی عەربەت کرا".

# زانکۆی سۆران و زانکۆیەکی بەریتانی بەدواداچوون بۆ راپۆرتێکی (رووداو) دەکەن

**رووداو- سۆران**

زانکۆی سـۆران لە قەزای سـۆران بە هەماهەنگـی لەگـەڵ زانکۆیەکی بەریتانی بەدواداچوون بـۆ راپۆرتێکی هەفتەنامەی (رووداو) دەکەن کە باس لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی شـێرپەنجە دەکات لە گوندێکی دەڤەری ئامێدی.

بەپێـی بەدواداچوونێکـی (رووداو)، نەخۆشی شێرپەنجە، نەخۆشییەکی بڵاوە لە گونـدی بەرچێی سـەر بـە ناحیەی دێرەلووک لە قەزای ئامێدی، تاوەکو ئێستا 24 کەسـی ئـەو گوندە بەو نەخۆشـییە گیانیان لەدەسـتداوە و ئێستاش 6 کەسی دیکە تووشی هەمان نەخۆشی هاتوون.

بەپێـی راگەیەنراوێکی سـەرۆکایەتی زانکۆی سۆران، سـەرۆکی زانکۆی ناوبراو بڕیـاری پێکهێنانی لێژنەیەکی پسـپۆڕی داوە لـە چەنـد ئەکادیمییەکـی زانکۆکە بە هەماهەنگی لەگەڵ پسـپۆڕانی زانکۆی لیسـتەری بەریتانـی بـۆ بەدواداچوونی راپۆرتەکەی هەفتەنامەی (رووداو).

د.هاوڕێ مەنسـوور بەگ، یاریدەدەری سـەرۆکی زانکۆی سـۆران بـۆ کاروباری زانسـتی بـە (رووداو)ی راگەیاند "دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی زیادبوونی شێرپەنجە لەنێـو دانیشـتووانی گوندێکی ئامێدی لە هەفتەنامـەی (رووداو)، بـە هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆڕانی زانکۆی لیستەری بەریتانی، لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە دەکەین".

د.هاوڕێ گوتیشـی "کاتێـک خەڵکانی ناوچەیەکی دیاریکراو دووچاری نەخۆشی بە کۆمەڵ دەبن، پێویستە لە هەندێک هۆکاری پیسـبوونی ژینگەیی بکۆڵدرێتەوە، وەکو خاک، ئاوی سـەر زەوی، ئاوی ژێرزەوی و هەوا و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان. هەندێکجار کار و چالاکییەکانی گەڕان و بەرهەمهێنانی سـامانە سروشتییەکانیش (نەوت و غاز و کانزاکان) دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە".

ئەمسـاڵ زانکۆی سـۆران سەنتەرێکی توێژینـەوەی زانسـتی نێودەوڵەتـی دادەمەزرێنێت بە سەرپەرشتی راستەوخۆی زانکـۆی لیسـتەری بەریتانـی، کـە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی پیسبوونی ژینگە لە زانکۆ پێشەنگەکانی جیهانە.



یاریدەدەری سـەرۆکی زانکۆی سۆران ئاماژەی بەوەدا کە لـە زانکۆکانی جیهان زانستێکی نوێ گرنگی پێدەدرێت بە ناوی زانستی جیۆلۆجیای پزیشکی (Medical geology) و ئەو زانسـتە لە هۆکارەکانی نەخۆشـی دەکۆڵێتەوە بەهۆی پیسبوونی ژینگە و خراپ رەفتارکردن لەگەڵ ژینگە.

یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشی شـێرپەنجە لەو گوندەدا بەپێی قسـەی دانیشـووانەکەی لە سـاڵی 1987 تۆمار کـراوە و تاوەکو ئێسـتاش 24 کەس بەو نەخۆشییە مردوون، ئێستاش شەش کەس ئەو نەخۆشییەیان هەیە.

جگە لە شێرپەنجە، وەکو دانیشتووانی گوندەکـە دەڵێن ئێسـتا نەخۆشـییەکی دیکـەش یەخەی منداڵانی ئـەو گوندەی گرتووە، ئەویش نەخۆشـی تالاسـیمایە. بەپێـی زانسـتی پزیشـکی یەکێـک لە هۆکارەکانـی نەخۆشـی تالاسـیما ژن و ژنخـوازی نێوان خزمـە نزیکەکانە کە تا ئێسـتا لە هەندێک ناوچەی کوردسـتان ماوە.

دانیشتووانی گوندەکە گومان دەکەن کە بەهۆی پاشماوەی چەکی کیمیایی تووشی ئەو نەخۆشـییە بوون، هەرچەندە چەکی کیمیایی لـەو ناوچەیـە بەکارنەهێنراوە، بـەڵام دەڵێن لەسـەردەمی رژێمی بەعس بەردەوام سـوپای عێراق لە ناوچەکەیاندا هەبـووە و چەند بنکەیەکی سـەربازی لە دەوروبەری گوندەکەیاندا هەبووە.

دکتـۆر نەجیب رەشـید، بەڕێوەبەری تەندروستی قەزای ئامێدی بە (رووداو)ی گـوت "ئێمە ئـاگاداری ئـەو بابەتەین و بەدواداچوونمان بۆ کردووە".

سـەبارەت بە هـۆکاری تووشـبوونی هاووڵاتیانـی ئـەو گوندە بە نەخۆشـی شێرپەنجە، ئەو پزیشکە گوتی "تەنیا هۆکار بۆ تووشبوونی هاووڵاتیانی ئەو گوندە بەو نەخۆشـییە، کاریگەری پاشماوەی چەکی کیمیاییە". گوتیشـی "ئەو کێشـەیەمان گەیاندووەتە سـەرووی خۆمـان، تاوەکو چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە".

یاریدەدەری سـەرۆکی زانکۆی سۆران دەڵێـت تیمی زانکۆی سـۆران و زانکۆی لیستەر ئەگەر گەیشـتنە هەرئەنجامێک، دەسـتبەجێ لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان ئاگادار دەکەنـەوە و پێشـنیاز و راسـپاردەی گونجاویش دەخاتە ڕوو.

## عەبدولئەمیر زەیدی، فەرمانەدەی گشتی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە:

# هیچ خانوویەکم لە هەولێر نەکڕیوەو خێزانەکەم لە بەغدا دەرنەچووە



بابەکر زێباری، سوپاسالاری عێراق: **داوام نەکردووە لە هەولێر خانوو بۆ زەیدی دابینبکرێ و داواش ناکەم**



**چۆن سەردانی هەولێر دەکەم و بەدەستی خۆم خۆمیان رادەست دەکەم**

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

عەبدولئەمیـر زەیدی، فەرماندەی گشـتی هێزەکانی ئۆپەراسـیۆنی دیجلە ئەو هەواڵانە رەتدەکاتـەوە کە خانووی لـە هەولێر هەبێ و منداڵەکانـی ئێسـتا لە هەولێـر بن. بەڵام گوتی "هیـوادارم هەموو عێراق وەکو هەولێری لێبێت".

هاتنی خێزانەکەی زەیدی بۆ هەولێر و خانوو کڕینـی لە هەولێر لەمـاوەی رۆژانی رابردوودا هەواڵێکی گەرمی میدیـای کوردی بوو، بەڵام خۆی بە پێکەنینەوە لەوبارەیەوە قسـەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "نەوەڵڵا هیچ راستی بۆ نییە، خێزانەکەم هیچ شـوێنێکی دیاریکراویان نییە لێی نیشـتەجێ بن، بەڵام هەر لە بەغدا دادەنیشـن و سوپاس بۆ خوا ئەمن و ئاسایش لە بەغـدا بەرقـەرارە". گوتیشـی "تەنانەت بۆ گەشـتوگوزاریش خێزانەکەم نەهاتوونەتە هەولێر".

فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی دیجلە گوتی "نەک خانووم لە هەولێر نییە، بگرە یەک بستیشـم لە هەولێر نییە و خێزانەکەشـم ماوەی چەند ساڵێکە لە بەغدا دەرنەچووە".

قسـەکانی زەیـدی پـاش بڵاوبوونەوەی ئـەو هەواڵانـە دێن لـە میدیـای کوردییەوە کە گوایە لەکاتی سـەردانی نـوری مالیکی، سـەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەولێر لە رۆژی 2013/6/9، داوای لـە بەرپرسـانی هەرێمی کوردستان کردووە خانوویەک بۆ عەبدولئەمیر زەیدی دابین بکەن تاوەکو خێزانەکەی بهێنێتە هەولێر، چونکە وەک لـە هەواڵەکەدا هاتبوو، ژیانیان لە مەترسیدایە و بابەکر زێباری سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراقیش داوای لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کردووە کە خانووەکەیان بۆ دابین بکەن.

بـەڵام بابەکـر زێبـاری ئـەو دەنگۆیەی رەتکردەوە و بە (رووداو)ی گوت "موتڵەقەن و بە هیچ شێوەیەک داوای لەوجۆرەم نەکردووە و ناشکەم". گوتیشی "عەبدولئەمیر زەیدیش هیچ داوایەکی لەوجۆرەی نەکردووە".

دوای رووخانی رژێمی پێشـووی عێراق لە ئـاداری 2003 و تێکچوونـی دۆخـی ئەمنی ناوچەکانی نێوەڕاسـت و باشـووری عێراق، خێزانی چەندین بەرپرسی باڵای عێراقی روویان لـە هەرێمی کوردسـتان کرد و لـە هەولێر و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون.

عەبدولئەمیر زەیدی، نەیشاردەوە کە ترسی هەیە لەوەی سـەردانی هەرێمی کوردسـتان بـکات و گوتـی "هەرێمی کوردسـتان داوای دەستگیرکردنی منیان کردووە و لەراگەیاندنی کوردیش بەخراپ باسی من دەکەن، ئەوان کە داوای گرتنی من بکەن چۆن سـەردانی هەولێر دەکەم و بەدەسـتی خۆم خۆمیان رادەسـت دەکەم".

زەیـدی گوتـی جگە لـەوەی ماڵی خۆی نەهێناوەتە هەولێر، تەنانەت دەرفەتی ئەوەی نییە بۆ گەشـتوگوزاریش بێـن "چونکە زۆر سـەرقاڵم و دەرفەتی ئەوەم نییە خێزانەکەم بهێنم". هەروەها گوتیشـی "تەنانەت دەرفەتم نییە سەردانی خێزانەکەی خۆیشم بکەم. جگە لەوەش بەشـبەحاڵی خۆم حەزم لە گەشت و گەڕان و سەردان نییە".

عەبدولئەمیر زەیدی گوتی کە تاوەکو ئێستا جگـە لە عێراق هیچ وڵاتێکی دیکەی نەبینیوە "دەزانـن مـن بـەو تەمەنە و بـەو پلەوپایە تاوەکو ئێستا سـەردانی دەرەوەی عێراقیشم نەکردووە؟".

زەیدی لە درێژەی ئەو قسـانەدا گوتی کە دوایین جار سەردانی هەولێری کردبێت لەساڵی 2009 بووە، ئەویش بۆ کۆبوونەوە بووە لەگەڵ ئەمریکییـەکان. لەبـارەی هەولێریش گوتی "ئێستا ئاوەدانی هەیە لە هەولێر و شانازی پێوە دەکەین، هیوادارم هەموو عێراق وەکو هەولێری لێبێت و ئاوەدان بکرێتەوە". فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە گوتی کە ئەو هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ کورد و بەرپرسانی هەرێمی کوردسـتان نییە "ئێمە کەسـانی پیشەیین و کاری خۆمان دەکەین، راسـتە جاربەجار لێرە و لەوێ کێشـە و ناکۆکی دروسـتدەبن، بەڵام ئـەو کارەی من دەیکەم بڕیـاری خۆم نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی فەرمانی مەرجەعی خۆمە کـە نوری مالیکـی فەرماندەی گشـتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە".

# ئەو مەلایە دەستگیر ناکرێت کە بەناوی "دەرکردنی جنۆکە" ژنێکی ئەشکەنجە دا

**بارزان محەممەد**
**رووداو- هەولێر**

هەموو لاشەی شوێنی لێدانی پێوە دیاربوو، لەسەر قەرەوێڵەیەک خەوێنرابوو، دکتۆرەکان لە دەوری کۆببوونەوە و چارەسەری برینەکانیان دەکرد، دەسـت و قاچ و پشـتی دوو برینی گەورەی پێوەبوو.

بەپێی قسەی پزیشکەکان، ئەو ژنە نەخۆشی دەروونـی هەبووە، بەڵام کەسـوکارەکەی بە بیانـووی ئەوەی جنۆکە چووەتە لەشـییەوە بردوویانەتـە لای مەلایەک تاوەکو جنۆکەکان دەربهێنێت.

یەکێک لەو ژنانەی لەگەڵ ئەو ژنە نەخۆشە بوون لە نەخۆشخانە ویارمەتی دەدا بە (رووداو)ی گوت "دوای ئەوەی زانیمـان جنۆکە چووەتە لەشییەوە، بردمانە لای مەلایەک لە شاری رانیە بۆ ئەوەی جنۆکەکان لە لەشـی دەربهێنێت، بەڵام لە جیاتی ئەوەی نەخۆشـەکەمان چاک ببێتەوە، مامۆستا هەموو گیانی بریندار کرد".

بەڵام پۆلیس، لەبەرئەوەی کەس سـکاڵای تۆمار نەکردووە، هیچ رێکارێکی یاسایی لەدژی ئەو مەلایە نەگرتەبەر.

نەقیب مسـتەفا محەممەد، لێپرسـراوی راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی رانیە گوتی کە هیچ کەسێک لەسەر ئەشکەنجەدانی ئەو ژنە دەستگیرنەکراوە "چونکە کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە".

ئەو ژنە کە کەسـوکارەکەی رازی نەبوون ناوی بڵاوبکرێتەوە، تەمەنی لە سـەرووی 50 ساڵ دەبێت، لە نەخۆشخانەی دەروونی لەسەر قەرەوێڵەیەک راکشابوو، پزیشکەکان بوتڵێک ئاویان بۆ هەڵواسـیبوو، ئەو ژنەی چاودێری نەخۆشـەکەی دەکرد، گوتی "مامۆستا بە دار زۆری لێدا، پێشیگوتین، کە گەڕانەوە ئێوەش لە ماڵەوە بە دار لێی بدەن".

تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵکی هەرێمی کوردستان، لەو باوەڕەدان کە جنۆکە دەچێتە لەشیانەوە، بۆ دەرهێنانی جنۆکەکانیش پەنا دەبەنە بەر شێخ و هەندێک مەلا، بەڵام دوای ئـەوەی بـە دار لێیان دەدرێت هەندێکیان دەکەونە نە خۆ شـخا نە، تەنانـەت هەبـووە بەو هۆیـەوە گیانی لەدەستداوە.



دوو سـاڵ پێـش ئێسـتا بـە بیانووی جنۆکـە دەرهێنان لە لەشیدا، شـوفێرێکی تەکسی لە شاری هەولێر، ئەوەندەی لـە ئافرەتێـک دا تاوەکـو گیانـی دەرچـوو، دواتـر شـوفێرەکە لەلایەن پۆلیسـی هەولێرەوە دەستگیرکرا.



مامۆستایانی ئاینی رای جیاوازیـان هەیە لەبـارەی ئـەوەی ئاخـۆ جنۆکـە دەچێتـە لەشـی مـرۆڤ یـان نـا، بەشـێکیان دەڵێن جنۆکـە دەچێتـە لەشـی مرۆڤ، بەڵام بەشـێکیان ئـەوە رەتدەکەنەوە.



**خزمێکی ئافرەتەکە:**

**مامۆستا گوتی لە ماڵەوەش لێیدەن هەتا چاک دەبێتەوە**

مامۆستا عەلی خەتێ، پێشنوێژی مزگەوتی حاجی ئەحمەد هەرمی دەڵێ "جنۆکە دەچێتە لەشی مرۆڤەوە، بەڵام لە هیچ کاتێکدا نەمزانیوە بە لێدان لە لەشی بێتە دەرەوە".

بەڵام مامۆسـتا موسا حەبیب، پێشنوێژی مزگەوتـی محەممـەدی حاجی رەشـید لە سـلێمانی و دەرچووی کۆلێژی شەریعە دەڵێ "جنۆکـە بەهیچ شـێوەیەک ناتوانێت بچێتە لەشـی مرۆڤەوە، ئەوە ئەسـڵ و ئەساسـی نییـەو خورافاتە، لـە سـوورەتی (×) لە قورئانی پیـرۆزدا باس لە جنۆکە و کارەکانی کراوە، پێغەمبەریش دروودی خوای لەسـەر بێـت فەرموویەتی: نەخۆشـی بە هۆکارێکی ماددی تووشـی مرۆڤ دەبێت و بە هۆکارێکی ماددیش چارەسەر دەکرێت، هەتا نەخۆشییە دەروونییەکانیش".

ئێستا چەندین کەس لە هەرێمی کوردستان دەڵێن ئەوان جنۆکە لە لەشی مرۆڤ دەردێنن و ئەوەیان کردووەتە پیشەی خۆیان، هەروەک مەلا عەلی کەڵەک لە هەولێر و مەلا زەکەریا لە سلێمانی، بەڵام مامۆستا موسا حەبیب دەڵێت "ئەوان ئەگەر راست دەکەن با لە قوتابخانەیەکی ئاینی بە نوێنەرایەتی چەند مامۆستایەکی پسپۆڕ بە ئایەتی قورئان ئەو کارەیان بسـەلمێنن، لە قورئان و لە فەرموودەکانیش باس لەوە نەکراوە جنۆکە دەچێتە لەشی مرۆڤ".

دکتۆر خاڵس قادر، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی تەندروسـتی گوتی "لـە وەزارەتی تەندروسـتیدا شـتێک نییە بە ناوی جنۆکە دەرهێنـان، دیاردەیەکە بەهۆی ناهۆشـیاری خەڵکـەوە بڵاودەبێتـەوە" گوتیشـی "ئەو کەسانەشی سـکاڵایان هەیە لەسـەر ئەوانە پێویسـتە لـە دادگا تۆماری بکـەن تاوەکو ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێت".

هەروەها د.سـامان هەڵەبجەیی، پسپۆڕی نەخۆشـییە دەروونییـەکان لەبـارەی ئـەو نەخۆشـەوە دەڵێ "ئەو بە تەمەنە و نەخۆشی دەروونیی هەیـە، بەڵام لەبەر ئـەوەی زۆری لێدراوە، نەخۆشـییەکەی دووقات بووە، بۆیە پێویسـتە حکومەت و وەزارەتـی ناوخۆ ئەو کەسە دادگایی بکەن کە لێیداوە".

ڕوودا
ڕیپۆرتاژ
ژمارە (267) دووشەممە 2013/7/1

## 400 هەزار دینار کەمترین مووچەی خانەنشینان دەبێ




**ڕووداو-بەغدا**

وەزیری دارایی عێراق، رایگەیاند کەمترین مووچەی خانەنشینی بریتییە لە 400 هەزار دینار و پێدەچێت لەو ماوەیەدا لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە، دەنگ لەسەر یاساکە بدرێت. عەلی شوکری، وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی عێراق بە وەکالەت، رایگەیاند "بەپێی پرۆژە یاسای نوێی خانەنشینی، بڕی 400 هەزار دینار کەمترین مووچەی خانەنشینییە". گوتیشی "پێدەچێت بەو نزیکانە لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەنگ لەسەر یاساکە بدرێت، ئەوەش دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەوانەی پەرلەمان کرا".

### فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# ئۆپۆزیسیۆن دەیەوێ یەکێتی بشکێنێ



**ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن دەیکات یاریکردنە بە ئاگر**

## نە ئێمە قەزافی و موبارەکین و نە ئەوانیش ئیخوان و ئۆپۆزیسیۆنی سوورین

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا بارزانی تاوەکو دوو ساڵی دیکەش سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بەڵام فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت مەرج نییە ویلایەتی بارزانی هەتا دوو ساڵی دیکە بخایەنێ. گوتیشی "دەرگای دیالۆگمان دانەخستووە". فازڵ میرانی بەرگری لە هاوپەیمانی حیزبەکەی دەکات و دەڵێ "ئۆپۆزیسیۆن دەیەوێ یەکێتی بشکێنێ" و پێیوایە "ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن دەیکات یاریکردنە بەئاگر".

پەرلەمانی کوردستان پێش ئەوەی دەست بە پشووی هاوینی خۆی بکات، گفتوگۆی لەسەر هەردوو پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد. بەڵام پەسەندکردنی یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێنا.

درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانی دوای رێککەوتنی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی هات لە شاری سلێمانی. کە لە 2013/6/29 بەڕێوەچوو.

### "مەرج نییە درێژکردنەوەکە بۆ دوو ساڵ بێ"

سەبارەت بەوەی ئاخۆ پارتی چۆن رازیبووە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دوابخرێ و ویلایەتی بارزانی درێژبکرێتەوە، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی "ئەمە بەرامبەر بە هیچ نەبووە، چونکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشتر نامەیەکی بۆ پەرلەمانی کوردستان نووسی بۆ ئەوەی هەوڵێک بدرێ کۆدەنگییەک دروستبکرێ لەسەر دەستوور". گوتیشی "ئەوە دوو هەفتەیە سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ لایەنەکان لە گفتوگۆدا بوو، بەڵام دیارە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک و دۆخی هەرێمی کوردستانیش بەو شێوەیە نەدەبوو بمێنێتەوە، چونکە بەرەو هەڵبژاردن دەچین".

فازڵ میرانی دەڵێت پارتی بە بەرژەوەندی زانیوە کە تاوەکو دووساڵی دیکە ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان درێژبکرێتەوە، "بەڵام مەرجیش نییە دوو ساڵ تەواو بکات و لە دوو ساڵیش زیاتر نابێ درێژ بکرێتەوە". گوتیشی "لەو ماوەیەدا بە جدی هەوڵدەدرێ دەرگایەک بۆ دیالۆگ بکەینەوە تاوەکو کۆدەنگییەک لەسەر دەستوور دروستببێ و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکرێ".

پێش پەسەندکردنی ئەو دوو یاسایە، ئەرسەلان بایز، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی هەریەک لە نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتی یەکگرتووی کردبوو. لە پەرلەمانی کوردستانیش لەگەڵ عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کۆبووەوە و لەگەڵ هەرسێ سەرکردەکەی ئۆپۆزیسیۆن باسی درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانی کردبوو.

### گۆڕان:
### ئەوە دوور بوو لە ئەخلاقی سیاسی

محەممەد حاجی، رێکخەری ژووری سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان رەخنەی لە سەرۆکی پەرلەمان گرت و گوتی "ئەرسەلان بایز کە سەردانی نەوشیروان مستەفای کرد، هەر ئەو قسانەی کرد کە لە پرۆژەکەدا هاتووەو پرۆژەکەش بێ مانابوو، دوور بوو لە ئەخلاقی سیاسی".

محەممەد حاجی باسی هەڵوێستی حیزبەکەی دەکات و دەڵێ "هیچ متمانەیەکمان بە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی نەماوەو بگرە بەشێک لە قاعیدەی یەکێتیش دژی ئەو هەنگاوە بوون، چونکە هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئاگایان لە قاعیدەی یەکێتی نەماوە" وەک ئەو گوتی.

بەرپرسەکەی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە پەسەندکردنی ئەو پرۆژەیە لەدژی ئەو بەڵێن و قسانەی پێشتری پارتی و یەکێتی بوو لە گەڵ بزووتنەوەی گۆڕان "ئەوەی کردیان دوور بوو لە هەموو بەڵێن و قسەی پێشتریان و لە ئەمڕۆ بەدواوە بارزانی چیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو سەرۆکی مەکتەبی سیاسی پارتی و بەشێک لە مەکتەبی سیاسی یەکێتییە".

### یەکگرتوو:
### شکستێکی گەورە بوو بۆ پەرلەمان

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنە، ئەویش دژی تێپەڕاندنی ئەو یاسایەیە و پێیوایە سەرۆکایەتی پەرلەمان باجی ئەو هەنگاوە دەدات.

هیوا میرزا سابیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت "کە ئەرسەلان بایز هات بۆ لای ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، پێیگوت ئەگەر یاساکە بەو شێوەیە تێپەڕی ئەوا ئەنجامی باش نابێ، بەڵام ئەگەر هەر دەکرێ ئەوا پێویستی بە سازانە نەک بەو پەلە پەلە".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو داوا دەکات سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان "یاساکە پەسەند نەکات"، چونکە "یاساکە شکستێکی گەورەیە بۆ پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان باجەکەی دەدات".

پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە پێنج مادە پێکدێ، باس لە هۆکاری دەرچوونی ئەو یاسایە دەکات و دەڵێت "لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی هەرێمی کوردستان و بۆ هاتنە کایەی پێکهاتن و سازان لەسەر هەموارکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و بە مسۆگەرکردنی رەخساندنی بارودۆخی مەوزوعی. ئەم یاسایە دەرچوێندرا".

بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی رەخنە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەگرێ بەهۆی پەسەندکردنی ئەو یاسایە و دەڵێت "ئەوەی کرا کودەتابوو".



**بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی:**

## سەرۆکی پەرلەمان گوتی گوشارم لەسەرە

### "ئەرسەلان بایز گوتی گوشارم لەسەرە"

بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی راگەیاند "مامۆستا عەلی باپیر سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کرد و ئەرسەلان بایز پێیگوت رازی بن بە درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام مامۆستا رازی نەبوو گوتی ناتوانین رازی بین بەو تەکلیفە".

بیلال سلێمان کە لەهەمانکاتدا ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامییە لە پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرای کرد ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ئامۆژگاری سەرۆکی پەرلەمانی کردووە و نموونەی بۆ هێناوەتەوە "گوتی قەزافی و حوسنی موبارەک لەبەرچاومانن، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان گوتی گوشارم لەسەرەو ناتوانم".

بەڵام فازڵ میرانی رەخنەی توند لە ئۆپۆزیسیۆن دەگرێ کە هەرێمی کوردستان بە لیبیا و میسر دەشوبهێنن و گوتی "ئێستاش دەرگای دیالۆگمان دانەخستووە، بەڵام کە باسی لیبیا و میسر دەکەن ئەوە ئۆپۆزیسیۆن یاری بە ئاگر دەکات، چونکە کوردستان نە میسرەو نە لیبیایە، بەڵکو بەشێکە لە عێراق و نە ئێمە قەزافی و موبارەکین و نە ئەوانیش ئیخوان و ئۆپۆزیسیۆنی سوورین". هەروەها وەبیر ئۆپۆزیسیۆنیشی هێنایەوە کە "بۆ ئەوەی بەرەو هەڵبژاردن بچین باشتر وایە لە دۆخێکی ئارامدا بین و ئەمە بۆ ئۆپۆزیسۆنیش باشە و بۆ ئێمەش باشە کە هەڵبژاردن لە کەشوهەوایەکی ئارامدا بەڕێوەبچێ".

سەبارەت بەوەی بارزانی خۆی ئاگاداری ئەو پرۆژەیە بووە کە ئێستا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە. فازڵ میرانی گوتی "پارتی و جەنابی کاک نێچیرڤان شتێک ناکەن لە بەرژەوەندی گشتیدا نەبێ و جەنابی سەرۆک بارزانیش مومکین نییە دژی شتێک بوەستێتەوە کە لەبەرژەوەندی گشتیدا بێ". گوتیشی "رای سەرۆک ئەوەبوو پرۆژەی دەستوور بخرێتە ریفراندۆمەوە، بەڵام کە بینرا لایەنی ئۆپۆزیسیۆن و هەندێ هێزی دیکە و کەسایەتی پێیانوابوو لە بەرژەوەندیدا نییە پرۆژەکە بخرێتە ریفراندۆمەوە. جەنابی سەرۆک رەغبەتی خۆی سڕکرد و نامەی لایەنەکانی رەوانەی پەرلەمان کرد".

### "خەونەکەیان دەکەین بە کابووس"

بزووتنەوەی گۆڕان رەخنە لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەگرێ کە رازی بوون بە درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاری پەرلەمان.

رێکخەری ژووری سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان قسەی نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕانی دووبارەکردەوە و یەکێتیشی خستە پاڵ پارتی و گوتی "ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان روویدا 31ی ئابێکی دیکە بوو، ئەمجارە مەکتەبی سیاسی یەکێتیشی لەگەڵ بوو بۆ وەدەرنانی دیموکراسیەت لە کوردستان". گوتیشی "پارتی دەیەوێ کوردستان بەتەواوەتی لەسەر خۆی تاپۆبکات و ئەمەش خەونە و ئەو خەونەشیان لێ دەکەینە کابوس".

### ڕێککەوتنەکە بە ئاگاداری تاڵەبانی بووە

بەڵام لەکاتی پەسەندکردنی پرۆژەی یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی بارزانی پەرلەمانتارێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاشکرایکرد کە تاڵەبانی لە دوایین رێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار کراوەتەوەو رەزامەندی دەربڕیوە.

سەروەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی راگەیاند "مام جەلال، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئاگادارکراوەتەوە لە رێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان". گوتیشی "بە رەزامەندی مام جەلال، یەکێتی بڕیاریداوە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ساڵی دیکە درێژبکرێتەوە".

### "ئۆپۆزیسیۆن دەیەوێ یەکێتی بشکێنێ"

فازڵ میرانی بەرگری لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکات کە زیاتر لە شەش ساڵە هاوپەیمانیانە و رێککەوتننامەیەکی ستراتیژی بە یەکیەوە بەستوونەتەوە و دەڵێ "ئێمە ناڵێین پێشنیازی یەکێتی بوو بۆ پارتی یاخود پێشنیازی پارتی بوو لەسەر یەکێتی وەکو هەندێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن باسی دەکەن و دەیانەوێ یەکێتی بشکێنن و واپێشانبدەن کە یەکێتی شتێکی کردووە بە دڵی خۆی نەبووە. نەخێر وانەبووە، پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی دیکە هەستیان بە بەرپرسیارێتی کردووە و جگە لە ئۆپۆزیسیۆن هەمووومان گەیشتینە ئەو رایە و ئەمەش داوایەکی شەعبی بوو". گوتیشی "ئەوەی کرا مەخرەجێک بوو بۆ دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان".



**یەکێتی:**
**لە نێوان دوو بژاردەی نەخوازراودا بووین**

### یەکێتی: لە نێوان دوو بژاردەی نەخوازراودا بووین

مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی پەسەندکردنی بڕیاری درێژکردنەوەی وادەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پرسی سازانی نیشتمانی لەسەر پرۆژەی دەستوور، شەوی 2013/6/30 بەیاننامەیەکی دەرکرد و رایگەیاند "یەکێتی سازانی نیشتمانی بە نەخشە رێگایەکی نەرم و کۆکەرەوە بینی و کردیە ئاراستەی سیاسەتەکەی کە وێڕای دژایەتیکردنی، دواجار ئاراستەی سازانی نیشتمانی بووە ئاراستەی کۆکردنەوە".

لە درێژەی بەیاننامەکەی یەکێتیدا هاتووە "بەڵام وەدیهێنانی سازانی نیشتمانی بەو ماوەیەی کە بەپێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنەکان و قوڵی ناکۆکییەکان سەبارەت بە مەسەلەی دەستوور و تەوزیفکردنی سیاسی لەلایەن ئەم و ئەو لایەنی سیاسییەوە، ئەوەی سەلماند کە سازان وەختێکی زورتری پێویستە، مەسەلەکە کەوتە بەردەم دووڕیانێکەوە یان دەبووایە موجازەفە بە دەستوورەوە بکرێ و پرۆژەکە بخرێتە راپرسییەوە کە یەکێتی لەگەڵ ئەو موجازەفەیەدا ناکۆک بوو، یان دەبووایە دەرگا لەبەردەم ململانێیەکی خەست و خۆڵی سیاسی و کومەڵایەتیدا بکرێتەوەو....ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەوتایەتە بەرمەترسی لە دەستدانی شەرعیەتی یاساییەوە".

مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە بەشێکی بەیاننامەکەدا دەڵێت "یەکێتی لە نێوان دوو بژاردەی نەخوازراودا بوو، ئەو بژاردەیەی پەسندکرد کە دەرفەت و ماوە بۆ هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور و سازانی نیشمانی دەهێڵێتەوەو شەرعیەتی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەپارێزێ. لەو روانگەیەوە پەرلەمانتارانی یەکێتی دەنگیان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە دا".



**محەممەد حاجی، رێکخەری ژووری سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان:**

## پرۆژەی درێژکردنەوە بێ مانا و دووربوو لە ئەخلاقی سیاسی

## "زۆربەی گەندەڵکارانی عێراق دوو ڕەگەزنامەیان هەیە"



**ڕووداو-بەغدا**

خالد عەلوانی، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت دیاردەی گەندەڵی دوای ساڵی 2003 لە عێراقدا بەشـــێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و گوتیشـــی "دیاردەی پشک پشکێنەی پارتە سیاســـییەکان هۆکارێکە بۆ ئەو گەندەڵییە و پارتە سیاسییەکان پارێزگاری لە گەندەڵکاران دەکەن". عەلوانی لە بارەی گەندەڵکاران گوتی "ئەوانەی تۆمەتبار دەکرێن بە ئەنجامدانی گەندەڵی دوو ڕەگەزنامەیان هەیە، ئەمەش گەندەڵکاران دەپارێزێت لە ئەنجامدانی لێپرسینەوە".

ڕیپۆرتاژ
ڕووداو
ژمارە (267) دووشەممە 2013/7/1

### عەبدوڵڵا مەلا نووری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان:

# کۆبوونەوە دەکەین بۆ مانەوە یان جێهێشتنی پەرلەمان

**عەبدوڵڵا مەلا نووری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، دوێنێ یەکشەممە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستـــان و پەرلەمانی کوردســـتان لە هەموو پەرلەمانتارەکانی دیکەی ئۆپۆزیســـیۆن تووڕەتر دەرکەوت و بە دەبەی ئاو هێرشـــی کردە سەر سەرۆکی پەرلەمان. بەڵام دواتر سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند کە گەردەنی ئازاد دەکات. عەبدوڵڵای مەلا نووری لە بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی Rudawدا باسی شەڕەکەی نێو پەرلەمانی کرد.**

**ڕووداو: تـــۆ پاڵەوانی فیلمەکـــەی پەرلەمان بوویت؟ بەڵام کێ سیناریۆکەی دانا؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** ئەوەی ڕوویدا فیلم نەبوو، واقیع بوو، سیناریۆی پێشوەختی نەبوو. هەموو پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنیش بەشدار بوون.

**ڕووداو: دەگوترێت ســـیناریۆی پێشـــوەختی هەبووە؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** ئەگەر لەو ڕووەوە بێت، لەڕاستیدا ئێمە ســـاڵە سیناریۆی واقیعیمان هەیـــە، هەرکاتێک یاســـا پێشـــێل کرابێت، ئێمە ســـیناریۆی واقیعیمان هەبـــووەو لەدژی وەستاوین.

**ڕووداو: ئەمجارەش یاسا پێشێلکراوە؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** یاســـا پێشـــێل کرا بە واقیعی، بە ئاستێکی هەرە مەترسیدار.

**ڕووداو: بۆچی بە ئاستێکی مەترسیدار؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** چونکە لە پرۆسەیەکی نایاساییدا یاسایەکی نا یاسایی دەرچوێندرا.

**ڕووداو: ئەوە لە مەتەڵ دەچێت؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** لە مەتەڵ دەچێت و هەر مەتەڵیشـــە، ئەم دەسەڵاتە هەمیشە خەریکی دروستکردنی مەتەڵە. پرۆژە یاسایەک هاتووە، بەپێی بەروارەکە، هەر لە هەمان ڕۆژدا (دوێنێ) گەیشتووە، هەر ئەمڕۆ واژۆی بۆ کۆکراوەتەوە، ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیدار کراوە و ڕاپۆرتیشی لەسەر نووسراوە و ڕەوانەی سەرۆکایەتی کراوە، خوێندنەوەی بۆ کراو و دەرچوێندرا، لە کاتێکدا دەبێـــت بەپێی پەیڕەوی ناوخـــۆی پەرلەمان مادەی پرۆژە یاســـا بەر لە سەعات بخرێتە بەردەست پەرلەمانتاران.

**ڕووداو: بۆچـــی ئەمـــڕۆ بەوشـــێوازە بەڕێوە نەچوو؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** دەبێت لەوان بپرسیت، ســـەرۆکایەتی پەرلەمان ئەمە یەکەم جاریان نییە؟

**ڕووداو: ئەی چەندەم جاریانە؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** پێشتر، چەندین جاری دیکە هەر وایان کردووە.

**ڕووداو: جاری دیکە کامە بووە؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** بۆ نموونە پرۆژە یاسایەک کە باسی لە ئیستیحقاقی هەرێمی کوردستان دەکرد لە بەغدا حەتمەن ئەمە بە قەبارەیەکی بچوکتر. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ڕوویدا، بەڕاستی مەتەڵە و پێشـــێلکردنی یاسایە، بێڕێزیکردنە بەرامبەر پەرلەمان.

**ڕووداو: ئەی پەرلەمانتارانی دەســـەڵات ئەوە نازانن؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** بێگومان دەزانن، بەڵام فێڵ لە خەڵک دەکەن.

**ڕووداو: چۆن؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نـــوری:** دەبێت ئەو پەیڕەوی ناوخۆیـــەی دانـــراوە هیـــچ پەرلەمانتارێک و سەرۆکایەتیش قبوڵی نەکات، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان دوێنێ وەک پیشەی چەند جارەی بە قەبارەیەکی گەورەترەوە پێشێلی کرد. دەبوو پەرلەمانتارانی دەسەڵات قبوڵی نەکەن.

**ڕووداو: ئەوە چ بەرژەوەندییەکی لە پشـــتەوە بووە کە بەو شێوازە نایاساییە وەک تۆ دەڵێیت تێپەڕێندراوە؟**

**عەبدوڵـــڵا مـــەلا نـــوری:** بەرژەوەندییەکە ڕوونە، پێشـــتر فازڵ میرانـــی و مەلا بەختیار ســـەردانی ئۆپۆزسیۆنیان کرد، بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان و ڕازی نەبوون، ئیدی یەکێک لە سیناریۆکانیان ئەوەبوو کە ئەمڕۆ (یەکشەممە) تێیانپەڕاند و ویلایەتی مەسعود بارزانییان درێژ کردەوە.

**ڕووداو: گوتـــت بەرژەوەندیـــان هەبـــووە بەرژەوەندییەکە چییە؟**

**عەبدوڵڵا مـــەلا نوری:** ڕوونە، درێژکردنەوەی ولایەتـــی بارزانی، درێـــژەدان بـــەم حوکمە ناشـــەرعییەی ئەمڕۆ دەســـەڵات هەیەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

**ڕووداو: کەواتە دەتەوێت بڵێیت بەرژەوەندییەکی حیزبییە؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** بەرژەوەندییەکی حیزبی و گروپێکی دیاریکراویشە.

**ڕووداو: بۆ پەرلەمانتارێک کە بە سیســـتمی لیســـتی داخـــراو هەڵبژێـــردراوە بەرژەوەنـــدی حیزبەکەی نەپارێزێت؟**

**عەبدوڵڵا مـــەلا نوری:** ئەگـــەر بەرژەوەندی حیـــزب لە چوارچێـــوەی ڕەوایەتیدا بپارێزێت دەستخۆشی لێدەکەم.

**ڕووداو: بـــۆ ئەوان ناشـــەرعی و ناڕەوایەتیان کردووە؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** ئەی ناڵێم ئەوان پەیڕەوی ناوخۆیان پێشێلکرد، ئەوە جگە لەوەی یاسا پەســـەند کراوە کە بنەمای یاساییان نییە، بۆ نموونە بە هیچ شێوازێک پەرلەمان مافی ئەوەی نییە تەمەنی خۆی درێـــژ بکاتەوە، خەڵک بۆ ساڵ متمانەی بە تۆ داوە، کە بۆ یەک سەعات زیاتر نییە.

**ڕووداو: بەس خۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان لەکاتی خۆیدا دەکرێت، گومانتان هەیە لە ئەنجامدانی؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** بێگومان گومانمان هەیە، پێشتریش باسمان کردووە.

**ڕووداو: بەرژەوەندی لە درێژکردنەوەی پەرلەمان چییە، خۆ ئێوەشی تێدان؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** مەرج نییە ئێمەی تێدا بین، کێ دەڵێـــت لەداهاتوودا ئۆپۆزســـیۆن هەڵوێستێکی دیکەی نابێت؟

**ڕووداو: دەکشێینەوە؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** نازانم، دەبێت کۆبوونەوە بکەین، پێویســـتی بە هەڵوێســـتێکی دەستە جەمعـــی ئۆپۆزســـیۆن هەیە. بـــەس دەبێت ئۆپۆزیســـیۆن هەڵوێستێک وەربگرێت لەئاست ئەم هەموو بیرێزییەی دەســـەڵات بێت بە یاسا و سەروەری یاسا.

**ڕووداو: چی بێت هەڵوێستەکە؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** هەر هەڵوێستێک بێت.

**ڕووداو: ئەوەی دوێنێ بە هەڵوێست نازانن؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نوری:** بێگومان ئەوە یەکێکە لە هەڵوێستەکان، بەس هەڵوێستی دیکەش هەیە.

**ڕووداو: بۆچـــی بوتڵە ئاوت گرتە ســـەرۆکی پەرلەمان؟**

**عەبدوڵڵا مەلا نووری:** ئەوە هەر کەســـێکی دیکە بووایە لەجێی من لەوانەیە خراپتریشـــی بکردایە.



ئەم دەسەڵاتە هەمیشە خەریکی دروستکردنی مەتەڵە

### ئەندامە کوردەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا:

# کورد لە بەغدا مووچەخۆرانی لە دەنگدەرانی زۆرترن

**میران حوسێن**
**ڕووداو- بەغدا**

دوای دەستبەکاربوونی وەک یەکەمین ئەندامی کورد لـــە ئەنجوومەنی پارێـــزگای بەغدا، فوئاد عەلـــی ئەکبەر، ڕایگەیاند "ئەوە هانمان دەدات لە هەڵبژاردنی داهاتوو کەســـێک لە بەغداوە بنێرینە ئەنجومەنی نوێنەران".

فوئـــاد عەلی ئەکبـــەر هەرچەنـــدە خۆی بە کاندیدێکی سەربەخۆ دەزانێ، بەڵام دەڵێت لەلایەن پارتییەوە کاندید کراوە. ئەوە یەکەمجارە لەدوای ڕووخاندنـــی ڕژێمی بەعس، کورد لە ئەنجوومەنی پارێـــزگای بەغدا نوێنەری هەبـــێ. فوئاد عەلی، کە نووســـەر و ڕووناکبیرێکی فەیلی نیشتەجێی بەغدایە، ڕەتیکردەوە لـــە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا کورد لـــە بەغدا دەنگی کەمـــی هێنابێ و گوتی "لیستی کورد نزیکەی 9 هەزار دەنگی هێنا، وەکو کاندیدیـــش من 3 هـــەزار و 578 دەنگم هێناوە و کاندیدی دووەمیش کە سەر بەیەکێتی بوو 3 هەزار و 540 دەنگی هێنا".

لە هەڵبژاردنی 2005ی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لـــە بەغدا، لیســـتی کـــورد 16 هـــەزار دەنگی بەدەســـتهێنابوو، فوئاد عەلـــی دەڵێ "بەڵام لەو هەڵبژاردنەی پێشوو ڕێژەی بەشداریکردن 70% بوو، ئەمجـــارە تەنیـــا 30%ی خەڵک هاتن بۆ دەنگدان".

هەرچەندە دەگوترێ یەک ملیۆن کورد لە بەغدا هـــەن، بەڵام فوئاد عەلی ئەکبـــەر پێیوایە "150 بـــۆ 200 هەزار کورد لە پارێزگای بەغدا دەژین و زۆربەشیان لە گەڕەکەکانی باب ئەلشێخ، سەدریە، شارع کیفاح، جەمیلە، شارع فەلەستین، شۆریجە، مەدینە ســـەدر و چەند ناوچەیەکی دیکەی بەغدا نیشتەجێن".

دابەشـــبوونی کوردی بەغدا لەســـەر بنەمای مەزهەبـــی و تایفی، وایکـــردووە کە دەنگی کورد لەو شارەدا پەرتوبڵاو بێت، ئەو ئەندامە کوردەی ئەنجوومەنـــی پارێزگای بەغدا، باســـی لایەنێکی دیکەی خەمســـاردی دەنگدەری کـــورد دەکات و پێیوایە پارتە کوردییەکان تووشـــی کێشەیەکی گەورە بـــوون لە بەغدا چونکە "هـــەزاران کەس مووچە وەردەگرن و ئەندامن لەناو ئەو پارتانەدا، بـــەڵام ژمـــارەی دەنگـــدەری ئـــەو پارتانـــە لە هەڵبژاردنـــەکان زۆر کەمترن لـــە ژمارەی کادر و مووچەخۆرەکانیان".

گوتیشـــی "ژمارەیەکـــی زۆر لـــەو کەســـانە راســـتە بەناو کادرن و مووچەخۆرن لەنێو پارتە کوردییەکان، بەڵام دەنگ بەو پارتانە نادەن، یان خانەوادەکانیان دەنگ بەو پارتانە نادەن". فوئاد عەلی ئەکبەر گوتی کە ئەوان لەکاتی پرۆســـەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان کاریان لەسەر ئەو پرسە کردووە و بەشـــێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکان باســـیان کردووە و بە خیانەتەکار و بـــێ وەفا لەقەڵەمیان داون". بۆیە دەڵێـــت "داوامان لە پارتـــە کوردییەکان کردووە دووبـــارە چاو بخشـــێننەوە بـــە کادیرەکانیان و مووچەخۆرەکانیان".



یەکێک لە شەقامەکانی بەغدا (فۆتۆ: ڕووداو)

سەرباری ئەو قســـانە، کاتێک کوردانی بەغدا باسی دوورەپەرێزییان لە پارت و لایەنە سیاسییە کوردییـــەکان ڕووندەکەنەوە، گلەیـــی لە حیزبە کوردییـــەکان دەکەن کە بایەخیـــان پێنادەن و لەڕووی خزمەتگوزاریشەوە فەرامۆشکراون.

بـــەڵام فوئاد عەلی دەڵـــێ لەلایەن ئیئتیلافی دەوڵەتی یاساوە بەڵێنی ئەوەیان پێدراوە لیژنەی هاووڵاتیانـــی پێبـــدرێ لەنێـــو ئەنجوومەنەکەدا و ئـــەوە دەکاتـــە دەرفەتێک بـــۆ خزمەتکردنی کـــورد لە پایتەخـــت، هەرچەنـــدە داوای کردبوو پۆســـتی حکومییان پێبدرێ لە نێو بەغدا، بەڵام دەڵـــێ حکومەتی ناوخۆیی لەلایەن لیســـتەکانی موتەحیدوون، لیســـتی مواتن و لیستی ئەحرار، پێکهێنـــراوە و وەڵامیـــان نەداوەتـــەوە "ئێمەش بەشـــێوەیەکی بێلایەن مامەڵە لەگەڵ ســـەرجەم لیستەکاندا دەکەین".

داواشـــیکرد حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هاوکارییان بکات تاوەکـــو بتوانێ زیاتر خزمەتی کـــوردی بەغدا بـــکات و گوتیشـــی گەورەترین کێشەی کورد لە بەغدا "کێشەی ناسنامەیە، بۆیە هەوڵدەدەین یەکەم کارمان لەسەر ناسنامە بێ و خزمەتی بنەماڵەی شەهیدان بکەین و خزمەتگوزاری دابین بکەین".

لەسەرەتاوە وابڵاوکرابوەوە کە کاندیدی یەکێتی لە بەغـــدا براوە بووە، بـــەڵام دواتر کاندیدەکەی پارتـــی لە کۆمیســـیۆنی بـــاڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تانەی لـــە ئەنجامەکان دا. فوئاد عەلی بـــە نیگەرانییـــەوە دەڵێ بەداخـــەوە ئەو کاندیدە بەشێوەیەکی دوور لە گیانی نەتەوایەتی و یەکڕیزی مامەڵەی دەکرد "تەنانەت پۆســـتەری منیان دەدڕاند".

هەروەها دەڵێ "کاتێک تانەم لە هەڵبژاردنەکە دا، دەرکـــەوت ژمارەیەک لـــە دەنگەکانم هەژمار نەکرابوو، بۆیە بەشـــێوەیەکی فەرمی ئەندامێتی ئەنجوومەنەکـــەم بەدەســـتهێنا و ئـــەو کارەش بەشـــێوەیەکی فەرمـــی و یاســـایی ئەنجامدرا و چەند دادوەرێک و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەو ئەنجامەیان پەسەند کردبوو".

سەرەڕای ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی کورد لە هەریەک لە پارێزگاکانی دیالە و ســـەڵاحەدین کەم بوونەوە، بەڵام بۆ یەکەمینجار لە هەریەک لە پارێزگاکانی بەغدا و واست ئەندامی کورد گەیشتنە ئەنجوومەنی پارێزگا.

فوئاد عەلی دەڵێ هیواداارین لە قۆناغی داهاتوو کار بـــۆ کۆکردنـــەوەی دەنگی کـــورد بکەین لە بەغدا کە پەرتەوازە بووە و پاش ســـەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکان تێبینی ئەوە دەکرێت هەندێک لیســـتی کـــوردی ڕکابەریان لـــە هەڵبژاردنەکان خۆیان نزیک دەکەنەوە لێیان "بۆیە گەشبینین کە پێدەچێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، لیســـتە کوردییەکان لـــە بەغدا خۆیان لە بەرەیەکدا کۆبکەنەوە".

### حیزبەکان دواین کارتی فشاری خۆیان بەکاردێنن

# سەرۆکەکان خۆیان کاندید دەکەن و ناچنە پەرلەمان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەمـــوو حیـــزب و قـــەوارە سیاســـییەکان گەیشـــتوونەتە ئەو بڕوایـــەی، هەڵبژاردنەکانی داهاتوو قورســـترین گرەوی سیاسی دەبن و زۆر دژوارە لایەنێک بتوانێ هاوکێشـــە سیاسییەکە بگۆڕێ، بۆیە پەنایان بـــۆ دوایین کارتی بەهێز و کاریگەر بردووە، کە ئەویش دانانی سەرۆک و سکرتێرەکانیانە بە سەر لیستی کاندیدەکانیان بۆ پەرلەمان.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێـــت، دیاریکردنی ســـەرکردە و ســـەرۆکی حیزبـــەکان بۆ ســـەرۆکی لیســـتی هەڵبژاردن، پەیوەنـــدی بەوە هەیـــە کە حیزبـــەکان لەوە تێگەیشتوون ئەوە کاریگەری دەبێ بۆ ڕاکێشانی خەڵک.

ئەنـــوەر ســـەنگاوی گوتی کاتێـــک خەڵک دەبینێ ســـەرۆک یان سکرتێری حیزبەکە ناوی لە لیســـتی هەڵبژاردنی پەرلەماندایە و دەچێتە پەرلەمان دەنگـــی پێدەدا. ناوبـــراو بە گرنگی دەزانێت سەرۆکەکان لە نێو لیستی هەڵبژاردندا هەبن "بەڵام گرنگتر ئەوەیە دوای هەڵبژاردنەکان پاشەکشـــە نەکەن و کەســـێکی دیکە نەخەنە شـــوێنی خۆیان، تەنیا بۆ ڕاکێشـــانی دەنگی دەنگدەر نەبێ".

بڕیار بوو، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵ ئەنجام بدرێن، بەڵام ڕۆژی 2013/6/30 لە دانیشـــتنی پەرلەماندا، هەڵبژاردنی ســـەرۆکایەتی بۆ ماوەی 2 ســـاڵ دواخرا و پەرلەمانی کوردستانیش بۆ سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی داهاتوو دواخرا.

لە هەڵبژاردنـــی 25ی تەممـــوزی 2009دا، نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گـــۆڕان و محەممەد تۆفیق ڕەحیم، بەرپرســـی پەیوەندییەکانـــی بزووتنەوەکە لەنێو لیســـتی هەڵبژاردنەکاندا بوون بۆ پەرلەمانی کوردستان و دەرچوون، بەڵام دواتر ئەو سەرکردانە کشانەوە و خەڵکی دیکە لە شوێنیان بوونە پەرلەمانتار.

بەپێـــی زانیارییەکانی (ڕووداو)، نەوشـــیروان مســـتەفا جارێکی دیکە دەکرێتەوە بە سەرۆکی لیست.

بەڵام ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی ڕەتیکردەوە کە یەکلایی بوویێتەوە نەوشـــیروان مســـتەفا، ســـەرۆکی لیســـت بێت و گوتی "ئەوەندەی من بزانم هێشتا دیار نییە ئەو سەرۆکی لیست دەبێ یان نا"، جەبار جەلال گوتیشـــی "من بزانم ئەو تەکلیف کراوە سەرۆکی لیســـتی گۆڕان دیاری بکات".

هەڵبژاردنەکانـــی ئەمجـــارە، ڕکابەرێتییەکی قـــورس بەخۆوە دەبینێ بەو پێیەی هەریەک لە پارتی و یەکێتیش بە لیســـتی جیاواز بەشداری دەکەن و سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆنیش پێکەوە نین. تەنانەت لە نێوان سێ لایەنە ئیسلامییەکەشدا نەتوانرا لیستی هاوبەشی ئیسلامی دروستبکرێ. هەربۆیە هەرلایەک هەوڵ دەدات براوەی گەمەکە بێ.

بەو پێیەی یەکێتی هەڵبژاردنەکان بە دەرفەتی زێڕین دەزانێ بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە هێشتا هێزێکی کاریگەرە، هەموو قورســـایی خۆی لەو هەڵبژاردنەدا بەکاردێنێ و بزووتنەوەی گۆڕانیش چـــاوی بڕیوەتـــە هەولێر و لە هەمانکاتیشـــدا نایەوێ لە ســـلێمانی کەمتر لەو دەنگانە بهێنێ کە لە 2009دا خۆی پێکردە هێزی یەکەمی ئەو شارە. لەولاشـــەوە پارتی چاوی لەوەیە هەر بە هێزی یەکـــەم بمێنێتەوە. هەموو ئەمانە هێمای نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنێکی تەواو ئاڵۆزن.

سەرۆکی لیستی یەکێتی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردســـتان وەکو ڕاگەیێنرا، جەلال تاڵەبانییـــە کە مـــاوەی زیاتر لـــە 6 مانگە لە ئەڵمانیایە بۆ چارەســـەری پزیشـــکی، ئەمە بۆ یەکێتی شـــکاندنی دوو نیشانەیە بە بەردێک کە دەیـــەوێ بەو کارە بە لایەنگرانی بڵێت تاڵەبانی تەندروســـتی باشـــە و هاوکات دەنگێکی باشتر کۆبکاتەوە.

لەتیف شـــێخ عومەر ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە کەسایەتی تاڵەبانی کەسایەتییەکی گەورەی خاوەن جەماوەرە و سیمبولێکی دیارە. گوتیشی "بەڵام بەڕای من باش نییە کەسایەتی مـــام جەلال، بخرێتە نێو بانگەشـــە و ململانێی هەڵبژاردنەوە". بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، حیزبی سۆسیالیســـتی دیموکراتی کوردستان، محەممەدی حاجی مەحموودی کردووەتە سەرۆک لیســـت، هەرچەندە عەبدوڵڵای حاجی مەحمود گوتی "هێشـــتا دیار نییـــە". هەروەها حیزبی شیوعی کوردستان، عەزیز محەممەد، سەرۆکی پێشووی حیزبەکەی وەک سەرۆک لیست داناوە.

بەهۆی ئەوەی عەلی باپیر، لە هەڵبژاردنەکانی 2010ی پەرلەمانی عێراقدا ســـەرۆکی لیســـتی کۆمەڵی ئیســـلامی بووە، کۆمەڵی ئیســـلامی کەســـێکی دیکە دەکاتە سەرۆک لیست، ئەنوەر ســـەنگاوی دەڵێ "ئەمیری کۆمەڵی ئیســـلامی پابەند بوو بەو بەڵێنەی بە خەڵکی دابوو، چونکە چـــووە پەرلەمان و ئێســـتاش پەرلەمانتارە لە بەغدا".

لەلایەکی دیکەوە، بەو پێیەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، پارتی نێچیرڤان بارزانـــی کردووەتە ســـەرۆکی لیســـت و وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی گوتی "نێچیرڤان بارزانـــی، خاوەنی دەنگ و قورســـاییەکی زۆری جەماوەرییـــە و لەنێو خەڵکدا خۆشەویســـتە". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتـــەوە هەروەها گوتی "ئـــەوە بیرۆکەی مەکتەبی سیاسییە".

مامۆستایەکی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکـــۆی ســـلێمانی پێیوایە بەشـــداریکردنی سەرکردەی حیزبەکان لەنێو پەرلەماندا، کارێکی شارستانی و هاوچەرخانەیە و کاریگەری باشی دەبێ "بەڵام بەو مەرجەی تەنیا بۆ کۆکردنەوەی دەنگ نەبێ و دواتر ســـیمای پرۆسەکە ناشیرین نەکەن بەکشانەوەیان". د.سەردار قادر، گوتیشی "بەڵام کاتێک هەڵبژاردنەکان تەواو دەبێ و ئەوان ناچنە پەرلەمانەوە، لەوانەیە دەنگدەر بۆ جاری داهاتوو متمانەیان پێنەکات".

## ئینتەرنێت لە ژنە شاعیرێکی مەریوان قەدەخە دەکرێت

**رووداو-مەریوان**

بەپێی راپۆرتی کەمپینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی "شنۆ رەحیمی، شاعیر و مامۆستای دانیشتوی شاری مەریوان لەم مانگانەی دواییدا خراوەتە ژێر فشاری هێزەکانی سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی شارەکە" ئەو شاعیرە جیا لەوەی کە چەند جارێکی دیکە بانگێشتی دەزگای ئیتلاعات کراوە لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعات هەڕەشەی لێکراوە و چوونە دەرەوەی وڵاتی لێ قەدەغە کراوە و مافی بە کارهێنانی ئینتەرنێتی لێ زەوت کراوە. شنۆ رەحمی ئێستا مامۆستای یەکێک لەقوتابخانەکانی شاری مەریوانە .



کوردستانی
رووداو
ژمارە (267) دووشەممە 2013/7/1

### دەڵێت ناگەڕێمەوە ناو PKK

# عوسمان ئۆجەلان داوای دیالۆگ لە PKK دەکات

## "PKK پێویستی بە ئاشتبوونەوەی ناوخۆیی هەیە"



**فەرمان چۆمانی**
**رووداو-رانیە**

عوسمان ئۆجەلان، یەکێک لە سەرکردەکانی پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری حیزبەکە، رایگەیاند کە دەیەوێ خەباتێکی هاوبەش لەگەڵ PKK دەستپێبکات، بەڵام PKK هەنگاو نانێت.

لەدوای ساڵی 2004ەوە چەندین سەرکردەی دیاری PKK لەو حیزبە جیابوونەوە، لەوانەش عوسمان ئۆجەلان، نیزامەدین تاج (بۆتان)، خەلیل ئاتاج (ئەبوبەکر)، کە ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK بوون، هەروەها خدر ساری قایا (ئەکرەم)، سەرحەد، کانی یەلماز و عەلی گورسون و چەندین ئەندامی دیکەی بەرپرس.

بەگوێرەی هەندێک زانیاری، پارتی کرێکارانی کوردستان لێبوردنی بۆ ئەو کەسانە دەرکردووە کە جیابوونەتەوە. عوسمان ئۆجەلان هەرچەندە بێئاگایی خۆی لەو هەواڵە نیشاندا، بەڵام گوتی "ئامادەم خەباتی هاوبەش لەگەڵ PKK بکەم".

لەلای خۆیەوە ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا دەنگۆی دەرکردنی لێبوردنی رەتکردەوە و بە (رووداو)ی راگەیاند "شتی وا لە گۆڕێ نییە".

عوسمان ئۆجەلان لە هەڤپەیڤینێکدا بە (رووداو)ی گوت "زۆرجار هەوڵمداوە لەگەڵ PKK دیالۆگ بکەم لەپێناوی پێشخستنی پێڤاژۆی ئاشتی لە تورکیا، بەڵام ئەوان هەنگاویان نەهاویشتووە، ئێستا کە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لە رۆژەڤدایە، PKK پێویستی بە ئاشتبوونەوەی ناوخۆیی هەیە، زۆر کەس لە PKK جیابوونەتەوە، ئەگەر PKK لە ناوخۆی خۆیدا گۆڕانکاری بکات باوەڕم وایە بۆ یەکێتی نەتەوەیی زۆر گرنگە و بایەخی دەبێت بۆ پێشڤەچوونی پرۆسەی ئاشتی".

سەبارەت بە گەڕانەوەشی بۆ ناو PKK ئەگەر ئەو لێبوردنە راست بێت، عوسمان ئۆجەلان گوتی "من بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕەوە لە PKK جیابوومەوە، لەکاتی خۆیدا دەمویست بەرێگای ئاشتی پرسی کورد چارەسەر بکرێت، ئەوان دەیانگوت بە چەکداری، ئێستاش کە ئەوان بیروبۆچوونیان گۆڕاوە و رێگای سیاسییان هەڵبژاردووە، ئەمە خاڵێکی گرنگە و دەمەوێت خەباتی هاوبەش لەگەڵ PKK بکەم، بەڵام نابمەوە PKK و هیچ بە پێویستیشی نازانم ببمەوە PKK".

براکەی سەرۆکی PKK گوتیشی "ئەوانەی وەکو من جیابوونەتەوە ژمارەیان هەزارانە و هەریەکەیان کارێک دەکات، هەیانە لەناو هەرێمی کوردستانە و هەیانە لە تورکیا و ئەوروپا بە کاری راگەیاندن یان بازرگانییەوە خەریکن".

عوسمان ئۆجەلان بە پێویستی دەزانێت PKK داوای لێبوردن لەو کەسانە بکات کە جیابوونەتەوە "چونکە PKK قسەی باشی لەسەر ئەوانە نەکردووە و بە خائین ناوی بردوون، من خۆم جیابوومەتەوە، هیچ شتێکم بەرامبەر PKK نەکردووە، بۆ دەبێت خائین بم؟" گوتیشی "پێویستم بەوە نییە نە تورکیا نە PKK لێبوردنی گشتیم بۆ دەربکات تا بچمەوە ناویان، بەڵام دەمەوێت کاری هاوبەش لەگەڵ PKK بکەم".

ئەحمەد دەنیز سەبارەت بە دەرکردنی لێبوردن بۆ کادیرە تووڕەبووەکانی PKK لە ئایندەدا گوتی "ئەوە پێویستی بە کۆبوونەوەی گەورە هەیە، بەڵام تا ئێستا شتێکی لەو بابەتە نییە".

# گەورەترین ڕێکخراوی ئۆپۆزسیۆنی ئێران داوای ئۆتۆنۆمی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات

**ناسر پیرۆتی**
**رووداو- هەولێر**

کۆبوونەوەی ساڵانەی یادی دامەزراندنی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران هەفتەی رابردوو لە شاری پاریس بەڕێوەچوو و سەرچاوەکانی راگەیاندنی ئەو رێکخراوە دەڵێن زیاتر لە 100 هەزار کەس بە دروشمی "بەرەو ئازادی" لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون.

مریەم رەجەوی کە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرگری ئێران وەکو سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە دەناسێنرێت، لەو کۆبوونەوەیەدا رایگەیاند "پابەند دەبین بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران کە پێشتر لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرگری ئێران پەسند کراوە".

ئەگەرچی لە ساڵانی رابردوودا، زۆربەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پلانی سیاسییاندا دروشمی ئۆتۆنۆمییان بە سیستمی فیدراڵی گۆڕیوە، بەڵام دەڵێن لەسەر بنەمای دیموکراسی و مافی نەتەوەیی کورد ئامادەن هاوکاری لەگەڵ هەر لایەنێکی ئێرانی بکەن.

محەممەد ساڵح قادری، بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) پێیوایە "هێنانەوە گۆڕی پرسی کورد لەلایەن رێکخراوی موجاهیدینی خەڵق لە دوای چەندین ساڵ، ئاماژەیە بۆ پێگە و قورسایی کورد لە ئێراندا کە هیچ لایەنێک ناتوانێت لەبەر چاوی نەگرێ".

بەبۆچوونی ئەو بەرپرسەی حدکا، دەکرێ پەیامی لێکنزیکبوونەوە و هاوکاری نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و کوردیش لە لێدوانەکانی بەرپرسی یەکەمی ئێستای رێکخراوی موجاهیدین وەربگیرێت.

مریەم رەجەوی، لە قسەکانیدا باسی لە مافی یەکسان بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا کرد و گوتی هەوڵدەدەن لە ئێرانی داهاتوودا هەموو بە یەکسانی بژین. لە بەرامبەر ئەو قسانەیدا، زۆربەی لایەنەکان موجاهیدینی خەڵق بە رێکخراوێکی داخراو دەزانن.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوەی تەنیا رێکخراوی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ رێکخراوی موجاهیدین هەیە، بەڵام تا ئێستا نەبووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرگری ئێران.

کامیل نورانی فەرد، بەرپرسی راگەیاندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند، رێکخراوی موجاهیدین ئەنجوومەنی نیشتمانی بەڕێوە دەبات و هەر لایەنێک کە ببێتە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە تا رادەیەک سەربەخۆیی بڕیاردان لە دەست دەدات و دەکەوێتە چوارچێوەیەکی بەرتەسک.

رێکخراوی موجاهیدینی خەڵق خۆی بە گەورەترین رێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئێران دەزانێ کە زۆر لایەنیش ئەو بانگەشەیەی بۆ پشتڕاست دەکەنەوە.

بەرپرسی راگەیاندنی سازمانی خەبات پێیوایە ئەگەر هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بیانەوێت لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە، دەبێ لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی سەرانسەری ئێران هاوکارییان هەبێت. ئەو گوتیشی "موجاهیدینی خەڵق گەورەترین و بەهێزترین هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانە و دانیش بە بەشێک لە مافەکانی کورد دادەنێت، بۆیە گونجاوترین لایەنە، کە کورد پەیوەندی لەگەڵی هەبێ".

موجاهیدینی خەڵقی ئێران لەساڵی 1980ـەوە شەڕی چەکداری دژی کۆماری ئیسلامی ئێران راگەیاندووە. ئەو رێکخراوە ساڵی 1981 بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرگری ئێران"ی پێکهێناوە.

ئەو ئەنجوومەنە بە پێشنیازی حدکا گەڵاڵەیەکی 10 خاڵی پەسند کرد کە تێیدا داوای جێگیرکردنی سیستمی ئۆتۆنۆمی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و دان بە چەوساندنەوەی سیاسی، ئابووری و کەلتووری خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەنێت. حیزبی دیموکرات دوای دوو ساڵ رایگەیاند بەهۆی سیاسەتی تاکڕەوانەی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵق لە ئەنجوومەنی نیشتمانی هاتووەتە دەرەوە و موجاهیدینیش گوتی کە حدکا بە پێچەوانەی پرەنسیپی ئەنجوومەنی نیشتمانی وتووێژی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران کردووە و بەوهۆیەوە لەو ئەنجوومەنە دەرکراوە.

لە ماوەی شەڕی 8 ساڵەی نێوان ئێران و عێراقدا، رێکخراوی موجاهیدین چەند جارێک هێرشی کردە سەر ئێران. دوایین جار لە ساڵی 1988 بەشێک لە ناوچەکانی پارێزگای کرماشانی بۆ ماوەیەکی کەم خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، بەڵام دواتر بۆ قووڵایی خاکی عێراق پاشەکشەیان کرد و لە کەمپی ئەشرەف لە پارێزگای دیالە نیشتەجێ کران.

دوای رووخانی حکومەتی عێراق لەساڵی 2003، بەغدا ئەندامانی ئەو رێکخراوەی چەک کرد و داوای لێکردن خاکی عێراق جێبهێڵن. هەرچەندە موجاهیدین لە سەرەتادا ئەو داوایەی قبوڵ نەکرد، بەڵام دوای چەندین هێرشی سوپای عێراق و چەکدارانی نەناسراو رازی بوون کە بۆ وڵاتانی دیکە بگوازرێنەوە.

بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدین لە عێراق لە نێوان 2500 تا 3000 کەسە کە ئێستا لە کەمپی لیبێرتی بەغدا نیشتەجێکراون و چاوەڕێی ناردنیان بۆ وڵاتێکی دیکە دەکەن. بەگوێرەی ئامارێکی نافەرمی، 400 کەس لە ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لەو کەمپە کوردن. زۆربەی ئەندامانی کوردی ئەو رێکخراوە خەڵکی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستانن.



### بارام وەلەدبەگی، سەرۆکی ئەنستیتوتی کورد لە تاران:

# کاتی ئەوە هاتووە کورد لە ئێران حیزبێکی یاسایان هەبێ

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی ئەنستیتوتی کورد لە تاران سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا لە قسەکانی حەسەن رووحانی، سەرۆک کۆماری نوێی ئێران کاتێک گوتی "ئێمە کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەمان نییە". وەلەدبەگی گوتی "رووحانی ناتوانێ نەتەوە نا فارسەکان نادیدە بگرێ".

کورد بەشداری بەرچاوی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئێراندا کرد و نزیکەی 70%یشیان دەنگیان بە حەسەن رووحانی، کاندیدی ریفۆرمخوازان دا. کاتێک رووحانی سەردانی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد، گوتی ئەو لە کابینەکەیدا نەتەوەکانی ئێران فەرامۆش ناکات. بەڵام چەند رۆژێک لەمەوبەر لە لێدوانێکیدا نەتەوە نافارسەکانی ئێرانی بە "وردە فەرهەنگ" ناوبرد.

مەولەوی عەبدولحەمید، ئیمامی جومعەی شاری زاهیدان، کە کەسایەتییەکی سوننەیە، دوای بینینی رووحانی رایگەیاند زیاتر لەو چاوەڕوانییەی ئێمە هەمانبوو، رووحانی گرنگی بە کەمینەکان دەدات.


سەرۆک کۆماری ئێران سەرقاڵی پێکهێنانی کابینەکەیەتی، بەپێی ئەو بەڵێنانەی پێش هەڵبژاردن بە کەمینە نەتەوەکانی دابوو، ئاماژە بەوە دەکرێت کە جێگرێک و دوو وەزیر لە کەمینەکانی ئێران بن.

جەلال جەلالیزادە، کە نوێنەری پێشووی شاری مهاباد بوو لە پەرلەمانی ئێران و ئێستاش بە کەسایەتییەکی کوردی نزیک لە رووحانی دادەنرێ بە (رووداو)ی گوت "رووحانی بۆ جێبەجێکردنی دەستووری بنچینەیی ئێران، هەروەها نەهێشتنی هەڵاواردن، کەڵک وەرگرتن لە کورد پۆستە حکومییەکان بەڵێنی داوە، بەڵام ئاماژەی بە پۆستێکی دیاریکراو نەداوە".

بەڵام حەسەن رووحانی رۆژی شەممەی رابردوو لە ناوەندی دەنگ و رەنگی ئێران (صدا و سیمای ئیران) رایگەیاند "ئێمە کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەمان نییە، بەڵکو یەک دەوڵەتی ئێران و یەک نەتەوەی ئێرانیمان هەیە کە لە بواری مەعنەوی ئیسلامدا هەناسە دەدەین".

هەندێک لە چاودێران پێیانوایە ئەوە ئاماژەیەکە بۆ هەڵگەڕانەوەی حەسەن رووحانی لەو بەڵێنانەی بە نەتەوە نافارسەکانی ئێرانی دابوو.

بارام وەلەدبەگی، سەرۆکی ئەنستیتوتی کورد لە تاران، کە میوانی بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی Rudaw بوو، سەرسوڕمانی خۆی لەو قسانەی رووحانی دەربڕی و گوتی "رووحانی یەکێکە لە مەلا خوێندەوارەکانی ئێران، کە بەرپرسی یەکەم سەنتەری دیراساتی ستراتیژی بووە لە ئێران، لەو سەنتەرەدا بەشێکیان هەیە بە ناوی نەتەوەکان".



**لە سەردەمی مەحموود ئەحمەدی نەژاد یەک کاری فەرهەنگیمان نەکرد**

لە ئێران جگە لە نەتەوەی فارس کە نزیکەی 55%ی ئێران پێکدێنن، نەتەوەی کورد، ئازەر، تورک، عەرەب و بەلوچ هەن. بارام وەلەدبەگی دەڵێت "رووحانی ناتوانێت ئەو نەتەوانە نادیدە بگرێ، نازانم چۆن ئەو قسەیەی کردووە".

بە بڕوای بارام وەلەدبەگی هێشتا زووە بڕیار لەسەر ئایدیای رووحانی بدرێت بەرامبەر بە نەتەوەکانی ئێران و گوتی "دەبێ چاوەڕێی پێکهێنانی کابینەکەی بکەین، چونکە وەزیر و یاریدەدەرەکانی تەمسیلی سیاسەتەکانی رووحانی دەکەن".

رووحانی پێش هەڵبژاردنەکان بەڵێنی زۆری بە کورد داو لە شاری سنە باسی لە "ئاشتی میللی" کرد. وەلەدبەگی پێیوایە ئەو قسەیەی رووحانی، دەکرێت کاری لەسەر بکرێ و ببێتە بنەمایەک بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران.

### خراپترین سەردەمی فەرهەنگی لە ئێران

بارام وەلەدبەگی لەسەردەمی محەممەد خاتەمی، سەرۆکی پێشووتری ئێران و دواتریش مەحموود ئەحمەدی نەژاد و ئێستاش رووحانی کاری فەرهەنگی دەکات لە تاران. ئەو پێیوایە سەردەمی نەژاد خراپترین سەردەم بووە بۆ کاری فەرهەنگی لە ئێران و گوتی "ئێمە لە سەردەمی نەژاد هیچ کارێکی فەرهەنگیمان نەکرد، خراپترین دەورانی فەرهەنگی کورد بوو لە 30 ساڵی رابردوودا، هەموو رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی داخست". بەڵام وەلەدبەگی گەشبینە بە سەردەمی رووحانی.

لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەو دواییەی کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر باس لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی باکووری کوردستان دەکرێت. بەڵام بارام وەلەدبەگی دەڵێت "دەبێ ئێمە واقیعبین بین، ئێران تەعریفی خۆی هەیە، دەبێ ئێمەش پلاتفۆرم و بەرنامە و ستراتیژمان هەبێ بۆ چارەسەری پرسی کورد".

### کاتی دامەزراندنی حیزبێکی کوردی هاتووە

هەرچەندە ژمارەی کورد لە ئێران بە 10-12 ملیۆن دەخەملێندرێت، بەڵام هیچ حیزبێکی کوردی لە ناوخۆی ئێران نییە، تەنیا چەند کۆمەڵەیەکی فەرهەنگی هەن. هەرچەندە لەسەردەمی خاتەمیدا کرانەوەیەک هەبوو بۆ دروستکردنی حیزب، بەڵام کورد هیچ سوودێکی لەو کرانەوەیە نەبینی.

بارام وەلەدبەگی پێیوایە پێکهاتەی سوونەتی و کلاسیکی ئێران رێگەی دامەزراندن و گەشەسەندنی حیزبی سەخت کردووە "بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە کورد حیزبی نەبێ، کاتی ئەوە هاتووە کورد لە ئێران بیر لەو مەسەلەیە بکاتەوە".

## دیلەکانی شەڕی کوێت داوای قەرەبۆ دەکەن



**رووداو- هەولێر**

ئەو سـەربازە کوردانەی لەسـەردەمی جەنگی کوێت بە دیل گیرابوون داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن قەرەبوویان بکاتەوە. ژمارەیەک لە سەربازە دیلکراوەکان بە نوێنەرایەتی 4000 سـەربازی دیلکراو، سەردانی نووسینگەی سلێمانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیان کرد. ئەو دیلکراوانە داوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەن فشار بخاتە سەر حکومەتی ناوەند تاکو قەرەبۆیان بکاتەوە و خانەنشینیان بکات و زەویشیان بداتێ. عوزێر حافز، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاداشتەکەی لێوەرگرتن و بەڵێنی پێدان بە دواداچوون بۆ کێشەکەیان بکات.

# کوردستان لە دەرچوونی عێراق لەژێر بەندی حەوتەم ناترسێ

**نەوزاد مەحمود و میران حوسێن**
**رووداو- سلێمانی**

لـە دوای رووخاندنـی رژێمـی سـەددام حوسێنەوە، هیچ شـتێک بەرپرسانی عێراقی هێندەی دوایین بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتـی دڵخۆش نەکـردووە کە عێراقی لە ژێـر باری بەندی حەوتەمـی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرهێنا. پەرلەمانتارێکی ئیئتیلافی عێراقییە لەوبارەوە دەڵێ "هەرچەندە پێکهاتـەکان دەکەونـە مەترسـییەوە، بەڵام ئەو بڕیارە دەسـتکەوتێکی نێودەوڵەتی باشە بـۆ عێراق". بەرپرسـێکی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانیش دەڵێت ئەو بڕیارە "کاریگەری نەرێنی لەسەر کورد نابێ".

ماوەی 23 ساڵە عێراق لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشـەوە خراوەتە بن باری سزاکانی بەندی حەوتەم، لەو چوارچێوەیەشدا گەمارۆ دراوە و پەیوەندییە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی سـنووردارکراوە، ئـەوەش لـە سـایەی ئەو سیاسەتە شەڕانگێزییەوە هاتە ئاراوە کە رژێمی سەددام حوسێن پەیڕەوی دەکرد، بەتایبەتیش پاش ئەوەی کوێتی دراوسێی داگیرکرد. بەڵام بەرپرسانی ئێستای عێراق، دڵخۆشی دەردەبڕن بە رزگاربوون لەو سزایە.

رۆژی 2013/6/27 ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆبووەوە بۆ قسـەکردن لەسـەر دەرهێنانـی عێراق لـە ژێر بەنـدی حەوت، ئەنجوومەنەکـە بڕیاری دا عێراق لە ژێر بەندی حەوتەم دەربهێنێ و بیخاتە ژێری بەندی 6.

لەبید عەبباوی، جێگری پێشـووی وەزیری دەرەوەی عێراق پێیوایە لابردنی سزاکانی بەندی حەوت لەسەر عێراق دەبێتە مایەی گەشەکردنی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی عێراق "لابردنی ئەو سزایانە رێگا خۆشکەر دەبێت بۆ عێـراق، تاوەکو پەیوەندی ئاسـایی هەبێت و بەئازادانە هەموو جۆرە گرێبەستێک ئیمزا بکات لەگەڵ وڵاتانی جیهان".

عەببـاوی دەڵێ بەهۆی سـزاکانەوە عێراق نەیتوانیوە بەشـێوەیەکی ئاسـایی پەیوەندی هەبێت لەگەڵ رێکخـراوەکان و وڵاتانی جیهان "چونکە لە رابردوودا عێراق بانگهێشتی کۆنگرە و کۆنفرانسـە جیهانییەکان نەدەکرا و هەندێک وڵات تەنانەت ڤیزایـان نەدەدایە دیبلۆماتکارە عێراقییەکان".

بەهۆی ناکۆکی و کێشە سیاسی و ئەتنیکی و تائیفییە نێوخۆییەکانەوە، عێراقییەکان وەک یەک پێشـوازی لە هەواڵەکـە ناکەن، چونکە هەندێک لە پێکهاتەکان و بەتایبەتی کەمینەکان، لەو بڕوایەدان لەمەودوا حکومەتی عێراق دەستی کراوەتر دەبێ و دەبێتە مەترسـییەک بەسەر گیانیانەوە و بە دووریشی نازانن دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و تاکڕەویان بۆ بەرهەمبهێنێتەوە.

عامر حەسەن فەیاز، راگری کۆلێژی زانستە رامیارییـەکان لـە زانکۆی نەهرێـن دەڵێت، دەرکردنـی عێراق لە سـزاکانی بەندی حەوت کاریگەریـی نێگەتیـڤ و پۆزەتیڤـی دەبێت لەسـەر عێراق "کاریگـەری پۆزەتیڤی ئەوەیە عێراق دەتوانێت بەشێوەیەکی ئازادانە مامەڵە بە داهاتەکانی نەوتەوە بکات، چونکە ئێسـتا سـەرجەم داهاتەکانی دەچێت بۆ سـندووقی پەرەپێدانی عێـراق". هەروەهـا دەڵێ پاش ئەوەی بڕێک لەو داهاتانە تەرخان دەکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی کوێت، ئینجا رێگا بە عێراق دەدەرێت مامەڵە بە داهاتەکانی نەتەوە بکات.

عامـر حەسـەن فەیـاز، باسـی لایەنـە نێگەتیڤەکانـی ئـەو بڕیـارەی ئەنجوومەنی ئاسـایش دەکات و دەڵێت "لایەنی نەگەتیڤی لابردنی ئەو سـزایانە ئەوەیە کە سەرجەم ئەو وڵاتانەی قەرزیان لەلای عێراقە دەتوانن داوای قەرزەکانیـان بکەنەوە، بۆیـە دەبێت عێراق هەوڵێکی زۆر بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قەرەبووکردنەوەی لایەنەکان".

فەیاز لایەنە سیاسییەکانی پشت ئەو رووداوە دەخوێنێتەوە و پێیوایە عێراق سـەرجەم سزا سیاسییەکانی لەسـەر لادەچێت "هاوشێوەی وڵاتێکی ئاسایی و خاوەن سەرەوەری مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت".

هەر لە ئێسـتاوە ئیئتیلافـی عێراقییە کە نوێنەرایەتی سـوننەی عەرەب دەکات، ترس و دڵەڕاوکێی خۆیان لەوبارەیەوە نیشانداوە.

حەیدەر مولـلا، پەرلەمانتـاری عێراقییە هەرچەندە دەڵێ دەرکردنی عێراق لەژێر بەندی حـەوت ئامانجی هەمـوو لایەنەکانی عێراقە، بەڵام گوتیشی "سەرەڕای بوونی مەترسی زۆر لەسـەر ئەوەی دەرکردنی عێراق لەژێر بەندی حەوت، دەسـتی حکومەتی عێراق والا دەکات بەرامبەر پێکهاتەکانی عێراق"، گوتیشی "بەڵام ئەو مەترسییانە پاساو نین بۆ رازیبوون لەسەر مانەوەی عێراق لەژێر سزاکانی بەندی حەوت".

کورد تەنیا لە گۆشە نیگایەکەوە ئەو بابەتە دەخوێنێتەوە، ئەویش ئەو پرسیارەیە ئاخۆ دواتر عێراق چۆن مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات؟ بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکانی درێژە بەگفتوگۆ دەدات، یان هێزی سـەربازی نیشان دەدات.



فەریـق سـەرەوەر قادر، شـارەزا لە بواری سـەربازی، پێیوایە دەرکردنی عێـراق لەژێر بەنـدی حەوت رێگا بە سـوپای عێراق دەدات "ببێتە خـاوەن چەکی پێشـکەوتوو، دەبێت هەمووان کار بۆ ئەوە بکەین کە ئەو سـزایانە لەسـەر عێراق لابدرێن". گوتیشی لابردنی ئەو سـزایانە و بەهێزبوونی سـوپای عێراق، هیچ هەڕەشەیەکی نییە لەسەر هەرێمی کوردستان "دەبێت هەموو پابەند بین بە دەستووری عێراق و سـوپای عێراق سـوپای هەمووانە و کڕینی چەکی پێشکەوتوو و قورس، هیچ مەترسییەکی نییە لەسەر هەرێمی کوردستان".

دیندار زێباری، رێکخەری کاروباری حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێیوانییە دەرچوونی عێراق لە ژێر بەندی حەوت بەو مانایە بێت کە لە ژێرچاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رزگاری بووە بە یەکجاریی و دەڵێ "چاودێری لەسەر دەمێنێ و دەبێ پابەندبێ بە رۆڵی یونامی لە عێراق".

دینـدار زێبـاری، پێیوایە عێـراق ناتوانێ ئینکاریـی چاودێـری نێودەوڵەتـیی بکات و هاوکات پێشـیوایە "میکانیزمـی دیکە هەیە بـۆ چاودێریکردنی عێراق، بەوپێیەی هێشـتا لەڕووی نێوخۆییەوە سەقامگیر نییە بە تەواوی و نێـردەی نەتەوە یەکگرتـووەکان لەم وڵاتە دەمێنێتەوە".

زێباری، بەپێچەوانـەوە پێیوایە جموجوڵە سیاسـی و دیپلۆماتـی و ئابوورییەکانـی هەرێمی کوردسـتان بەو بڕیـارە خاو نابنەوە و دەڵێ لـە راپۆرتەکانی ئەم دواییەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی ئەوە کراوە کە "هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی باشی بە خۆیەوە بینیوە و UN جموجوڵی خۆی لە کوردسـتان ئاسـایی دەکاتەوە و لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک ئاژانسەکانی چالاک دەکات و رۆڵی زیاتر دەبێ".

دوای دەرهێنانی عێراق لە ژێر بەندی حەوتەم، حکومەتی بەغدا دەتوانێ هاوشێوەی سەردەمی سـەددام حوسێن گرێبەستی زەبەلاحی کڕینی چەک و ئابووری لەگەڵ وڵاتان دەستپێبکاتەوە، مامۆسـتایەکی زانسـتە سیاسـییەکان لـە زانکۆی سـلێمانی، لایەنە نێگەتیڤەکانی دوای بەنـدی 7 زیاتر دەبینێ بە نیسـبەت هەرێمی کوردستانەوە.

پێشـڕەو حەمەجان، مامۆسـتای زانستە سیاسـییەکان دەڵێ مادام لە رووی یاساییەوە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی هەرێمی کوردستان پابەندی دەستووری عێراقە، جێگەی خۆیەتی هەسـت بە مەترسـی بکەین لە حکومەتێکی دەسـتکراوەتر لە عێراقدا "گومانی تێدا نییە مالیکی و حکومەتەکەی بە تەواوەتی سەروەری و سـەربەخۆیی بۆ دەگەڕێتەوە". گوتیشـی "هەموو پـارە بلۆککراوەکانی بۆ دەگەڕێتەوە، دەتوانێ چەکـی قورس بکـڕێ، رێککەوتنی سەربازی مۆر بکات".

عێـراق لەژێر بەندی حەوتـی ئەنجوومەنی ئاسـایش رووبەڕووی کێشـەی زۆری سیاسی و ئابـووری و کۆمەڵایەتی بـووەوە، هەروەها پەیوەندییە دیبلۆماسـییەکانی عێراقی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری وڵاتان لاوازکردبوو.

بـە دەرچوونی عێـراق لەژێر ئـەو بارە، راسـتەوخۆ دەچێتە ژێر باری بەندی شەشەم و پێگـە و سـەروەری بـۆ دەگەڕێتەوەو هیچ سـزایەکی لەسـەر نامێنێ، تەنیـا دانەوەی قەرزەکانی نەبێ.

هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند، عێراق لەمەودوا وڵاتێکی ئازادە و بۆ ساڵی 2015 هیچ قەرزێکی لەسەر نامێنێ. هەر دوای دەرکردنی عێراق لەژێر بەندی حەوتەم، نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەشـکرد و گوتی "عێراق لەمەودوا ئازادە و لەژێر باری ئەو بەندە دەرچوو کە بەهۆی سیستمی دیکتاتۆری پێشووتر بەسەریدا سەپابوو".

## د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

# سەردانی بارزانی و مالیکی بۆ مۆسکۆ پەیوەندیان بەیەکەوە نییە

### لە سەردانەکەی مۆسکۆ باسی کڕینی چەک نەکراوە

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رەتیکردەوە سـەردانە یەک لـەدوای یەکەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی عێـراق پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەبێ و گوتی "سەردانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سان پترسبۆرگ بۆ بەشداریکردن بوو لە مونتەدایەکی ئابووری و لە زووەوە داوەت کرابوو".

رۆژی 2013/6/19 مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان بە یاوەری شاندێک گەیشتە شاری سان پترسبۆرگی رووسیا بۆ بەشداریکردن لـە مونتەدایەکـی ئابـووری. هەروەهـا دوێنێ یەکشـەممە نـوری مالیکی سـەرۆک وەزیرانی عێراقیش بە سەردانێک گەیشتە شاری مۆسکۆ. لە ماوەی ئەمساڵدا بارزانی و مالیکی ئەوە دووەمجارە سەردانی رووسیا دەکەن.

سەردانەکان پەیوەندییان بە یەکدییەوە نییە

هەندێک لە چاودێران لێکدانەوەی جیا جیا بۆ سەردانەکەی مالیکی و بارزانی دەکەن، بە تایبەتی دوای دەرچوونی عێراق لەبن باری بەندی حەوتی ئەنجوومەنی ئاسایش، هەندێک دەڵێن بارزانی بۆ دڵنیابوونەوە لە نیازی رووسیا لە فرۆشتنی چەک بە عێراق سەردانی رووسیای کردووە.

بـەڵام فوئـاد حوسـێن، سـەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە گوتی "نەخێـر ئەوە وا نییە، چونکە ئێمە لە مۆسـکۆ نەبووین، لە سان پترسبۆرگ بووین بۆ بەشداریکردن لە مونتەدایەکی ئابووری". گوتیشی "سەردانەکەی مالیکی بۆ بەشداریکردنە لە کۆنگرەیەک کە تایبەتە بەو وڵاتانەی غازیان هەیە".

### "رووسیا دەرگای پەیوەندی داخستبوو"

لە کاتی بەڕێوەچوونی مونتەدایەکە، سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان لەگەڵ وەزیـری دەرەوەی رووسـیا کۆبووەوە، سـەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە، د.فوئاد حوسێن گوتی "دانیشتنەکە دەربارەی بارودۆخی گشـتی سیاسی بوو، دۆخی کـورد، پەیوەندی کـورد و رووسـیا، هەروەها دەربارەی سووریا بوو".

زۆرتر کورد بە دۆستی ئەمریکا ناسراوە، بەڵام لە چەند سـاڵی رابردوودا لە رووسـیاش نزیک بووەتەوە، ئاخۆ هەرێمی کوردسـتان دەتوانێ هاوسەنگی لە نێوان هەردوو جەمسەری ئەمریکا و رووسیا رابگرێ؟ د.فوئاد حوسێن لەو بارەیەوە دەڵێت "سیاسـەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە دۆست بێ لەگەڵ هەموو دەوڵەتان، کاتی خۆی رووسـیا دەرگای نەکردەوە، کە رووسیا دەرگای کردەوە واجبی هەرێمی کوردستان بوو ئەو هەلە بقۆزێتـەوە و ئەو پەیوەندییە دروسـت بکات، ئەوەش لە بەرژەوەندی هەردوولایە".

### باسی نابووکۆ نەکراوە

هەرچەندە وا چاوەڕوان دەکرا لە سەردانەکەی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتاندا باسـی چەند پرسـێکی ئابووری بکرێـت، لەوانەش پڕۆژەی نابووکـۆ، کە پڕۆژەیەکە بـۆ گەیاندنی غاز بە ئەورووپا لەڕێی تورکیاوە. بەڵام د.فوئاد حوسێن گوتی "باسـی ئەو پڕۆژەیە هـەر نەکراوە، ئەو پڕۆژەیە تاوەکو ئێسـتا تەنیا لەسەر کاغەزە".

فوئاد حوسـێن باسی لە گرنگی جێبەجێکردنی ئـەو پڕۆژەیە کرد و گوتی "ئـەو پڕۆژەیە زۆر گرنگە، ئەگەر جێبەجێ بکرێ کوردستان دەکات بە ئەورووپا، بەڵام ئەو پڕۆژەیە کێشـەی هەیە و پێویستە کۆمەڵێک وڵات تێیدا بەشدار بن".

تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆی نێوان سـەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی رووسیا، وەک فوئاد حوسێن باسـی کرد، پەیوەندی بە رەوشی سووریاوە هەبووە کە رووسیا بە یەکێک لە بەرگریکارانی مانەوەی ئەو رژێمەی ئێسـتای سووریا دادەنرێت.

فوئاد حوسێن گوتی "شـرۆڤەیەکی وەزعی سووریا کرا، باسـی بارودۆخی کورد لە سووریا کـرا، ئەوان پشـتیگرییەکی بەهێزیان کرد، کە کورد ئامادە بێ لە دانوستاندنی جنێڤی 2".

دوای سـەردانەکەی رووسـیا، شـاندەکەی هەرێمی کوردستان گەیشتە فەرەنسا و لەلایەن فرانسوا هۆلاند، سەرۆکی فەرەنساوە پێشوازییان لێکـرا. هۆلانـد بە دۆسـتێکی نزیکـی کورد دادەنرێت. فەرەنسا جگە لەوەی کونسولخانەی لە شـاری هەولێر هەیە، چەندیـن کۆمپانیای فەرەنسیش لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، دیارترینیان کۆمپانیای تۆتالە کە لە بواری نەوت کار دەکات.

پێدەچێ ئەو سەردانەی بارزانی بۆ فەرەنسا، هانی فەرەنسا بدات بۆ ئەوەی ئامادەیی زیاتری هەبێ لە هەرێمی کوردسـتان. فوئاد حوسـێن باسی ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیەی کرد و گوتی "زیاتر باسی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسـایان دەکرد، سەرۆکی فەرەنسا خۆی باسی پەیوەندی مێژوویی نێوان هەردوولای کرد و پاشان باسی ئێستا و ئایندەی ئەو پەیوەندیانەی کرد و گوتی پێویستە ئەو پەیوەندیانە فراوانتر و باشتر بن و لە ئاستێکی دیکەدا بن". گوتیشی "بە گشتی باسمان لە پەیوەندی ئابووری کردو باسـمان لەوە کرد کە چۆن کۆمپانیای دیکەی فەرەنسی بێنە کوردستان".

فوئاد حوسێن بە پێویستی دەزانێ کە کورد پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا هەبێ، بە تایبەتی فەرەنسـا، چونکە "ئێستا فەرەنسا رۆڵێکی کاریگـەری هەیە لە ئەورووپا، لە ناتۆ و ئەنجوومەنی ئاسایش".

### بارزانی زۆر نیگەرانە لە رەوشی رۆژئاوای کوردستان

### "بارزانی زۆر نیگەرانە"

هەرچەندە سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان لـە دەرەوەیە، بەڵام د. فوئـاد دەڵێت بارزانی بەردەوام چاودێری رەوشی رۆژئاوای کوردستان دەکات، بە تایبەتی دوای ئەو گرژییەی لە شاری عامووودا لە نێوان پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD و پارتـی دیموکراتی کورد (ئەلپارتی) و پارتی ئازادی کورد دروسـتبوو کە تا ئێستا چەندین قوربانی لێکەوتووەتەوە.

د. فوئاد گوتی "چاودێری بارودۆخی عامودا دەکەیـن، لە پەیوەندیداین لەگەڵ بەرپرسـانی ئەو حیزبانەی رۆژئاوای کوردسـتان، هیوادارین کۆنترۆڵی بکەین، چونکە ئـەوە وەزعێکی زۆر ناخۆشـە و سـەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر نیگەرانە لەو رەوشە".

د.فوئـاد لـە درێـژەی قسـەکانیدا گوتی "سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان دەیەوێ دۆخی کورد لە رۆژئاوای کوردسـتان لەسەر نەخشەی سیاسی دونیا دابنێت، بۆیە لە هەموو شوێنێک باسی ئەوە دەکات کە نوێنەری کورد ئامادە بێ لە دانوستاندنی ژنێڤی 2".

سـەبارەت بە کۆنترۆڵکردنـی گرژییەکانی رۆژئاوای کوردستان، فوئاد حوسێن گوتی "ئەوە بەدەست سەرکردەکانی کوردە لە رۆژئاوا، چونکە ئێمە ناتوانین هیچ بنێرین، ئەوە ئیشی ئێمەش نییە". گوتیشی "ئەو رەوشەی رۆژئاوا ئیحراجی بۆ ئێمە دروست کردووە، چونکە ئەوە رووداوێک نییە شـانازی پێـوە بکەین، بەڵام پێویسـتە چارەسەریشی بۆ بدۆزرێتەوە".

لە حوزەیرانی 2012، ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا و ئەنجوومەنی گەل لە رۆژئاوای کوردستان بە سەرپەرشـتی سەرۆکی هەرێمی کوردسـتان رێکەوتننامەیەکیـان واژۆ کـرد و دەستەی باڵای کوردیان پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی رۆژئاوای کوردستان، بەڵام بەردەوام حیزبەکانی رۆژئاوای کوردسـتان یەکدی بە پێشـێلکردنی رێککەوتننامەکە تۆمەتبار دەکەن.

چاودێـران پێیانوایە ئـەو رێککەوتننامەیە بەسـەرچووە و پێویسـتە سـەرلەنوێ رێککەوتننامەیەک لە نێوان هەردوولا بکرێتەوە، بەتایبەتی دوای گرژییەکانی عامودا. بەڵام فوئاد حوسێن دەڵێت "کێشەکە لە رێککەوتننامەکەدا نییە، ئەگەر کێشـەکە لە رێککەوتننامەکە بێت دەتوانین بیگۆڕین، کێشـە لـە جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکەیە".



(فۆتۆ:فەرزین حەسەن )

### رووداوەکانی عامودا ئیحراجی کردووین

# کورد دژی دروستکردنی دوو فەوجەکەی تورکمانە لە دووزخورماتوو

**هیوا حوسامەدین**
**ڕووداو- کەرکووک**



هەفتەی ڕابردوو، لەکاتی خۆپیشاندانی تورکمانە شیعەکانی دووزخورماتوو (70 کیلۆمەتر لە باشووری پارێزگای کەرکووک)، خۆکوژێک بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو خۆی بە خۆپیشاندەراندا تەقاندەوە و بەهۆیەوە حەوت کەس کوژران و 56ی دیکەش بریندار بوون، هەر دوای ڕووداوەکە، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاری دا دوو فەوجی سەربازی بۆ تورکمانەکان پێکبهێنێ، یەکێکیان سەر بە وەزارەتی بەرگری و ئەوەی دیکەشیان سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت.

دانیشتووانی دووزخورماتوو لە هەر سێ نەتەوەی کورد، عەرەب و کەمینەی تورکمان پێکهاتووە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا 400 خێزانی کورد ئەو شارۆچکەیەیان جێهێشتووە.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا 147 تەقینەوە لەو شارۆچکەیە ڕوویانداوە، بەو هۆیەشەوە 1019 کەس کوژراون و 3010 کەسی دیکەش بریندار بوونە، هەروەها 18 ئەفسەری پۆلیس و ئاسایش لەو شارۆچکەیە تیرۆر کراون.

## تورکمانەکان دەستیان بە ناونووسین کرد

حەیدەر قەساب، سەرۆکی نووسینگەی سەلاحەدینی بەرەی تورکمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تورکمان لە دووز هیچ هێزێکی نییە، بۆیە بەردەوام بووەتە ئامانجی گرووپە توندڕەوەکان". گوتیشی "حکومەتی عێراق ڕازی بووە لەسەر پێکهێنانی دوو فەوجی سەربازی بۆ پاراستنی تورکمانەکانی دووزخورماتوو".

هەر دوای تەقینەوەکە، هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە بۆ ماوەیەکی کاتی دۆسیەی ئەمنی دووزخورماتوویان گرتە دەست، تاوەکو ئەو هێزە تورکمانییە پێکدەهێنرێت و پاشان دۆسیەی ئەمنی ڕادەستی لایەنە ئەمنییەکانی دووز دەکرێتەوە.

حەیدەر قەساب گوتی "دەستمان کردووە بە ناونووسکردنی ئەو گەنجانەی دەیانەوێت بچنە ڕیزەکانی ئەو هێزە تورکمانییە، تاوەکو ئێستا 580 کەسمان ناونووس کردووە و دەبێت ئەو هێزەش سەرجەمیان لە تورکمانی شیعە مەزهەب بن و بەهیچ شێوەیەکیش کورد و عەرەب وەرناگرین".

## سەدر پشتگیرییان دەکات

بەها ئەعرەجی، ئەندامی کوتلەی سەدر لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "موقتەدا سەدر، سەرۆکی ڕەوتی سەدر بە هەموو توانای خۆیەوە پشتگیری لە نەتەوەی تورکمان دەکات و پێیوایە دروستکردنی هێزی تورکمانی لە دووز مافێکی بچووکی ئەو نەتەوەیەیە، چونکە چەندین ساڵە لەو سنوورە مافیان خوراوە و کەس هەست بە ئازارەکانیان ناکات". گوتیشی "بە بڕیاری سەماحەتی موقتەدا سەدر، تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر لیستی سەدر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە دووز دەمێننەوە".

## کورد دژی پێکهێنانی سەحوەی تورکمانییە

ئەو هێزە کە بەهێزی سەحوەی تورکمانی ناسراوە، لەلایەن کوردەوە پەسەندکراو نییە. شەلال عەبدول، قایمقامی قەزای دووزخورماتوو کە کوردە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەموو عێراق پشتگیری لە پێکهێنانی هێزی تورکمانی بکات، ئەو هێزە نایاساییە و دژی دەوەستینەوە". گوتیشی "دروستکردنی ئەو هێزە مەرامی سیاسی لە پشتە، لەبەرئەوەی لەماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا بەدەیان تەقینەوە لە دووزخورماتوو ڕوویانداوە و کورد و عەرەب و تورکمانی بەبێ جیاوازی کردووەتە ئامانج و هیچ لایەنێکیش داوای پێکهێنانی هێزی نەکردووە".

لە دووزخورماتوو چەند هێزێک هەن: لەوانەش پۆلیسی دووز، پۆلیسی ئامادەی تکریت، سوپای عێراق، پێشمەرگە، دوو ئاسایشی یەکێتی و پارتی.

شەلال دەڵێت "ئێمە لەگەڵ دروستکردنی هێزێکین کە لە خەڵکی شارۆچکەکە پێکبێت و تەنیا لەیەک نەتەوە نەبێت، ترسیش لەوەیە کە کێشەی دەمارگیری لە نێوان نەتەوەکان دروست ببێت و هیچ زەمانەتێک نییە کە ئەو هێزە لە دژی خەڵکی دووز بەکارنەهێنرێت".

محەممەد مەلا ئیسماعیل، بەرپرسی ناوچەی دووزی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت "لە گەڕەکە کوردنیشنەکانی دووز کورد لە نەتەوەکانی دیکە زیاتر کراوەتە ئامانج، بەڵام هێشتا داوای هێزمان نەکردووە، بۆیە ئەگەر ئەو هێزە دروست بکرێت کورد و عەرەب پێکەوە هەڵوێستیان دەبێت و بەدوور نازانرێت ئێمەش هێزێکی هاوبەش پێکبهێنین".

## دەیانەوێ دووزخورماتوو بکەنە "پارێزگایەکی سەربەخۆ"

هەر لەوبارەوە مەلا کەریم، جێگری لێپرسراوی بازنەی حەمرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەبارەت بە پێکهێنانی ئەو هێزە گوتی "داواکاری تورکمانەکان تەنیا بە دروستکردنی هێزی تورکمانی ناوەستێت و داوا دەکەن دووزخورماتوو بکرێتە پارێزگایەکی سەربەخۆ بۆ تورکمان و پێیانوایە دووز تەنیا تورکمانی تێدایە.

حەیدەر قەساب نەیشاردەوە نیازی ئەوەیان هەیە داوای ئەوە بکەن و گوتی "دووز خورماتوو لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سەلاحەدین و کەرکووک لە چەندین ماف و داواکاری و پڕۆژە بێبەش بووە و کەس خۆی بەخاوەنی ئەم قەزایە نازانێت، ئەمەش وایکردووە بیر لە دروستکردنی پارێزگایەکی سەربەخۆ لەلای بەرەی تورکمانی گەڵاڵە بێت و دووزخورماتووش تەواوی ئامادەکارییەکانی هەیە، تەنیا پێویستی بە بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی وەزیرانە".

بەڵام حەسەن تەمیمی، بەرپرسی نووسینگەی سەدر لە دووزخورماتوو، گوتی "شتێک نییە بەناوی پارێزگای سەربەخۆ لە عێراق، لەبەرئەوەی عێراق یەک پارچەیە و نابێت جیابکرێتەوە. ئێمە پشتگیری لەم بیرۆکەیە ناکەین وەکو پارێزگای سەربەخۆ. ئەگەر تورکمان یان کورد یان عەرەب بیەوێت دووزخورماتوو ببێت بە پارێزگا هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە ئەوە ئێمە ڕازین و دڵنیابن دەنگی شیعەکانی عێراق لە پشتیان دەبێت".



**عەبدولڕەحمان سدیق ***

asidiq1962@yahoo.com

# هێشتا عێراق باجی سەرکێشیەکانی خۆی دەدات

دەرچوونی عێراق لەژێر بەندی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری ژمارە (2107)ی ئەنجوومەنی ئاسایش و گواستنەوەی کێشەکە بۆ بەندی شەشەم، ئەوەمان پێشان دەدات کە هێشتا کێشەکانی وەک ونبووەکان و گێڕانەوەی شتومەکەکان و ئەرشیفی نیشتمانیی کوێت و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان ماون لەنێوان عێراق و کوێت، بەتایبەت قەرەبووکردنەوەکان کە بە 52 ملیار دۆلار دیاری کراوە و عێراق 41 ملیار دۆلاری داوەتەوەو بڕی 11 ملیار دۆلاریشی لەسەر ماوە کە هەتا ساڵی 2015 دەبێت بیگێڕێتەوە بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەوەی کە باری عێراقی قورس کردووە مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانە کە بەشی زۆریشی بەهۆی ئاگرتێبەردانی بیرە نەوتەکانی کوێتەوە بوو لەلایەن سوپای عێراقەوە، بۆیە هەر لەسەر داوای کوێت لەساڵی 2001ەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی 6ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێکی کردووەتە ڕۆژی جیهانی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ژینگە لەجەنگدا، چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان لای وایە ئەو زیانانەی بەر ژینگە دەکەون لەکاتی ململانێی سەربازیدا، دەبنە هۆی تێکدانی سیستمی ئیکۆلۆژی و لەناوبردنی دەرامەتە سروشتییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەنی دوای تەواوبوونی جەنگ، بەجۆرێک کە زیانەکانی هەموو جیهان و گشت نەوەکان دەگرێتەوە.

لەم بۆنەیەدا نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت دەکاتەوە لەسەر کارکردن لەپێناوی پاراستنی ژینگە هاوبەشەکان، چونکە مرۆڤەکان ڕاهاتوون زیانەکانی جەنگ تەنیا لەژمارەی کوژراوان و برینداران و دارمان و ڕووخاندنی شارەکاندا قەتیس بکەن، لەکاتێکدا ژینگە لەگشت جەنگەکاندا قوربانییەکی نەبینراوە کاتێک بۆ مەبەستی سەربازی، بیرەکانی نەوت و غاز ئاگر تێبەردەدرێن و بیرە ئاوەکان پیس دەکرێن و کێڵگەکان دەسووتێنرێن و دارستانەکان دەبڕدرێنەوەو خاک ژەهراوی دەکرێت و ئاژەڵەکانیش دەکوژرێن.

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە (یونیپ) وای بۆ دەچێت کە 40%ی جەنگە نێوخۆییەکانی 60 ساڵی ڕابردوو پەیوەندی هەبووە بە دەستبەسەرداگرتنی دەرامەتە ژینگەییەکانی وەک زەوی بەپیت و ئاو و نەوت و زێڕ و درەختی دارستانەکانەوە.

لەلایەکی دیکەوە، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە (یونیپ) ئاماژە بەوە دەکات کە جەنگەکانی سەردەمی ئێستا شێوازی وێرانکاریی ترسناکی وای بەخۆوە گرتووە کە دەبێتە هۆی هەڕەشەکردن لە ئاسایشی ژینگەیی لەبازنەیەکی جوگرافیی فراواندا، بەجۆرێک کە ئاسەوارە ژینگەییە وێرانکارییەکانی دوای ئەو جەنگانە سنوورە جوگرافی و سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتانیش تێدەپەڕێنن بۆ شوێنی زۆر دوور و دوورتر، ئەمەش بەهۆی جۆری ئەو چەکە نوێیانەی کە توانایەکی وێرانکاریی گەورەیان هەیە.

بۆ نموونە: لەجەنگی نێوان عێراق و ئێراندا 1980 — 1988 کە هەشت ساڵی خایاند، وێڕای ئەوەی کە نزیکەی یەک ملیۆن کەسی کردە قوربانی، بووە هۆی زیان گەیاندنێکی دارایی کە بە نزیکەی 1.2 تریلیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێت.

ئەمە وێڕای جەنگی دووەمی کەنداو 1990 - 1991ی ناسراو بە (گەردەلوولی بیابان) بۆ ڕزگارکردنی کوێت لەدەستی سوپای عێراق، کە تێیدا نزیکەی 61 هەزار تۆن بۆمبی هێشوویی و زیرەکی تێدا بەکارهێنرا.

هەروەها لەجەنگی ڕزگارکردنی کوێتدا، عێراق زۆربەی بیرە نەوتەکانی تەقاندەوەو ڕۆژانە نزیکەی 6 ملیۆن بەرمیل نەوت بەفیڕۆ سووتاوە، هەروەها نافورەی بیرە نەوتی تەقێنراوی نەسووتاویش بەبڕی 40 هەزار بەرمیل ڕژاوە کە نزیکەی 240 دەریاچەی نەوتیی دروستکردووە بەقووڵایی یەک مەتر لەڕووبەرێکدا کە نزیکەی 50 کیلۆمەتر دووچا بووە.

لەسەر ئاوی کەنداویش نزیکەی 128 پەڵە نەوت دروستبوو کە درێژی هەریەکەیان نزیکەی 130 کم و پانیی هەریەکەشیان 25کم بووە.

دووکەڵی ئاگری بیرە نەوتە سووتاوەکانیش گەیشتە سەر نیمچە دوورگەکانی هیندستان و بووە مایەی ترشە باران و زیان گەیاندن بە ژینگەی تەواوی ناوچەکە.

www.abdulrahmansidiq.com
www.prdek.com

*نووسەر و لێکۆڵەر، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام.

# خاوەنی کورسیی کۆتای ئێزدی باوەڕی بە کوردبوونی ئێزدییەکان نییە

**جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە نەینەوا:**
## بەرەی دیموکراتیخوازان نوێنەری پارتی بووە نەک ئێزدییەکان

**ئەندامێکی لقی17 پارتی دیموکراتی کوردستان:**
## زوڵم لە بەرەی دیموکراتیخوازان کراوە

**بەرەکات عیسا**
**ڕووداو- شنگال**

لە قەزای شنگال دوو لایەن کێبڕکێیان لەسەر کورسی کۆتای ئێزدییەکان دەکرد، لە ئەنجامدا ئەو لایەنەی کە ئێزدییەکان بە کورد نازانێت، سەرکەوت. لایەنەکەی دیکەش کە بە نزیک لە پارتی حیساب دەکرێ دەڵێت "زوڵممان لێکراوە".

سەرکەوتنی کاندیدی بزووتنەوەی ئێزدی بۆ چاکسازی و پێشکەوتن بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا و بەدەستهێنانی کۆتای ئێزدییەکان، چەندین پرسیاری بەدوای خۆیدا هێنا.

سەعید جردۆ، نووسەر و چالاکڤانی دانیشتووی شنگال کە لەهەمانکاتدا کارگێڕی لقی 17ی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەبارەی لەدەستدانی کۆتای ئێزیدییەکان لەلایەن بەرەی دیموکراتخوازانی ئێزیدی دەڵێ "زۆر دەنگی بەرەی دیموکراتخوازان فەوتاوە. ئەوەش زوڵمێک بوو لەو بەرەیە کرا".

جردۆ هۆکاری فەوتانی ئەو دەنگانەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە کاتی فەرزکردنی دەنگەکان و ئامادەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا قەوارەکانیان لە بەغدا نەبوون. جردۆ ڕاشیگەیاند کە بەرەی دیموکراتخوازان نزیکەی 300 دەنگ لە پێشەوە بوو، بەڵام "لە کاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکاندا بزووتنەوەی ئێزدی بۆ چاکسازی و پێشکەوتن سەرکەوت. ئەوەش جێگەی پرسیارە!".

جردۆ بەلایەوە ئاساییە کە بزووتنەوەی ئێزدی بۆ چاکسازی کۆتای ئێزدییەکانی بردووە و دەڵێت "ئێمە دژی سەرکەوتنی هیچ لایەنێک نین ئەگەر بە هێزی جەماوەری خۆیان ئەو ئەنجامە بەدەستبێنن، بەڵام ژمارەی دەنگەکانیان، سیاسەتەکەیان و باوەڕنەبوونیان بە کوردبوونی ئێزدییەکان و کوردستانیەتی شنگال، جێگەی دڵگرانی ئێمەی کوردی ئێزدییە. ئەگەر ئەوە نەبووایە ئێمە هەرگیز نەماندەویست ڕکابەری لەنێوان ئێزدییەکاندا هەبێت".

خەیری شنگالی، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە نەینەوا لەبارەی سەرنەکەوتنی بەرەی دیموکراتخوازانی ئێزدی گوتی "ئەو بەرەیە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پشتیوانی دەکراو نوێنەرایەتی هەموو ئێزدییەکانی نەدەکرد. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو سنوورەی بۆیان دەستنیشان کرابوو، زۆر بەرتەسک بوو". خەیری شنگالی زێدەتر گوتی "لایەنگرانی ئەو بەرەیە کارتی زیادی دەنگدانیان هاوێشتە ناو سندوقی دەنگدانەوە. یەکێتی و پارتیش لەو کارەدا لەگەڵیان بوون. پێموایە ئەوەبووە هۆکاری نەژماردنی ژمارەیەکی زۆری سندووقەکانی دەنگدان.

جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە نەینەوا لەبارەی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئێزدی بۆ چاکسازی هەروەها گوتی "ئەوانە لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێزدی و دەڤەرەکەدا نین، هیچ بەڵگەیەکیشیان نییە کە ئێزدی کورد نییە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، هەندێک لە کادیرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پیرۆزباییان لە بزووتنەوەی ئێزدی کردووە. جێگری بەرپرسی مەڵبەندی نەینەوای یەکێتی لەوبارەوە دەڵێ "پێموایە ئەوە زیاتر سۆزداری ئاینییە، ئەوانە مرۆڤی ناتێگەیشتوو و ناشارەزان." گوتیشی "لەو باوەڕەدام لایەنە عەرەبییەکانی نەینەوا و مالیکیش لە پشت سەرکەوتنی بزووتنەوەکەوە بوون".

خێری عەلۆ، چالاکڤانی سەر بە بزووتنەوەی ئێزدی بۆ چاکسازی، ڕەتیکردەوە بزووتنەوەکەیان ساختەکاری کردبێت لە دەنگداندا و گوتی "زۆر ساختەکاری لەلایەن پارتی، پێشمەرگە و بەرەی دیموکراتخوازانەوە کرا بەتایبەت لە گوندی سیبا شێخ خدر". خێری عەلۆ هەروەها گوتیشی "ڕاستە دوای فەرزکردنی ڕێژەی 68%ی دەنگەکان دەنگەکانی ئەوان زیاتربوون، بەڵام لە دەنگدانی تایبەتدا توانیمان کورسیی کۆتا بەدەستبێنین بەهۆی بەدەستهێنانی هەزار دەنگ زیاتر. بەرەی دیموکراتخوازانیش تەنیا 200 دەنگیان بەدەستهێنا". گوتیشی "لە سیبا شێخ خدرێ کە کاندیدی بەرەی دیموکراتخوازان خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە بووە، ژمارەیەکی زۆر کارتی دەنگدانیان فرێدانە ناو سندووقەکانەوە، بۆیە ئەژمارنەکران".

سەبارەت بەوەی کە دەگوترێ ئەو بزووتنەوەیە دژی کوردستانیبوونی شنگالە، خێری عەلۆ گوتی "ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ کورد. ئەوان برای ئێمەن و ئێمە هەمیشە ئەوە دەڵێین. چونکە زمانی ئێمە نزیکە لە یەکدی و ئێمە لە یەکدی تێدەگەین. بزووتنەوەکەشمان بۆ دژایەتی کورد دانەمەزراوە، بەڵکو بۆ دروستکردنی دۆستایەتی لەنێوانماندا".

عەلۆ لەبارەی داواکاری گەورە بەرپرسانی بزووتنەوەکەیان بۆ دەرکردنی پێشمەرگە لە شنگال، گوتی "پێشمەرگە ئەندامەکانمان لە شێخان و دەڤەری دیکە دەستبەسەر دەکات. هەروەها بەهۆی بیروبۆچوونی جیاوازی سیاسیمان مافی ئەوەشمان نییە سەردانی شێخان بکەین".

سەبارەت بە هۆکاری باوەڕنەبوونیان بە کوردبوونی ئێزدییەکان، لە کاتێکدا میری ئێزدییەکان، بابەشێخ و زۆربەی ئێزدییەکان دەڵێن ئەوان کوردن، خێری عەلۆ گوتی "پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ناسنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانم هەبوو، بەڵام من کورد نەبووم! تەنیا ئەندامی ئەو پارتە بووم. ئەوەش نابێتە هۆکار کە خۆم و نەتەوەکەم بگۆڕم. ئێمە بەڵگەمان هەیە کە ئێزدی کورد نین".

هادی جردۆ، ئەمینداری گشتی بەرەی دیموکراتخوازان ڕەتیکردەوە کە دەنگی بزووتنەوەی ئێزدی لەوان زیاتر بووبێ و گوتی "ئێمە پشت بەو ئەنجامانەی کۆمیسیۆن دەبەستین پێش بردنی سندووقەکان بۆ بەغدا. 68%ی دەنگەکان جیاکرابووەوە 3000 دەنگی ئێمە زیاتر بوو. لە دەنگدانی تایبەتیشدا بەپێی ئەنجامەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بزووتنەوە 409 دەنگی بەدەستهێنابوو ئێمەش 302 دەنگ".

جردۆ گوتیشی "ئێمە سەرکەوتن بەدەستبێنین یان نا، ئێزدی هەر کوردە. ئەوە باوەڕی 85%ی ئێزدییەکانە و پێمانوایە ئەوان ئەم سەرکەوتنەیان بە پشتیوانی هەندێک لایەنی دیکە بەدەستهێناوە کە دۆست نین لەگەڵ کورد، بەڵام ئێمە تانە لە ئەنجامەکانی کۆمیسیۆن دەدەین و داوای سەرلەنوێ فەرزکردنی دەنگەکان دەکەین، گوایە ئەوان 10379 دەنگیان هێناوە، بەڵام پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان تەنیا 7400 دەنگیان هەبووە. ئێمەش زیاتر لە 9000 دەنگمان هەبوو".



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)




## گەڵف کیستن: رۆژانە 40 هەزار بەرمیل نەوت دەردێنین

**رووداو- هەولێر**

کۆمپانیای گەڵف کیستۆن کە بنکەی سەرەکی لە بەریتانیایە رایگەیاند لە چەند رۆژی داهاتوودا رۆژانە چل هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەی نەوتی شێخان دەردەهێنێت. سایتی ئیکۆنۆمیک تایمز بڵاویکردەوە وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە لە چەند هەفتەی داهاتوو کۆمپانیای گەڵف کیستن وەکو یەکەم هەنگاو دەست دەکەن بە دەرهێنانی چل هەزار بەرمیل نەوت و وابڕیارە لە سێ ساڵی داهاتوودا 150 بەرمیل دەربهێنن و لەساڵی 2018دادا 250 هەزار بەرمیل دەربهێنن.

نرخی دراو

| | |
|---|---|
| 100 $ = | 125.500 |
| 100 € = | 164.500 |



### دەربازبوون لەبەندی حەوت 82 ملیار دۆلاری سڕکراو بۆ عێراق دەگەڕێنێتەوە

# چاوەڕێ دەکرێت وەبەرهێنان بە دیناری عێراقی جێگەی دۆلار بگرێتەوە

**گۆران مستەفا**
**رووداو- هەولێر**

عێراق لەساڵی 1990 کوێتی داگیرکرد، نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەسزای ئەو سەرکێشی و پێشێلکارییەدا هەر هەمان ساڵ و پێش پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز و ناچارکردنی عێراق بەکشانەوە لەو وڵاتە، عێراقی خستە ژێر بەندی حەوت لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو بەندە رێگەی بە بەکارهێنانی هێز دا لەدژی عێراق. سەرەڕای ئەو رێگرییە سەربازییانە، هەرچی پارەی عێراق هەبوو لەبانکەکانی وڵاتانی جیهاندا سڕکران و بەکارهێنران بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو وڵاتانەی لەداگیرکاریی عێراقدا زیانیان پێگەیشتبوو. لەدوای رووخاندنی رژێمی عێراقەوە، رزگاربوون لەژێر باری بەندی حەوت، رەنگە گەورەترین دەستکەوتی ئابووری و سیاسی بێت بۆ عێراق و بەیەکەمین هەنگاوی سەرکەوتنی رەهای دیپلۆماسیەتی عێراقی دابنرێت. بەپێی بەندی حەوتی پەیماننامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق توانای هەڵسوکەوتکردن بە سەرمایە و سامانەکەی و سوپا و پەیوەندییەکانی نەما. بەوجۆرەش بووە دەوڵەتێک لەژێر چاودێریدا.

ئێستاش دوای تێپەڕبوونی نزیکەی 22 ساڵ بەسەر ئەو سزایانە، بەپێی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق هەموو رێکارییە نێودەوڵەتییەکانی ئەنجامداوە بۆ دەرچوون لەژێر حوکمەکانی ئەو بەندە.

**پارە سڕکراوەکانی عێراق**

یەکێک لەخاڵە هەرە ئەرێنییەکانی دەرچوونی عێراق لەژێر ئەم بەندە، گەڕانەوەی پارە بلۆککراوەکانیەتی کە بە زیاتر لە 80 ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.

کۆتاییهاتنی دیلکردنی عێراق لەژێر بەندی حەوت، پارە سڕکراوەکان بۆ وەبەرهێنان لەئابووری عێراقدا دەگەڕێنێتەوە. بە دەرچوون لەم بەندە، عێراق توانای گێڕانەوەی پارە سڕکراوەکانی دەبێت و رزگاریشی دەبێت لەو باجە ناڕاستەوخۆیەی هاووڵاتیانی عێراق لەبەرامبەر سڕکردنی ئەو پارانە لە سەردەمی دەسەڵاتی سەدام حوسێنەوە تا دەرچوون لەو بەندە لەئەستۆیان بووە.

بەپێی زانیارییەکان، بانکی ناوەندی عێراقی دوای دەرچوونی عێراق لەبەندی حەوت، بڕی 82 ملیار دۆلاری بلۆککراوی بۆ دەگەڕێتەوە کە بەلای کەمی تینوێتی ئابووریی عێراق بە قەبارەیەکی دارایی لەوجۆرە دەشکێنێت.

کاریگەری ئازادکردنی ئەم قەبارە زەبەلاحەی پارەی سڕکراو و گەڕانەوەی بۆ سەر ئابووریی عێراق بەتەنیا لەزیادکردنی بڕێکی زۆر کاش نییە بۆ سەر ئابووریەکەی، بەڵکو بەرگێکی بەهێز بەباڵای دیناری عێراقیدا دەدورێت و دەبێتە رووپۆشێکی بەهێز بۆ ئەو دراوە لەبەرامبەر دراوەکانی دیکە بەتایبەت دۆلاری ئەمەریکی و هێزی کڕینی دینار زیاتر دەکات.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەردەمی ئیدارەی جۆرج بۆشدا بڕیاریدا بەپاراستنی پارەکانی عێراق لەئەمەریکا کە بە 50 ملیار دۆلار دەخەملێنرێت، دوای ئەویش باراک ئۆباما رەزامەندبوو لەسەر پاراستنی ئەو بڕە پارەیەی عێراق کە لە ئەمەریکایە.

لەدوای ساڵی 1990ەوە نزیکەی 7.8 ملیار دۆلاری عێراق لە لوبنان و ئوردن بلۆککران و لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا عێراق مافی مامەڵەکردنی بەو پارەیە نەبووە. بەشێکی زۆر لەپارەی هێڵی ئاسمانی عێراقیش لەکوێت و ئوردن بلۆککران.

**قەرەبووکردنەوەی کوێت**

سزاکانی سەر عێراق دوای هێرشی ئەو وڵاتە هات بۆ سەر وڵاتی کوێت. نەتەوە یەکگرتووەکان عێراقی ناچارکرد بەقەرەبووکردنەوەی ئەو وڵاتە بە بەهای 52 ملیار دۆلار. لەدوای ئەو ماوەیەوە عێراق خاوەندارێتی راستەقینەی داهات و ئابوورییەکی خۆی نەبووە، بەڵکو کۆی گشتی داهاتەکانی لەسندووقی پەرەپێدانی عێراق لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان سەرپەرشتی دەکراو ساڵانە 5%ی داهاتەکەی لەفرۆشی نەوت وەک بەشێک لەقەرەبووەکان بەکوێت دەدرا.

لەدوای داگیرکردنی کوێت، بڕی ئەو زیانانەی بەر ئەو وڵاتە کەوت لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خرایە ئەستۆی عێراق و بەغدا ناچارکرا بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی.

عێراق تاوەکو ئێستا بڕی 41 ملیار دۆلاری وەک قەرەبوو بەکوێت داوە. هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە 30ی حوزەیرانی رابردوو رایگەیاند کە وڵاتەکەی تاوەکو ئێستا 41 ملیار دۆلاری وەک قەرەبوو بەکوێت داوە و پابەندە بەگەڕانەوەی ئەو 11 ملیار دۆلارەی کە ماوە. زێباری پێشبینی کرد عێراق تاوەکو ساڵی 2015 کۆتایی بەتێکڕای قەرزەکانی بەرامبەر بەو وڵاتە بهێنێت.

**رزگاربوون لەبەندی حەوت**

یەک لەدەرئەنجامە ئەرێنیەکانی رزگاربوونی عێراق لەبەندی حەوت، سەربەخۆبوونی عێراقە لە مامەڵەکردن بەداهاتی نەوتەوە، چیدی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی داهاتەکای ناکات. عێراق لەمەودوا دەتوانێت بەسەربەخۆییەکی تەواوەوە مامەڵە لەگەڵ نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی بکات.




د.بێوار خنسی، پسپۆڕی بواری ئابووری، پێیوایە زەحمەتە دەوڵەتێک بتوانێت پارێزگاری لەسەرمایە و داهاتەکەی بکات، ئەگەر سەربەخۆیی و سیادەی دەوڵەتەکەی نەبێت، ئەمەش بەسەرکەوتنی دەوڵەتی عێراق دەبینێت و دەڵێت "دەربازبوون لەبەندی حەوت یارمەتی عێراق دەدات بۆ هاتنەوەی بۆ سەر گۆڕەپانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، رۆڵێکی کارا دەبینێت کە لەگەڵ سیادە و دەوڵەتدارییەکەی لەناوچەکە و جیهاندا بگونجێت، بەتایبەت لەبواری نەوتدا. د.بێوار پێیوایە ئەو رۆڵە گەورەیەی لەبواری نەوت و غازدا عێراق دەیبینێت، یارمەتیداوە بۆ دەربازبوون لەژێر باری سزاکانی ئەو بەندە.

دەربازبوون لەبەندی حەوت، سەربەخۆیی تەواوی سیاسەتی نەوت بەعێراق دەبەخشێت. عێراق پلانی هەیە بۆ زیادکردنی هەناردەکردنی نەوتەکەی و بۆ بوون بەیەکێک لەگەورەترین هەناردەکارانی نەوت، لەماوەی 12 ساڵی داهاتوودا. بەپێی پلانەکە لەساڵی 2017 هەناردەکردنی نەوت بگەیەنێتە 6 ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا، ئەمەش بودجەی فیدراڵی دەگەیەنێتە 216 ملیار دۆلار. هەربەپێی پلانەکە، رێژەی هەناردەکردنی نەوت بۆ ساڵی 2020 دەگاتە نۆ ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا و بودجەی فیدراڵیش بۆ 324 ملیار دۆلار بەرزدەکاتەوە، لەساڵی دارایی 2025یشدا بەپشتبەستن بەبەرزکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت بۆ 12 ملیۆن بەرمیل، بودجەکەی دەگەیەنێتە 432 ملیار دۆلار. د.بێوار وای دەبینێت لەسایەی سەربەخۆیی تەواوی سیاسەتی نەوتیی عێراق، ئابووری عێراق بەهێز دەبێت.

**بەرزبوونەوەی بەهای دیناری عێراقی**

چەند کاژێرێک دوای پەسەندکردنی لابردنی عێراق لەژێر بەندی حەوت، دیناری عێراقی لەبەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینی. نرخی گۆڕینی دراوی عێراقی بەرامبەر بە دراوەکانی دیکە و بەتایبەت دۆلاری ئەمەریکی بەرزبوونەوەی بەخۆوەبینی، ئەمەش دوای ماوەیەک لەدابەزینی بەهاکەی بەرامبەر بە دۆلار و هەروەها جێگیربوونی لەئاستێکی نزمتردا. ئەم ئازادبوونە ئابوورییەی عێراق بەهای دیناری لەبەرامبەر دۆلاردا بە 121 هەزار دینار جێگیر کرد.

پێشبینیش دەکرێت لەچەند رۆژی داهاتوودا بەهای دیناری عێراقی بەرزبوونەوەی زیاتر بەخۆوە ببینێت. سەیف ئەلحەلەفی، پسپۆڕی بواری ئابووری و ئەندامی یەکێتی بانکە ئەهلیەکان لەعێراق بەتۆڕی هەواڵی عێراقی راگەیاند کە هەنگاوی داهاتووی کاریگەری ئەم ئازادبوونە بریتی دەبێت لە وەبەرهێنان بەپارەی عێراقی لەجیاتی دۆلار، ئەمەش خواستێکی زۆر لەسەر دیناری عێراقی دروستدەکات.

### دوو توونێلی دیکە لە چیای هەریر دروست دەکرێن

# ساڵی داهاتوو تونێلەکانی پیرمام و شەقڵاوە تەواو دەبن

به تەواوبوونی تونێلەکانی پیرمام و شەقڵاوە، چیدی هاووڵاتیان پێویستیان بە سەرکەوتن نابێت بەسەر لۆفە و پێچەکانی پیرمام و شەقڵاوە. قایمقامی قەزای شەقڵاوە دەڵێت ئەگەر ئەو تونێلانە تەواو ببن، ئەوا هاووڵاتیان دەتوانن بە 16 خولەک لە سەنتەری شاری هەولێرەوە بگەنە شەقڵاوە.

**بارزان محەممەد**
**رووداو- هەولێر**

لەکۆتایی ساڵی 2010، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە لێدانی چەند تونێلێک کرد کە هەندێکیان بەشێکن لە پرۆژەی دووسایدکردنی رێگەی هەولێر- حاجی ئۆمەران. بە قسەی سەرپەرشتیارانی پرۆژەکە تونێلەکانی پیرمام و شەقڵاوە، لە نیوەڕاستی ساڵی 2014 تەواو دەبن، بەگوێرەی ماستەرپلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش دەبێ تەواوی تونێلەکان تاوەکو ساڵی 2030 تەواو بکرێن.

عومەر ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتی رێگاوبان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دەڵێ "دەبێ لەو ماوەیە تەواوی ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەین، چونکە بەردەوام ئۆتۆمبێلی زیاتر هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن و شەقامەکانی ئێمەش توانای هەڵگرتنی ئەو هەموو ئۆتۆمبێلەی نییە، بۆیە پێویستە ئاسانکاری زیاتر بۆ هاووڵاتی بکەین".

ئێستا لە چیای پیرمام تونێلێک بە درێژایی 2 کیلۆمەتر و نیو هەولێر دەبەستێتەوە بە کۆڕێ، لەوێشەوە دوو تونێلی دیکە کە لە سۆرکی شەقڵاوە و گوندی میراوە دروست دەکرێن، هیچ بەرزایی و پێچێک لەسەر رێگەکە ناهێڵن بۆ گەیشتن بە شارۆچکەی هەریر، بە قسەی بەڕێوەبەری گشتی رێگاوبان "70%ی پرۆژەکان تەواو کراون".

رزگار حەسەن ناسر، قایمقامی قەزای شەقڵاوە، بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای تەواوبوونی ئەو پرۆژانە هاووڵاتی دەتوانێ لە ماوەی 16 خولەک لە هەولێرەوە بگاتە شەقڵاوە کە ئێستا بە زیاتر لە 45 خولەک دەگات".

عومەر ئیبراهیم دەڵێ "بەرنامەمان داناوە، کە دوو تونێلی دیکە لە چیای بەنی هەریر و چیای کۆڕەک لێبدەین، بە دروستکردنی ئەو دوو تونێلە رێگای سەرەکی هەولێر و حاجی ئۆمەران، هیچ لۆفەیەکی تێدا نامێنێت و رێگەیەکی تەخت لەبەردەم هاووڵاتیان دەکرێتەوە بۆ گەیشتن بە سنوور".

تونێلەکان لەلایەن کۆمپانیایەکی تورکییەوە دروست دەکرێن کە لە دوو سایدی هاتن و چوون پێکهاتوون، لەگەڵ لادانی کاتی بۆ ئۆتۆمبێل، کە بۆ رووداوی کتوپڕ بەکاردێت. عومەر ئیبراهیم دەڵێ "تونێلەکان لەسەر شێوازی سیستەمی جیهانی دروستدەکرێن، کە سیستەمی هەواگۆڕکێی بەشێوەیەکی پێشکەوتوو تێدا دادەنرێت".

**رێگاکە 50% کورتدەبێتەوە**

ئێستا بۆ ئەوەی شوفێرێک لە هەولێرەوە بۆ حاجی ئۆمەران بڕوات، زیاتر لە 3 کاژێری پێدەچێت و دەبێ چەندین لۆفە و بەرزاییش ببڕێت، بەڵام بەپێی پێوەرەکانی رێگەوبان، بە تەواوبوونی پرۆژەی تونێلەکان رێگاکە بە رێژەی 50% کورت دەبێتەوە.

عومەر ئیبراهیم دەڵێ "ئێستا رێگای نێوان هەولێر-حاجی ئۆمەران زیاتر لە 3 کاژێرە، بەڵام ئێمە پێوەرمان داناوە کە دوای تەواوبوونی تونێلەکان رێگاکە دەبێتە یەک کاژێر و نیو، ئەمەش خەرجی هاووڵاتیان لە بەنزین کەمدەکاتەوە و جووڵەی ئابووریش بەهێزتر دەکات".

ساڵانە بە هەزاران گەشتیار لە شارەکانی عێراق و وڵاتانی دەرەوە روودەکەنە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت قەزای شەقڵاوە کە لە لۆفەکانی پیرمام و بەرزاییەکانی ئەو رێگەیە، کێشەیان بۆ دروست دەبێت و زۆرجار رووداوی دڵتەزێن لەو رێگەیە دروست دەبێت، حکومەتیش بەو تونێلانە دەیەوێ ئەو کێشانە نەهێڵێ.

هێمن ئیسماعیل، بەرپرسی بنکەی هاتوچۆی شەقڵاوە دەڵێت "بەردەوام لە کاتی سەردانی گەشتیاران، لە رۆژانی هەینی و پشووەکان، قەرەباڵخییەکی زۆر دروستدەبێ، زۆرجار ئێمە بە تەنیا پێمان کۆنترۆڵ ناکرێت، بۆیە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسیش هاوکاریمان دەکەن، هەروەها چەندین رووداوی هاتوچۆ روودەدەن".

هێمن دڵخۆشە بە پرۆژەی تونێلەکان و دەڵێ "کە ئەو تونێلانە تەواو دەبن، ئەو خەڵکەی بۆ سەرەوە دەڕوات بە رێگەی دەرەوەی شەقڵاوەدا دەڕوات و ئەمەش قەرەباڵخی لەسەر ئەو شارە کەمدەکاتەوە".

جگە لەو تونێلانەی رێگای هەولێر حاجی ئۆمەران، چەند تونێلێکی دیکەش لە سنووری پارێزگای سلێمانی و دهۆک لەژێر جێبەجێکردندان، وەکو تونێلی پێنجوێن و چیای هەیبەت سوڵتان و گەلی زاخۆ.



## د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکوک و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# لە پارێزگای نەینەوا شێوازی سکاڵا تۆمارکردنەکەمان هەڵە بوو

**هەفتەی ڕابردوو د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکوک و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، میوانی بەرنامەی (کەوانەی سوور) بوو لە کەناڵی ئاسمانی Rudaw. لەو بەرنامەیەدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، کێشەی ئیداری لە کەرکووک، تەندروستی تاڵەبانی، دەستوور و ئایندەی یەکێتی و چەند بابەتێکی دیکە باسکران. د.نەجمەددین لە بارەی تەندروستی مام جەلال گوتی "ئەگەر مام جەلال هیچ عەیبی نەبووایە ئێستا دەگەڕایەوە". ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆئەوەی کە هێشتا تاڵەبانی پێویستی بە چارەسەری پزیشکی هەیە.**

## بەرپرسانی یەکێتیش هەن لە کەرکووک لێم ڕازی نین

هەڤپەیڤین: ڕێبوار کەریم وەلی

**ڕووداو: ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای نەینەوا ڕاگەیەنرا، بەهۆی سکاڵای یەکێتی و ئۆپۆزیسیۆن 58 هەزار دەنگی کورد فەوتا، ئایا لە بەرژەوەندی کورد نەدەبوو ئەگەر ئەو سکاڵایەتان بەرزنەکردایەوە؟**

**د.نەجمەدین:** دیارە لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان دەنگی یەکەمی هێنا، ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە، بە بڕوای من تەزویر نابێ بکرێ، تەزویر خراپە، ئەگەر ئێمە بە تەزویر سەربکەوین وەکو شوێنی دیکەمان لێدێت، بەڵام لێرەدا هەڵەیەک کراوە.

**ڕووداو: پێتانوایە ئەو 58 هەزار دەنگەی کە ڕەتکرانەوە هەمووی تەزویر بوو؟**

**د.نەجمەدین:** نەخێر. ئەگەر سکاڵاش هەبووایە، دەبووایە لە کاندیدەکە بکرێ، نەک هەموو سندووقەکە.

**ڕووداو: لە 100 سندووق زیاتر کراوە؟**

**د.نەجمەدین:** ئەوە کارێکی خراپە، ئەمە نیشانەی نەبوونی هەماهەنگییە لەگەڵ یەکدی؟

**ڕووداو: بۆ هەماهەنگی نەبوو، گوتتان ئێمە وەکو یەکێتی سکاڵا تۆمار ناکەین، بەڵام دوایی ئەندامانی ئێوە لەناو کۆمیسیۆن سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەو سندوقانە ڕەتبکرێنەوە.**

**د.نەجمەدین:** من نازانم گوتوویانە هەموو سندووقەکە یان نا، بەڵام ئەگەر سکاڵاکە لەسەر هەموو سندووقەکە بێت بە دڵنیاییەوە ئەوە هەڵەیە، نەدەبووایە ئەوە بکرێ، بەڵام دیسانەوە دەیڵێمەوە سەرکەوتووبووین لە مووسڵ، 11 کورسیمان هێناوە، ئێستا ئێمە شتی گرنگترمان لە پێشە، ئەویش دامەزراندنی ئەو حکومەتەیە، کەس بەبێ لیستەکەی ئێمە ناتوانێ حکومەت لەوێ دروستبکات.

**ڕووداو: ئایا هەڵبژاردنی پارێزگای نەینەوا مەسەلەیەکی ستراتیژی نەبوو؟**

**د.نەجمەدین:** بە دڵنیاییەوە؟

**ڕووداو: باشە کە مەسەلەیەکی ستراتیژی بێت، ئێوە ڕێککەوتنی ستراتیژیتان لەگەڵ یەکێتی هەیە، چ مانایەکی هەیە 58 هەزار دەنگ ڕەتبکەنەوە؟**

**د.نەجمەدین:** ئێوە هەر دەڵێن یەکێتی، بەڵام گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵیش سکاڵایان تۆمار کردووە، من جارێکی دیکەش دەڵێم دەبوایە شکاتەکە لەکاندیدەکە بکرایە نەک لە لیستەکە.

**ڕووداو: لەوەتەی ئێوە پارێزگاری کەرکووکن چ لەدۆخی کەرکووک گۆڕاوە؟**

**د.نەجمەدین:** دەروازەی شار گۆڕاوە، ناوشار گۆڕاوە، کارەبا باش بووە، بێکاری کەمبووە، خەڵکێکی زۆر دامەزراون لەکەرکووک بەو پارەیەی کە جاران دەگەڕایەوە.

**ڕووداو: بەڵام گلەییەکی زۆرترت دێتە سەر لەسەر ئەو دامەزراندنە؟**

**د.نەجمەدین:** لەلایەن کێ؟

**ڕووداو: لەلایەن پارتی، 7 هەزار کەس دامەزراون، تەنیا 500یان پارتین؟**

**د.نەجمەدین:** ئەوە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە، ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن هیچ بەڵگەیەکیان نییە.

**ڕووداو: شێوازی دامەزراندنەکە چۆنە، بەفۆرمە بە تیروپشکە؟**

**د.نەجمەدین:** نەخێر، لیستی هیچ حیزبێک وەرنەگیراوە، من تەحەددای ئەو کەسە دەکەم ئەگەر بڵێ لیستی حیزب وەرگیراوە، تەنیا لیستێکم لەلایەن پارتییەوە بۆ هاتووە، لەناو ئەو لیستەدا خەڵکم هەڵبژاردووە.

**ڕووداو: کێ بۆی ناردووی؟**

**د.نەجمەدین:** لقی پارتی لە کەرکووک.

**ڕووداو: کەواتە حیزب بەئاشکرا دەستی لە دامەزراندنەکاندایە؟**

**د.نەجمەدین:** نەخێر، من لیستەکەم هەمووی قبووڵ نەکردووە؟

**ڕووداو: بەڵام پارتی گلەیی ئەوەت لێدەکات کە خەڵکی پارتی دەردەکەی؟**

**د.نەجمەدین:** وەکو؟

**ڕووداو: بۆ نموونە بەڕێوەبەری وەرزش و لاوان، هەتا باسی دکتۆرێک دەکەن لە پارێزگا، تۆ جێی ئەوت گۆڕیوە بە موزەمیدێکی یەکێتی؟**

**د.نەجمەدین:** یەکەمجارە دەیبیستم کە جێی دکتۆرم بە موزەمید گۆڕیبێ، من چەندین نووسراوت پێشان دەدەم لە لقی پارتییەوە بۆ من هاتووە بۆ دامەزراندن و گۆڕینی خەڵک. من لە لقی پارتییەوە نووسراوم بۆ هاتووە پارتییەک لادەبا چونکە بەرپرسی لق گۆڕاوە، دەڵێ لەبەر باری تەندروستی ئەو پیاوە بگۆڕن. دیارە خۆی فەحسی ئەو پیاوەشی کردووە کە دەڵێ نەخۆشەو یەکێکی دیکە بخەنە جێی؟

سەبارەت بە بەڕێوەبەری وەرزشیش، ئەوە پەیوەندی بەئێمەوە نەبووە، ئەو برادەرەی بەرپرسی وەرزش و لاوان ناوی هەبووە لە لێپرسینەوە و دادوەری، ئەندامی فیرقەی حیزبی بەعس بووە، وەزیری وەرزش و لاوان لە بەغدا بڕیاری لادانی داوە.

**ڕووداو: دەڵێن هەندێک بەرپرسی پارتی لەژێر فشاردان ببنە یەکێتی بۆ ئەوەی لە پۆستەکانیان بمێننەوە؟**

**د.نەجمەدین:** من تەحەدای تۆش و هەموو ئەو پارتییانەش دەکەم کە ئەو قسەیە دەکەن، من ئیمانم بەوە نییە خەڵک بە ترسی وەزیفە بیهێنی بیکەی بەشتێک. ئەگەر پارتییەک لەژێر فشار بکەی بە یەکێتی هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو تورکمان و عەرەبانەی ئێمە حیزبیان بۆ دادەنێین و دەیانکەین بە پارتی یان یەکێتی.

## دەبووایە سکاڵا لەسەر کاندید تۆمار بکەین نەک سندوقی هەڵبژاردن

**ڕووداو: حیزبایەتی ناکەی لە کەرکووک ؟**

**د.نەجمەدین:** نەخێر.

**ڕووداو: ئەی بۆ لەسەردانەکاندا ئەندامانی مەڵبەندی یەکێتی لەگەڵ خۆت دەبەی؟**

**د.نەجمەدین:** داوای ئەندامانی لقی پارتیشم کردووە، چوومەتە دوبز چوومەتە ئەو شوێنانە داوامان لێکردوون ئەندامی ناوچەیان ناردووە.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە چۆنە؟**

**د.نەجمەدین:** لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە پەیوەندیمان ئاساییە، زیاتر باسی خەڵک دەکەم لەوەی باسی قیادەکانیان بکەم، تەنانەت لەگەڵ سەرکردەکانیش پەیوەندی بەردەوامان هەیە، هەموویان دێن بۆ لامان، ئێمە دەچین بۆ لایان.

**ڕووداو: بەڵام دەڵێن لەگەڵ حەسەن تۆران، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا پەیوەندیت خراپە؟**

**د.نەجمەدین:** ئەوە ڕاست نییە، هەفتانە دوو سێ جار یەکدی دەبینین. ئێمە لەئیدارەدا پەیوەندی سیاسیمان خراپ نییە، ئەسڵەن پەیوەندی سیاسیمان زۆر باشە و زۆر نزیکیشە.

**ڕووداو: بەڵام تۆ نووسراو بۆ فەرمانگەکانی خوارەوەی خۆت ڕەوانە دەکەی، ئەویش نووسراو لەدژی تۆ دەنێرێ؟**

**د.نەجمەدین:** ئەوە مەسەلەی ئیدارەیە، لەکەرکووک ئیدارە پێشتر بەشێوەیەکی خراپ کراوە، پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا پێشتر قسەیان لەگەڵ یەکدی نەبووە و یەکیان نەبینیوە، عادەتێک پەیدا بووە لە ئەنجوومەنی پارێزگا کە زۆر ئیشی ئیداری هەیە، ئیشی ئەنجوومەنی پارێزگا نییە، ئیشی ئیدارەیە، جا ئێمە خەریکین ئەو شتە ڕاست دەکەینەوە.

**ڕووداو: بەڵام ئەنجوومەنی پارێزگا ئەنجوومەنێکی تەشریعییە و سیاسەت دادەنێت، جەنابت وەکو سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کەرکووکی؟**

**د.نەجمەدین:** نەخێر ئەمەیان دەبێ تۆزێک لێی تێبگەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک چۆنە؟ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئێستاش بەپێی یاسای بریمەر دەڕوات، هیچ دەسەڵاتێکی تەشریعی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی چاودێری هەیە.

**ڕووداو: ئەگەر بانگت بکەن بۆ بەردەم ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ لێپرسینەوە، دەچیت؟**

**د.نەجمەدین:** بەڵێ.

**ڕووداو: بەڵام تۆ ئەو ئەنجوومەنەت سرپ کردووە..**

**د.نەجمەدین:** چۆن سرپم کرووە؟

**ڕووداو: هیچ چالاکییەکی نەماوە..**

**د.نەجمەدین:** چالاکیی ئێستای زۆر لەو هەشت ساڵەی پێشوو باشترە، بودجەیەکی گەورەی هەیەو گفتوگۆی دەکات.

**ڕووداو: بەڵام پارەی پترۆ دۆلار بەس تۆ هەڵیدەسووڕێنی؟**

**د.نەجمەدین:** نەخێر کاکە، ئاخر من پێتدەڵێم تۆ شارەزاییت نییە لە مەسەلەکە، پترۆدۆلار لەگەڵ پارەی گەشەپێدانی هەرێمەکان بەپێی پرۆژەکان لە بەغداوە دێت، لە ژێر دەستی پارێزگار نییە بڵێن فەرموو تۆ خەرجی بکە.

**ڕووداو: ڕۆژنامەی ئاوێنە تۆمەتباری کردووی کە 100 ملیۆن دۆلارت لەو پارەیە داوەتە بەڵێندەرەکان؟**

**د.نەجمەدین:** ئەوە ڕۆژنامەی هاووڵاتی بوو، نەک ئاوێنە، 100 ملیۆن دۆلاریش نییە و 100 ملیۆن دیناریش نییە. ئێمە سێ پرۆژەمان هەیە، پرۆژەی باڵەخانەی پارێزگا، ئەو پارەیە هەمووی لە بودجەکە لەحیسابات وەریدەگرێ لە وەزارەتی پلاندانانەوە بە دەفعە دەفعە کە خەرجی دەکەی بۆت دێت. یەکێکی دیکەیان پارەی کامێرا و چاودێرییە، گرێبەستەکەمان وەرگرتووە و ڕەزامەندیمان بۆ هێناوە لە ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانی. هەندێک کەس پێشتر لە پارێزگای کەرکوک و لە ئەنجوومەنی پارێزگا بەکەیفی خۆیان پرۆژەیان بەلای خۆیاندا بردووە.

ڕووداو: ئەوانە کێ بوون؟

د.نەجمەدین: ناویان نابەم، ئەو برادەرانە ئێستا وەکو جاران ڕێگەیان نەماوە بە کەیفی خۆیان پرۆژە ببەن بۆ لای خۆیان، کۆمپانیاشیان هەیە، بەڵام دەیدەن بەخەڵک بۆ ئەوەی بەشێکی بۆخۆیان بچێ، چاودێری دارایی هەیە، پەرلەمان هەیە، هەر کەسێک بێت هەموو وەرەقەیەکی پیشان دەدەین، یەک دینار ئەگەر لەشوێنێکدا بزرکرابێ و بەئاگاداری ئێمە، ئامادەین بۆ لێپرسینەوە.

ڕووداو: ئەو کۆمپانیایانەت خستووەتە لیستی ڕەش؟

د.نەجمەدین: ئەمساڵ زیاتر لە 10 کۆمپانیامان خستووەتە لیستی ڕەشەوە. دوای ئەوە حەز دەکەم یەک شتت پێبڵێم، ڕێزم بۆ پارتی هەیە، ساڵەهایە ڕەفیقین، بەڵام خەڵکانێک هەن هەشت ساڵ بەرپرس بوونە لە کەرکووک فەشەلیان هێناوەو هیچیان بۆ نەکراوە، ئێستا چاویان بەوە هەڵنایەت کەرکووک جوان و پاکترە، ڕێگەوبانی هەیە، کارەبای باشترە، بێکاری تێدا کەمتر بووە، ئەو شتانەیان پێ قەبووڵ نییە.

**ڕووداو: نە ئۆپۆزسیۆن نە دەسەڵات گلەییەکی وایان لە تۆ نییە، ئایا پێشوەختە هیچ ڕێککەوتنێک هەبووە کە ببیتە پارێزگار ؟**

**د.نەجمەدین:** من بە بڕیاری سیاسی بووم بە پارێزگار، بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی، هەموو لایەنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا بە ڕێنمایی حیزبەکانی خۆیان دەنگیان بەمن داوەو یەک کەس دژی نەبووە. پەیوەندیم لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنیش باشە، من پارێزگاری هەموو خەڵکی کەرکووکم، بەڕاستی من پارێزگاری حیزب نیم؟

**ڕووداو: لەگەڵ قایمقام پەیوەندیت چۆنە؟**

**د.نەجمەدین:** قایمقام ئیشی خۆی هەیە و ئیشەکەشی دیارە، بۆ نموونە کە من پێیدەڵێم زێدەڕۆیی، مادەی ژمارە 54 دەسەڵاتی قایمقامی دیاری کردووە، دەڵێم وەرە کاکە تۆ کارەکەی خۆت بکە، بە ئاشکرا بە من دەڵێ من ناتوانم ئەوە بکەم چونکە حیزبەکەم گوشارم لەسەر دەکات.

**ڕووداو: ئەو دەڵێت حەوت مانگە نامبینیوە؟**

**د.نەجمەدین:** ئێ خۆی نایەت چی لێبکەم خۆ نانێرم لەدوای، ڕاست ناکات، چونکە ئێمە سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەی یەکەی ئیداریمان هەیە، ئەو تێیدا بەشدار بووە؟

**ڕووداو: ئەگەر سبەینێ بێت دەیبینی؟**

**د.نەجمەدین:** بەڵێ، مادام مەوزوعەکەت کردەوە با باسی بکەم، قایمقام بە نیسبەت ناو شاری کەرکووکەوە دەتوانێ لەگەڵ بەڕێوەبەری بنکەکان و پۆلیسی شارەوانی کۆببێتەوە. خۆ دووبزیش قایمقامەکەی پارتییە بۆچی لەگەڵ ئەو کێشەمان نییە. قایمقام خۆی سەیری نەکردووە دەسەڵاتی چییە و دەبێ چی بکات، گلەیی ئەوە دەکات دەبێ لەهەموو کۆبوونەوەکانی مندا بەشدار بێت، پێویست نییە لەهەموو کۆبوونەوەکاندا بەشدار بێت. قایمقام بەئاشکرا هاتووە بەمنی گوتووە دەڵێ حیزبەکەم زەختم لەسەر دەکات دەبێ من ئەم شتە بکەم، یەک پارێزگار لەکەرکووک هەیە، ببێ بە دوو پارێزگار تێکدەچێ.

**ڕووداو: ناکرێ ئێوە هەماهەنگییەکی وەهاتان لەگەڵ پارتی هەبێ کە دۆخەکە تێکنەچێ لەوێ؟**

**د.نەجمەدین:** ئیدارە ئیشەکانی بەباشی دەڕوات، خەڵک لە پشتیەتی و خەڵکی پارتیشی لەپشتە، بەڵام بەرپرس هەیە لە ناو پارتی لەوانەیە پێیان خۆش نەبێ، من هیوادارم دانیشتنیشمان هەبێ.

**ڕووداو: ئەو بەرپرسانە کێن؟**

**د.نەجمەدین:** لەناو یەکێتیش خەڵک هەیە پێی خۆش نییە هەندێک شت ببێ خۆ هەر پارتی نییە، لەناو یەکێتیش لەوانەیە خەڵک هەبێ ئەویش بەرژەوندی لێدرابێ.

**ڕووداو: ڕەوشی ئەمنی چ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە بینیوە، بەردەوام تەقینەوە ڕوودەدات ئێستا، بۆ پێتان کۆنترۆڵ نەکراوە؟**

**د.نەجمەدین:** ڕەوشی ئەمنی کەرکووک لەو کاتەوەی هەندێ ئیجرائاتمان کردووە بەتایبەتی پاش گرتنی سەرکردەی قاعیدە لە باشووری عێراق و کوشتنی ئەو کەسەی لەجێگاکەی دانرابوو، چەند کەسێکی دیکە و بەرپرسی ئەنسارولسوننە، دەستپێکردن بەدروستکردنی خەندەقەکە، باری ئەمنی کەرکووک باشتربووە، من دڵنیام پاش تەواوبوونی ئەو خەندەقە زۆر باشتر دەبێ.

**ڕووداو: بەو پێیەی پسپۆڕی نەخۆشییەکەی مام جەلالی و تەنیا تۆش بۆت هەیە مام جەلال ببینی، تەندروستی مام جەلال چۆنە؟**

**د.نەجمەدین:** مام جەلال تەندروستی بەرەو باشی ڕۆیشتووە و لەوە باشترە کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد، بەر لە کەمتر لە هەفتەیەک لەگەڵ مام جەلال بە تەلەفۆن قسەم کردووە، بەڵێ مام جەلال عیلاجی هەیە، مام جەلال

## قایمقامی کەرکووک دەڵێت فشاری پارتیم لەسەرە

دووره لێمانەوە بەڵام لەگەڵماندایە.

**ڕووداو: حەسەن عەلەوی لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری سفیل دەڵێ، دکتۆرەکەی بەڕێز تاڵەبانی، ڕاستی لەگەڵ ئێمە و لەگەڵ خوا و لەگەڵ خەڵک نەگوتووە، بۆ هیچ کاردانەوەیەکتان نەبوو؟**

**نەجمەدین:** ئێ ئاخر ئەویش دیارە بیری خۆی زۆر تەواو نییە، من خۆم هەموو ژیانی دکتۆریم، پسپۆڕی و ئیشم لە ئەمەریکا بووە، عەمەلیاتی زۆر خەڵکی بەناوبانگیشم کردووە. ئەو دکتۆرانەی ئەڵمانیا هەموو پرۆفیسۆرن، نازانم ئەو ئەگەر لە سووریا دکتۆری سووری بینیوە و قسەی ڕاستیان بۆ نەکردووە، ئێمە ئیشەکانمان بەو شێوەیە نەکردووە، ئێمە پرۆفیشناڵین لەئیشەکانمان.

**ڕووداو: لە هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ تەنیا جەنابت دەتوانی مام جەلال ببینی؟**

**د.نەجمەدین:** لەبەرئەوەی من دکتۆرم و لە نەخۆشییەکەی دەزانم.

**ڕووداو: بەڵام تا ئێستا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش هیچیان ناتوانن بەودڵنیاییەی کە جەنابت قسە دەکەی ئاوا قسە بکەن؟**

**د.نەجمەدین:** ئەو دکتۆرانەی لەوێ عیلاجی دەکەن بەڕاستی ئەوان بڕیاردەدەن کەی خەڵک دەتوانێ بچێ بۆ لای، مام جەلالیش 60 ساڵ زیاتر خەباتی کردووەو ماندوو بووە لە پێناوی ئەم میللەتە، ئێ ئەگەر ساڵێکیش یان شەش مانگ وەکو ئیجازەشی بدەیتێ عیلاجی خۆی بکا تاوەکو دێتەوە بۆ ئەو حەقەی نەبێ.

**ڕووداو: مام جەلال بە تەواوەتی دەتوانێ قسە بکات؟**

**د.نەجمەدین:** مام جەلال هەموو شتێکت لێتێدەگات، شتێکی بەدڵ نەبێ وەکو جاران تووڕەش دەبێ، مام جەلال خواردنیش دەخوات.

**ڕووداو: تەندروستی لەو ئاستەدایە کە بتوانێت لەسەر پرسی سیاسی ڕای خۆی دەربڕێ؟ یان بڕیار دەربکات؟**

**د.نەجمەدین:** مام جەلال ئاگای لەڕووداوەکانی ئێرەیە، ڕۆژی 6/1 ئێمە لەکەرکووکەوە هاتین بۆ هەولێر، کاک ڕەفعەت لەگەڵ کاک ئاسۆ کە هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسین لەگەڵ من بوون، ئەوان لەوێوە تەلەفۆنیان بۆ من کردو من قسەم لەگەڵ کرد، سڵاوی نارد بۆ ئەو خەڵکە، هەڵبەتە مام جەلال ئەگەر هیچ عەیبی نەبووایە و هەموو شتێکی باش بووایە دەهاتەوە بۆ ئێرە، مام جەلال هێشتا پێویستی بە چارەسەرە، هێشتا وەکو خۆی لێنەهاتووەتەوە، بەڵام وەکو گوتیشم بەرەو باشی دەڕوات.

**ڕووداو: لەئاستی ئەوەدایە بتوانێ ڕای سیاسی دەربڕێ؟**

**د.نەجمەدین:** لەڕووی ژیانی ڕۆژانە لە ڕووی سیاسی لەهەموو ڕوویەکەوە هێشتا پێویستی بەعیلاجەو ناتوانێ بێتەوە ئەو ڕۆڵە ببینێ ئەگەر بیتوانیایە بێتەوە ئەو ڕۆڵە ببینێ دکتۆرەکانی بڕیار دەدەن.

**ڕووداو: پێشتر گوتت بەو باشییە نییە کە بتوانێ بگەڕێتەوە وڵات و کاربکات، بۆ یەکێتی کردی بە سەرۆکی لیست؟**

**د.نەجمەدین:** نەمگوت بەو باشییە نییە، گوتم هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی بگەڕێتەوە کارەکەی خۆی بکا، مام جەلال سیمبولێکی گەورەی ئەو میللەتەیە، لەبەر ئەوەی نەخۆشە مانای وانییە ئیدی ئێمە مام جەلال بخەینە لاوە هیچ ڕۆڵێکی نەبێ، مام جەلال لێی دەپرسرێ بۆ ئەم شتانە، ئاگای لەو شتانەیە کە ئێمە دەیکەین. ئێمە زۆر گرنگە لەلامان مام جەلال سەرۆکی لیستەکەمان بێ، چونکە دەزانین خەڵکی زیاتر دێت هەر لەبەرخاتری مام جەلال دەنگ بۆ لیستەکە دەدات.

**ڕووداو: بەنیازن گرتەیەکی ڤیدیۆیی یان دەنگ و ڕەنگی مام جەلال بڵاوبکەنەوە؟**



(فۆتۆ:سیروان عەزیز)

**ڕووداو: لەسەر مەسەلەی دەستوور داوای سازانی نیشتیمانی دەکەن، مەبەستتان لەسازانی نیشتمانی چییە؟**

**د.نەجمەدین:** سازانی نیشتمانی هەر مەبەستی ئێمە نییە، مەبەستی هەموو لایەکە، مەبەستی ئۆپۆزیسیۆنە و مەبەستی پارتیشە، ئێمە هەفتەی پێشوو لەگەڵ برادەرانی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆبووینەوە، هەموو لەسەر ئەو ڕایەن، سازان یەعنی تەوافوق هەبێ ڕێککەوتنێک هەبێ چۆن لەو قەیرانە دەرچین.

**ڕووداو: ئێستا ڕایەک هەیە کە کەرکووکیش بەشداربێ لە نووسینەوە و دەنگدان لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان، تەنانەت بەشداربێ لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو بڕیارانەی لێرە دەدرێن کاریگەری لەسەر کەرکووک هەیە، ئایا حیزبە**

## ئەگەر مام جەلال هیچ عەیبی نەبووایە دەگەڕایەوە

**کوردستانییەکان و دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن کەرکووکیان لە هاوکێشەی سیاسی و نیشتیمانی سڕیوەتەوە؟**

**د.نەجمەدین:** سوپاست دەکەم کە ئەو بابەتەت ورووژاند، چەند جارێک خۆم باسی ئەوەم کردووە کە نەک تەنیا لەسەر دەستوور، بەڵکو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش دەبێ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان مافی بەشدارییان هەبێ، چونکە ئەم پەرلەمانە بڕیار لەسەر هەموو باشووری کوردستان دەدات، بەڵام نوێنەری کەرکووکی تێدا نییە، من چەند جار نموونەی کرواتیام بۆ هێناونەتەوە، کە هەڵبژاردن دەکرێ ئەو کرواتیانەی لە بۆسنیا دەژین بەشداری تێدا دەکەن و نوێنەریشیان هەیە لەپەرلەمانەکەدا. من ڕەخنەم لەو دەستوورەش هەیە کە چارەسەری ئەو شوێنانەی بە تەواوی نەکردووە.

**ڕووداو: ئەگەر دەستوور بخرێتە ریفراندۆمەوە پێتوانییە مەشروعییەتێک دەدات بەوەی کە کەرکووک بەشێکە لەکوردستان؟**

**د.نەجمەدین:** ئەگەر ئەو دەستوورە بەبێ خەڵکی کەرکووک و شەنگال و خانەقین و شوێنەکانی دیکە بخرێتە ریفراندۆمەوە، مەعنای وایە ئەو شەرعیەتەی نییە کە ئەو ناوچانە بەشێکن لە کوردستان.

**ڕووداو: ئالیەتێکی پێشنیازکراوت هەیە بۆ ئەوە؟**

**د.نەجمەدین:** بە بڕوای من ئەوانەی خەڵکی کوردستانن، نەک تەنیا کورد لە کەرکووک و لەو شوێنانە بەڵکو عەرەب و تورکمانیش دەبێ حەقی ئەوەیان هەبێ دەنگ لەسەر دەستوور بدەن.

**ڕووداو: ئایندەی یەکێتی بەرەو کوێ دەچێت؟**

**د.نەجمەدین:** ئایندەی یەکێتی باشە، یەکێتی ئەمڕۆ بەهێزترە لە 2009 کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرا، ئەوکاتە گۆڕان تازە جیابووبووەوە، ئەمڕۆ یەکێتی بەهێزترە، ئێمە دڵنیاین.

ڕووداو هونەری
ژمارە (267) دووشەممە 2013/7/1

## زۆیا دایک و نیشتمان لەبیر ناکات



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ زۆیا ئێستا سەرقاڵی دوو بەرهەمی نوێیە کە باس لە خۆشەویستی دایک و نیشتیمان دەکەن. دەربارەی ئەو بەرهەمە نوێیانەی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا سەرقاڵی کارکردنم بۆ هەردوو بەرهەمەکە کە بەشێک لەکارەکانیان تەواو بووە".

گۆرانییە نیشتمانییەکە لە شیعر و ئاوازی سوارە محەممەدە و گۆرانی دایکیش، گۆرانییەکی حەسەن یوسفە و زۆیا دووبارەی دەکاتەوە.

### درامای خۆماڵییان نییە

# بۆ ڕەمەزان کەناڵە کوردییەکان بە درامای بیانییەوە خەریکن

**میوا سەلاح خەیری**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسانی کەناڵە کوردییەکان دەڵێن بەهۆی نەبوونی درامای خۆماڵی، شەوانی ڕەمەزان شاشەکانیان بە درامای دۆبلاژکراو پڕدەکەنەوە.

کەناڵی ئاسمانی سپێدە، کە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە و بە بۆنە و بێ بۆنە شەوانە درامای هەیە، بە نیازە بۆ ڕەمەزانی ئەمساڵ دوو دراما پەخش بکات، بەڵام هیچیان خۆماڵی نین. بوخاری جەمیل، بەڕێوەبەری ئەو کەناڵە گوتی "لە ڕەمەزاندا هەردوو درامای سەلاحەددین ئەیوبی و یارانی ئەشکەوت پەخش دەکەین، بەڵام هیچیان خۆماڵی نین".

تەنیا هەفتەیەکی ماوە بۆ مانگی ڕەمەزان، بەڵام کامل فەخرەددین، بەڕێوەبەری بەرنامەکانی کوردستان تیڤی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هێشتا دیار نییە بۆ مانگی ڕەمەزان درامایان دەبێت یان نا "تا ئێستا هیچ درامایەکمان نییە بۆ مانگی ڕەمەزان، لەوانەیە لەو دوو ڕۆژە بۆمان دەربکەوێت کە ئایا درامای کوردی دەبێت بۆ پەخشکردن یاخود نا".

کەناڵی ئاسمانی زاگرۆسیش هیچ درامایەکی خۆماڵی نییە بۆ ڕەمەزان و دراما دۆبلاژکراوە کۆنەکان پەخش دەکاتەوە. زەهاوی سنجاوی، بەرپرسی بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس لەوبارەیەوە گوتی "تەنیا درامای پۆلیسیاسی دۆبلاژی کوردی بەردەوام دەبێت لە مانگی ڕەمەزان".

هەندێک کەناڵ حاڵیان لە کەناڵەکانی دیکە باشترە و چەند کارێکی بچووکی خۆماڵییان هەیە.

دەروون گێژەن، بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی NRT2 کە کەناڵێکی هونەرییە، ئاشکرای کرد کە بۆ مانگی ڕەمەزان چەند کارێکی درامی ئامادە کردووە، لەگەڵ چەند ئەڵقەیەکی تەلەفزیۆنی بۆ هونەرمەندی کۆمیدی ماهیر حەسەن، کە هەر ڕۆژێک لەسەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی دەدوێت، هەروەها درامای دۆبلاژکراویشیان هەیە بە ناوی حەسەن و حوسێن و وا بڕیارە لە مانگی ڕەمەزان نمایش بکرێت".


یادگار جەلال، لە کەناڵی ئاسمانی پەیام گوتی "لە مانگی ڕەمەزاندا دوو درامای کوردیمان ئامادە کردووە بە ناوەکانی (نیاز و ڕووناکی) کە هەر ئەڵقەی 10 خولەک تا 20 خولەک دەبێت و هەر جارێکیش لەسەر بابەتێک دەبێت".

محەممەد جانۆ، بەڕێوەبەری هونەری دراما لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەربارەی نمایشکردنی درامای کوردی لە مانگی ڕەمەزان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" ئێمە وەک بەشی دراما دوو بەرهەمی درامای کوردیمان هەیە بۆ مانگی ڕەمەزان یەکیان بە ناوی ڕەوتی ژیان لە دەرهێنانی مەهدی حەسەنە، هەروەها درامای دووەم بە ناوی ئەناهیتایە لە دەرهێنانی خۆم، بەڵام هەندێک کاریان تێدا ماوە ئەگەر تەواو بێت بۆ مانگی ڕەمەزان لەسەر شاشەی تیڤییە کوردییەکان دەیبینن".

درامای کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە کێبڕکێی دراما بیانییەکان بکات، هەرچەندە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەشێکی هەیە بەناوی هونەری دراما و چەندین کارمەندی هونەریی هەیە، بەڵام لەساڵێکدا تەنیا دوو درامای بەرهەمهێناوە و تەنیا یەکێکیشیان ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە



## درامای میسری 50% کەمیکردووە



ئەم پەتایە خەریکە درامای عەرەبیش دەگرێتەوە، بەتایبەتی درامای میسری کە ئێستا بە هۆی کێشەی ئابووری و کێشەی سیاسی تووشی قەیران بووە، ژمارەی بەرهەمهێنانی زنجیرە دراماکان لە میسر لە 82 دراماوە دابەزیوە بۆ 40 دراما بە بەراورد بە ڕەمەزانی ڕابردوو

هونەرمەندی کۆمیدی عادل ئیمام لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندبوو "کێشەیەکی مەزن لە بواری کەمیی درامای میسری هەیە لەو دوو ساڵەی ڕابردوو، لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا درامای میسری ئەو پاشاگەردانییەی ئێستای بەخۆیەوە نەبینیوە".

درامای میسری لە سەردەمی محەممەد مورسیدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بۆ یەکەمجار لە میسر درامایەک بەبێ بەشداری ئافرەت بەرهەمهاتووە و وابڕیاریشە لە مانگی ڕەمەزاندا لە کەناڵی ئەلحافز پەخش بکرێت، ئەمەش کاردانەوەیەکی زۆری لەنێو هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی میسر لێکەوتەوە.

بەرپرسێکی کەناڵەکە بە ڕۆژنامەکانی میسری ڕاگەیاندووە "دەرکەوتنی ئافرەت لەنێو دراماکان بەهیچ شێوەیەک ناگونجێ لەگەڵ سیاسەتی کەناڵەکەمان".

پسپۆڕانی بواری درامای میسری دەڵێن ئەو درامایانەی ئەمساڵ بەرهەمهێنراون، کەمتر باس لە سیاسەت دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێستا ئیخوانەکان و گرووپە سەلەفیەکان دەستیان بەسەر جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتدا گرتووە، بۆیە بەناچاری زۆربەی چیرۆکی ئەو درامایانە باسی کێشەی کۆمەڵایەتی تەقلیدی و کۆنی ناو کۆمەڵگا دەکەن.

بەڵام کاریگەرترین دراما کە باس لە سیاسەت دەکات، زنجیرە درامای (الداعیە)یە، چیرۆکی دراماکە باس لە بانگخوازێکی ئیسلامی دەکات کە لە کەناڵێکی ئاسمانی کاردەکات و ژەنیارێکی کەمان دەناسێت و زۆر حەز دەکات فێری میوزیک ببێت، بەڵام لەبەر کارەکەی ناتوانێت ئەو ئاواتەی ئاشکرا بکات. هەر بۆیە لە ئێستاوە ئیسلامییەکان ئەم درامایە بە دژی ئاین و بانگخوازەکان دەزانن و هەوڵدەدەن لە ڕێگای دادگاوە سکاڵا بەرز بکەنەوە بۆئەوەی ئەو درامایە لە پەخشکردن ڕابگرن.

هەروەها زنجیرە درامای (العراف) لە چوارچێوەی سیاسەت کاری کردووە، مرۆڤێکی دز و ڕێگری بەناوبانگ دوای ڕووخانی ڕژێمی موبارەک دەبێتە سیاسیەکی گەورە و گەلێک پلەو پایەی بەرز وەردەگرێت.

# کوردێک بۆ سویسرا چووە ئۆلۆمپیادی تورکیا



**ڕووداو- کۆڵن**

جگە لە گەیلان تاهیر خۆشناو، کچە کوردێکی دانیشتووی سویسراش بەناوی ئەو وڵاتەوە بەشداری فێستیڤاڵی فەزالەری کرد کە کۆتایی مانگی ڕابردوو لە شاری ئیزمیری تورکیا بەڕێوەچوو.

زیاتر لە 2000 گەنج لە 40 وڵاتەوە بە خوێندنەوەی هۆنراوە و گوتنی گۆرانی بەشدارییان لەو فێستیڤاڵە کرد کە دوو لە بەشداربووانی کورد بوون، جگە لە گەیلان کە لە هەولێرەوە چووبووە فێستیڤاڵەکە، بێریڤان دۆغان، تەمەن 14 ساڵیش کە دانیشتووی سویسرایە یەکێکی دیکە بوو لە بەشداربووانی.

بێریڤان لە شاری بازل دەژیت و لە پێشبڕکێی ئامادەکارییەکانی ئۆلۆمپیادەکەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بەوشێوەیە بووە نوێنەری سویسرا. پێش ئەوەی بچێتە ئیزمیریش هەندێک کاژێر و چوکلێتی ئەو وڵاتەی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی ڕێکلامیان بۆ بکات.

بێریڤان دۆغان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی گرێنچنەر تاگبلات، چیرۆکی بەشداریکردنی لە ئۆلمپیادی تورکیادا باسکرد و گوتی لەسەر داوای بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بووە. بێریڤان لە شاری زیوریخی سویسرا بەشداری قۆناخی کۆتایی ئەو پڕۆگرامە بوو. دواتر چووە شاری ئیزمیر و لەوێش بەشداری قۆناخی پێش کۆتایی کرد و هۆنراوەیەکیشی پێشکەشکرد.

بێریڤان کە هۆنراوە دەنووسێ، لەبارەی ئەوەی بە چ زمانێک بیردەکاتەوە، بێریڤان دەڵێ "مرۆڤ چەندە زمانی زیاتر بزانێت، ئەوەندەش دەتوانێت زیاتر خۆی پێناسە بکات. من بە زمانی تورکی، کوردی و ئەڵمانی بیردەکەمەوە."

بێریڤان لە سویسرا لەدایکبووە و بۆ یەکەمینجارە سەردانی شاری ئیزمیر دەکات بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵە. ئەو زۆر دڵخۆشبوو بە بەشداریکردنی لەو پرۆگرامە. هەروەها گوتی بەهۆی باش زانینی زمانی تورکی زۆر کەس سەرسامی بوون. بێریڤان لە ئیزمیر بێجگە لە ناساندنی سویسرا و خوێندنەوەی هۆنراوە، بە ژەنینی ئامێری زوڕنای ئالپێ بەشداری ئۆلۆمپیادەکە بوو.

بێریڤان باسی تێکستێکی تایبەت دەکات کە زۆر حەزی لێیە و دەڵێ "تێکستی (واتا و بوون) کە لەوێ پێشکەشم کرد لەسەر مانای ژیان و ڕۆڵی تاکەکەسانە لە ژیاندا."

جگە لەو کچە کوردە، گەیلان تاهیر خۆشناو، کە دانیشتووی شاری هەولێرە و قوتابی قوتابخانەی ئیشقە، بە گۆرانی بەشداری لەو ئۆلۆمپیادە کرد و پلەی چوارەمی بەدەستهێنا. گەیلان توانی بەو گۆرانییە کە بەناوی "مەغرور مەبە پاشام". سەرنجی ئامادەبووانی ئۆلۆمپیادەکە ڕابکێشێت، لەوانەش ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا کە بۆ گەیلان هەستایە سەرپێ و چەپڵەی بۆ لێدا.

### عاشق تەمەلی:

## 2000 هۆنراوە و 300 گۆرانیی ئامادەن

# "خۆم بۆ ماچکردنی خاکە پیرۆزەکە ئامادە دەکەم"

**فیراز باران**
**ڕووداو-ئەڵمانیا**

عاشق تەمەلی، 38 ساڵە لە کارگەیەکی دروستکردنی تەراکتۆر کاردەکات و ساڵێکی دیکە خانەنشین دەبێت. هەر ئێستا ئامادەکاری بۆ ڕۆژانی خانەنشینی دەکات و دەڵێت "2000 هۆنراوەم نووسیوە، زیاتر لە 300 گۆرانیم ئامادەن و دەمەوێ دوای خانەنشینی ئەو هۆنراوە و سترانانە تۆمار بکەم."

عاشق تەمەلی، جگە لەوەی گۆرانیبێژە، نووسەریشە، تاوەکو ئێستا 6 پەرتووکی هەن: حەسرەتی هەزار ساڵ، لە ساڵی 1984. ئەز سنووران ناخوازم برایێ من، 1987. نامرم، حەسرەتا سەد سالان 2008. رهـ و ریچکێن مە 2009. زمانێ مە دەروونا مە 2009.

عاشق تەمەلی لە ساڵی 1975 یەکەم کاسێتی گۆرانی لە ئەورووپا تۆمار کردووە بە ناوی دەنگی کارکەر، پاشان چەند کاسێتێکی دیکەی تۆمار کردووە لەوانەش دەنگی دیموکراتە شۆڕشگێڕان 1977، سڵاو بۆ برایەتی گەلانی کورد و تورک 1979. ئەگەرچی دوای ئەو ساڵە عاشق تەمەلی هیچ کاسێتی دیکەی دەرنەکرد، بەڵام هەمیشە هۆنراوەی نوێی نووسیوە و گۆرانی دروستکردووە. ئێستا ئامادەکاری ئەوە دەکات کە ئەو سترانانە تۆماربکات.

عاشق تەمەلی دەڵێ "هۆنراوەی ئامادەم هەن بۆ گۆرانی، بەڵام تۆمارێکی بە دەنگ و بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵی نییە. هەوڵدەدەم نۆتەیان بۆ دابنێم و CD دروست بکەم."

### سەدان سروودی شۆڕشگێڕی

عاشق تەمەلی، ساڵی 1948 لە گوندی دالیقەواخی سەر بە ناوچەی ساریزی شاری قەیسەری لەدایکبووە. تاوەکو تەمەنی 16 ساڵی لەو گوند و کوێستانە ژیانی بەسەربرد. لە نێوان ساڵانی 1964-1966 لەناوچەی ساریز و پینارباشیی قەیسەری کاری لەگەڵ پارتی کرێکارانی تورکیا کردووە. لەو ساڵانەدا لە ساریز و پینارباشی لایەنگرانی ئەو پارتە بە ڕێژەی 80% زیادی کرد.

عاشق تەمەلی، لە نێوان ساڵانی 1966-1973 لە شاری ئیستەنبوڵ کاری سەندیکایی



دەکرد و زۆر ئەنجامی باشی بەدەستهێنا. بۆ نموونە ژمارەی پێوانەیی پەیمانی زیادکردنی مووچەی کرێکارانی لە تورکیا تۆمارکرد. ئەوکاتە مووچەی کرێکاران بە ڕێژەی 143% زیادی کرد.

ئەو ساڵانەی لە شاری ئیستەنبوڵ بوو، سروودی شۆڕشگێڕی تۆمار دەکرد، بەپێی هەندێک توێژینەوە ئەو سروودانەی لەنێوان ساڵانی 1968-1973 لە تورکیا هاتنە بەرهەم 80%یان لەلایەن عاشق تەمەلییەوە دروستکراون. تەمەلی لە ساڵی 1974 ڕووی لە ئەڵمانیا کرد و لەوکاتەوە لەوێ ژیان بەسەر دەبات.

بەرهەم و یادەوەرییەکانی زۆرن و پڕی ئەزموونە. بۆ نموونە دروشمی شۆڕشگێڕی بەناوبانگ "بژی برایەتی گەلی کورد و تورک" کە دەنیز گەزمیش، سەرکردەی بزووتنەوەی چەپی تورک دەیگوتەوە، لە ژێر کاریگەری سروودەکانی عاشق تەمەلییە. چونکە برادەری نزیکی یەکدی بوون. ئەو سەرکردە چەپە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە لە سێدار درا.

بەهۆی سروودە شۆڕشگێڕییەکانی عاشق تەمەلی، بە سەتان دۆستی لە نێو پێشمەرگە و گەریلا و مامۆستا و هونەرمەندی کورد پەیدا کردووە، هەروەها دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ پارتە کوردییەکاندا هەیە، لەوانەش پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

### "سڵاو بۆ وەزیری پێشمەرگە"

عاشق تەمەلی دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ زۆر لە سەرکردەکانی کورد هەیە و بە نیازە یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە و دەڵێت "زۆر کەسایەتیم ناسیوە و زۆر شتم لایە."

لەڕێی (ڕووداو)یشەوە سڵاو دەنێرێ بۆ دۆستێکی خۆی لە باشووری کوردستان، ئەویش شێخ جەعفەر مستەفا، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

عاشق تەمەلی دەڵێت لەگەڵ شێخ جەعفەر پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە وگوتیشی "جارێکیان شێخ جەعفەر بریندار بوو و بۆ ماوەی یەک مانگ لە ماڵی ئێمە مایەوە. چەند ساڵێک لەمەوبەر ئێمەی بانگهێشت کردبوو بۆ باشووری کوردستان، بەڵام سافیای هاوسەرم نەخۆشکەوت و دواتر گیانی لەدەستدا ،نەمانتوانی بچینە ئەوێ، دوای ئەوەی خانەنشین دەبم، دەمەوێ بچمە باشووری کوردستان و خاکە پیرۆزەکەی ماچ بکەم."

ڕووداو
ژمارە (267) دووشەممە 2013/7/1

## خوێندنگایەکی کوردی لە هۆڵەندا داوای هاوکاری دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

خوێندنگەیەکی کوردی بە ناوی خوێندنگەی هیوا بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە شاری دێلفتی هۆڵەندا دەکرێتەوە، مامۆستایانی خوێندنگاکەش داوای هاوکاری هەموولایەک دەکەن بۆ سەرخستنی پرۆژەکەیان. ئەو مامۆستایانە کە خۆبەشخانە ئەو قوتابخانە کردووەتەوە دەڵێن بۆ گۆشکردن و پێگەیاندنی جگەرگۆشەکانیان و فێرکردنیان بە زمانی دایک، ئەو هەنگاوەیان ناوە. لە هەمانکاتدا دەیانەوێت خوێندنگاکەیان بێلایەنی خۆی بپارێزێت و ماڵی هەموو کورد بێت، چونکە لەپێناوی ئەو جگەرگۆشانەدا ئەو خوێندنگایەیان کردووەتەوە.

# ویلایەتێکی ئەڵمانیا پاشناوی بەزۆر سەپێنراو لەسەر کوردی باکوور هەڵدەگرێ




**ڕووداو- کۆڵن**

بیلکای ئۆنەی، وەزیری ئینتیگراسیۆنی ویلایەتی بادن ڤویرتمبێرگی ئەڵمانیا داوای لە وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا کرد کە ئەو کەسانەی پاشناوەکانیان بەبێ ڕەزامەندی خۆیان بەسەریاندا سەپێندراوە، ڕێگەیان پێبدرێت لە ئەڵمانیا پاشناوی خۆیان بگۆڕن.

لە ئەڵمانیا بەپێی یاسا، ئەوانەی هۆکارێکی گرنگیان هەبێت دەتوانن پاشناوی خۆیان بگۆڕن. بەڵام بۆ گۆڕینی پاشناو تەنیا هۆکاری گرنگ پێویست نییە، بەڵکو پێویستە خاوەنی داواکارییەکە ڕێگایەکی درێژی بیرۆکراتی ببڕێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

بیلکای ئۆنەی، وەزیری ئینتیگراسیۆنی ویلایەتی بادن ڤویرتمبێرگی ئەڵمانیا کە بەرەچەڵەک تورکە، داوای کرد بێجگە لەو کەسانەی کە "هۆکاری گرنگ"یان هەیە، ئەوانەی بە زۆرەملێش پاشناویان بۆ دانراوە، بتوانن بە ئاسانی پاشناوەکانیان بگۆڕن. بیلکای ئۆنەی بۆ نموونە ئاماژەی بە پاشناوی ئەو ئاشووری، سریانی، ئەرمەنی و کوردانە کرد کە ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان وەرگرتووە.

ئۆنەی لە نامەکەیدا بۆ پێتەر فریدریش، وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا گوتی زۆر جار لەکاتی دانیشتنیدا لەگەڵ نوێنەری خەڵکی ئەرمەن و کورد داوای لێکراوە کە ڕێگەیان پێبدرێت پاشناوە تورکییەکانیان بگۆڕن و پاشناوێک کە بە زمانی خۆیان بێت بۆ خۆیان هەڵبژێرن "هەر کەسێک کە بە زۆر پاشناوی بەسەردا سەپێندرابێت، پێویستە ڕێگەی پێبدرێت پاشناوی خۆی بگۆڕێت."

یاسای ژمارە 2525 ، یاسای دانانی پاشناوە لە کۆماری تورکیا کە لە 21ی حوزەیرانی 1934 پەسەندکراوە و لەو کاتەوە دەوڵەت پاشناوی تورکی بۆ هەموو هاووڵاتیەکی تورکیا دادەنێت.

# پۆلیسی بەلجیکا پێنج قاچاخچی کورد دەستگیر دەکات

**ڕووداو- کۆڵن**

ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو پۆلیسی بەلجیکی تۆڕێکی قاچاخچیانی دەستگیرکرد کە هەموویان کوردبوون و پەنابەریان بە قاچاخ لە بەلجیکاوە ڕەوانەی بەریتانیا دەکرد.

لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتەدا 5 ئەندامی ئەو تۆڕە دەستبەسەرکران، بەپێی زانیاری پۆلیسی بەلجیکی، ئەو گرووپە پەناخوازی نایاساییان لە بەلجیکا و فەرەنساوە بە ڕێگای قاچاخ ڕەوانەی بەریتانیا کردووە، بە تایبەتی لەسەر سنووری فەرەنسا کە پەناخوازانیان سواری کامیۆن دەکرد و دواتریش بەهۆی کەشتی ڕەوانەی بەریتانیایان دەکردن.

گوتەبێژی پۆلیسی شاری بروگی بەلجیکا لەوبارەوە ڕایگەیاند، هەموو شەوێک نزیکەی 50 پەنابەر لە پارکی وەستانی کامیۆنەکان چاوەڕێی قاچاخچییەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی بیانگەیەننە بەریتانیا. قاچاخچییەکان بەرامبەر ڕەوانەکردنی هەر پەناخوازێک بەهۆی کامیۆنەوە بۆ بەریتانیا 4000 یورۆیان وەردەگرت. ئەو پەناخوازانەی بەهۆی ئەم ڕێگایەوە دەگەیشتنە بەریتانیا خەڵکی وڵاتانی ئەفغانستان، پاکستان، هیندستان و عێراق بوون.

بەپێی ڕۆژنامەی (Flanderninfo)ی بەلجیکی، ئەندامانی ئەو تۆڕە کە سەرجەمیان کوردن، زۆر خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پەناخوازاندا کردووە، هەر بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس، ژمارەیەکی زۆری شۆفێری کامیۆنەکان ئاگایان لەوە نەبووە کە پەناخوازی نایاسایی سواری کامیۆنەکانیان کراون. کاتێک ئەوەیان دەزانی و هەوڵیان دەدا ئەو خەڵکە لەناو کامیۆنەکانیان دابەزێنن، تووشی کێشە دەبوون لەگەڵ قاچاخچییەکان.



# کۆمەڵەیەکی کوردی دەبێتە باشترین ڕێکخراوی سوێدی بۆ خزمەتکردنی منداڵان






**نەسرین ڕۆژکان**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

گەنجێکی کورد لە سوێد کۆمەڵەیەک بۆ منداڵان و گەنجانی کورد دادەمەزرێنێ و بەهۆی ئەو کۆمەڵەیەوە ژیانی سەتان گەنج دەگۆڕێت.

ئامانج ڕەنجبەر بەشی پزیشکی ڤێترنەری لە باشووری کوردستان خوێندووە، چەند ساڵێکە لە شاری ستۆکهۆڵمی سوێد دەژیت و ماوەیەک لە سەنتەرێکی سوێدی کاری وەرگێڕی کردووە بۆ ئەو منداڵانەی کە ڕەوشی دەروونییان خراپ بوو.

ئامانج لە ساڵی 2005 بڕیاری دا شتێک بۆ ئەو منداڵانە بکات و کۆمەڵەیەکی وەرزشی بۆ دامەزراندن. کۆمەڵەی ئارمانج سەرەتا کۆمەڵەیەکی زۆر سادە و ساکار بوو، بەڵام ئێستا خەریکە ببێتە کۆمەڵەیەکی نێودەوڵەتی، بەهۆی ئەو خەڵاتانەی لە پێشبڕکێ نێودەوڵەتییەکان بەدەستیهێناون.

کۆمەڵەکە، لە گەڕەکێکی بچووکی ستۆکهۆڵم کە زۆربەی دانیشتوانی بێگانە بوون دامەزرا، سەرەتا لەژێر ناوی یانەی وەرزشی تێنسی ڕینکەبی کاری خۆی دەکرد. زۆر جۆری وەرزش لەژێر چەتری کۆمەڵەکەدا ئەنجام دەدرێن لەوانەش: تۆپی پێ، تۆپی دەست، دانسی جۆراجۆر، بەڵام ئێستا هەوڵدەدەن چالاکییەکانیان فراوانتر بکەن.

ئامانج دەڵێ ئەم منداڵانە زۆر حەزیان لە چالاکی و تێکەڵبوونە لەگەڵ کۆمەڵەکان. بەڵام زمانی سوێدییان نەدەزانی، نەیاندەتوانی بەشداری کۆمەڵەی سوێدی ببن و خەمی وەرزشکردن لە دڵیاندا دەمایەوە "بۆیە ئەو کۆمەڵەیەم بۆ دامەزراندن".

ئەو کۆمەڵەیە کە ئێستا 570 ئەندامی هەیە، لە هەموو ئەو نەتەوانەی لە سوێد دەژین، ئەندامیان هەیە. ئەو گەنجە کوردە دەڵێت "پرسی ئێمە تەنیا وەرزش نییە، بەڵکو ئەوەیە کە هاووڵاتی دڵسۆز و ئاشتیخواز پەروەردە بکەین، پێشتر ئێمە ناومان وا ڕۆیشتبوو کە شەڕخوازین، بەڵام دوای هەر یارییەک، ئەگەر سەرکەوتنیشمان بەدەست نەهێنابا، دیاریمان دەدایە ڕکابەرەکانمان و هەروەها سوپاسی دادوەرانی یارییەکەمان دەکرد. ئەمەش بووە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئێمە، هەر کەسێک دەیویست منداڵی خۆی بێنێتە لامان، تاوەکو ڕێگای ڕاستیان پێشان بدەین".

ئێستا جگە لە منداڵانی کورد، منداڵی نەتەوەکانی دیکەش لە نێو ئەو کۆمەڵەیەدا هەن، ڕەنگی ئاڵای کۆمەڵەکەش زەرد و شینە، هەمان ئەو ڕەنگانەی کە لە ئاڵای سوێد هەن، کۆمەڵەکە بەم کارەی خۆی سەرکەوتوو بووە، خەڵاتی جۆراجۆری وەرگرتووە، بۆ نموونە ساڵی 2009 خەڵاتی باشترین یانەی وەرگرتووە لە خزمەتکردنی منداڵان.

مانگی ڕابردووش کۆمەڵەکە لەلایەن بەشی وڵاتانی باکووری کۆمپانیای واڵت دیزنی، بە شایستەی خەڵاتکردنێک هەڵبژێردرا، خەڵاتەکەش ئەوەیە کە دوو منداڵی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی لە سەیرانگای واڵت دیزنی لە پاریس زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ، یاریزانی بەناوبانگی تۆپی پێی جیهان، ببینن.

بێریڤان یەڵدز، 9 ساڵ، یەکێکە لەو منداڵانە و لە خۆشیدا مەستبووە کە دەزانێ چاوی بە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ دەکەوێت. بێریڤان یەڵدز نزیکەی 4 ساڵە یاری تۆپی پێ دەکات، بەڵام نایەوێ ببێتە یاریزانێکی گەورە و خەونی زیاتر ئەوەیە کە ببێتە پزیشک.

کۆمەڵەکە ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە لە شاری ستۆکهۆڵم، ئیدی خۆی بۆ کاری گەورەتر ئامادە دەکات، بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکە ئێستا کار لەسەر پرۆژەیەک دەکات کە ئاستی وەرزش لە قوتابخانەکانی سوێد باشتر بکات.

### لە باکووری کوردستان

# مامۆستایانی کورد و ئەڵمان قوتابخانەیەکی نموونەیی دەکەنەوە

**سەیدخان کوریژ**
**ڕووداو- کۆڵن**

چەند مامۆستایەکی کورد و ئەڵمان، پرۆژەیەکیان ئامادە کردووە بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەک لە باکووری کوردستان بەناوی "قوتابخانەیەک بۆ کوردستان" کە هەمان ناوی کۆمەڵەکەیانە.

ئەو کۆمەڵەیە ڕۆژی 9ی حوزەیرانی ڕابردوو لە شاری کۆڵن کۆبوونەوە و بڕیارياندا قوتابخانەیەکی فرەزمانی لە یەکێک لە شارەکانی باکووری کوردستان بکەنەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا 5 کەس هەڵبژێردران بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکەو مامۆستا سلێمان ئاتەش، دووبارە بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرایەوە.

کۆمەڵەی "Eine Schule für Kurdistan" ساڵی 1992 لە شاری کوێلن دامەزراوە و ئەندامەکانی مامۆستای کورد و ئەڵمانن. ئەو کۆمەڵەیە کە کار لەسەر زمانی کوردی دەکات، تاوەکو ئێستا 2 قوتابخانەی لە باشووری کوردستان کردووەتەوە، یەکەمیان لە ساڵی 1994 لە گوندێکی سنووری هەڵەبجە و دووەمیشیان لە ساڵی 1995 لە گوندێکی دەڤەری بارزان.

کۆمەڵەکە تاوەکو ئێستا 2 پەرتووکی پرۆگرامی خوێندنی بە هەردوو زمانی ئەڵمانی و کوردی بۆ وانەی زمانی کوردی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە ئەڵمانیا ئامادەکردووە.

سلێمان ئاتەش، سەرۆکی کۆمەڵەکە لەبارەی هۆکاری بڕیاری دروستکردنی قوتابخانەی فرەزمانی لە باکووری کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "دەمانەوێ پرۆژەیەکی شایستە لە باکووری کوردستان دروستبکەین، قوتابخانەیەکی فرەزمانی کە دەبێتە نموونەیەکی دەگمەن بۆ زمانی دایک. دەمانەوێ قوتابخانەیەک بکەینەوە کە بە زمانی تورکی، کوردی (کرمانجی و زازاکی)، ئارامی، ئەرمەنی، چەرکەزی و لازی تێیدا بخوێندرێت". گوتیشی "سەرەتا دەمانەوێ شوێنێک بدۆزینەوە کە هەموو ئەو نەتەوانەی تێدا بن. جگە لەوەش ئێمە لە ئەڵمانیا و تورکیا سەرقاڵی دروستکردنی پەیوەندین لەگەڵ مامۆستا و زانکۆکاندا، دەمانەوێ پرۆژەی ئامادەکردنی پەرتووکی وانەی کوردی ئامادە بکەین".

وەک سلێمان ئاتەش ئاماژەی بۆ کرد، تاوەکو ئێستا پەیوەندییان لەگەڵ زانکۆی ئارتوکلوی مێردین، بۆگازیچی لە ئیستەنبوڵ و زانکۆی شاری گراس لە نەمسا دروستکردووە. گوتیشی "کۆمیتەیەک دروست دەکەین بۆ ئامادەکردنی پەرتووکی خوێندن".




RÛDAW
دەشتی رواندزی
ئامادەکار و بێژەری هەواڵی سیاسی
پێشکەشکارانی بەرنامەی نووڕۆژ
دلدار هەرکی
پێشەوا هەورامانی
فوئاد رەحیم
بێژەری هەواڵ
www.RUDAW.net
نووڕۆژ


ON AIR
RÛDAW
Radio
102.7FM
102.9FM
www.RUDAW.net


SIDAR
MANPOWER
کۆمپانیای سیدار مانپاوەر کۆمپانیاییەکی پێشەنگە لەبواری بەرهەمی مرۆیی
کۆمپانیای سیدار مانپاوەر دەتوانێت ئەو خزمەتانەتان پێشکەش بکات
- توانای ڕێکخستنی کۆمپانیا و ماڵەکانمان هەیە.
- دابینکردن و دانانی کەسانی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو.
- دابینکردنی خزمەتکار بۆ ماڵەکانتان لە گشت ڕەگەزنامە و ڕەگەزێکدا.
- پێشوازی لە فەرمانبەران دەکەین و کاری داواکراویان بۆ دابین دەکەین.
- پێشوازی لەخاوەن کۆمپانیاکان دەکەین و فەرمانبەری پێویستیان لە گشت ڕەگەز و ڕەگەزنامەکان لە ناوەوە و دەرەوە بۆ دابین دەکەین.
Tel: +964(66)2585007
www.sidarholding.com
manpower@sidarholding.com


## ژنە کادیرێکی کۆمەڵ دەسووتێنێت



**ڕووداو-شارەزوور**

ژنە کادیرێکی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە ناوی نوخشە سەلام، 32 ساڵ، کە دایکی دوو منداڵ بوو بەهۆی سووتانەوە گیانی لە دەستدا. نوخشە ئەندام لقی کۆمەڵی خوشکانی ئیسلامی شارەزوور بوو، ڕۆژی 2013/6/27 سووتاوە. بەپێی وتەی کەسوکاری ئەو ژنە خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلی کۆن بوو لە ناو ماڵ، ویستوویەتی ئەو کەلوپەلانە بسووتێنێت، بەڵام لە جیاتی نەوت، بەنزینی پێداکردبوو، بۆیە لەگەڵ ئاگر کردنەوەکە یەکسەر ئەویش گڕی گرتووە و 90%ی جەستەی سووتاوە.

ڕووداو ژنان
ژمارە (267) دووشەممە 2013/7/1



### لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 28 ژن کوژراون

# هەفتانە لە هەرێمی کوردستان ژنێک دەکوژرێت

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان، لەماوەی پێنج مانگی یەکەمی سەرەتای ئەمساڵدا 23 ژن کوژراون. هەروەها بەپێی بەدواداچوونەکانی (ڕووداو) تەنیا لە مانگی ڕابردوودا (حوزەیران) 5 ژن لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون.

بە بەراوردکردنی ئەو ئامارە لەگەڵ ئاماری ساڵانی ڕابردوو، دەرکەوێت کە کوشتنی ژنان نەک کەمی نەکردووە، بەڵکو زیادیشی کردووە. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی 2010، لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان 49 ژن کوژرابوون، بەڵام لە ساڵی 2011 ژمارەکە کەمی کردبوو بۆ 43 ژن و ساڵی ڕابردووش 46 ژن کوژران.

بەڵام بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، تەنیا لە ماوەی 20 ڕۆژی مانگی حوزەیرانی 2013دا پێنج ژن کوژران کە دوویان دایک و کچ بوون لە دهۆک و بە دەستی مێردی کچەکە کوژران، هەروەها ژنێکی دیکە خنکێندرا و کچێکیش لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە قەزای خەبات لەلایەن گەنجێکەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووە شووی پێبکات. هەروەها کچێکیش لەنزیک ناحیەی قوشتەپە لەلایەن برایەکی خۆیەوە سەری خرایە نێو ئاو و بە بەرد لێیدرا تاوەکو مرد، ئەو کچە کوڕێکی خۆشویستووە و بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداری کەسوکاریان لە دادگا هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام دوای ئاشکرابوونی پەیوەندییەکە براکەی کوشتی و دواتر کوڕەکەش لەلایەن باوکی خۆیەوە کوژرا.

ئامارەکان بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە کوشتنی ژنان کەم نەبووەتەوە. کوردۆ عومەر، بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ، پێی سەیرە کە ئەو خەڵکە لەسەر نامووس ژن دەکوژن و دواتر تەرمەکانیان لەسەر شەقام و کۆڵانان فڕێدەدەن "ئەوە کەی شەرەفە جەستەی ژنێک لە چۆڵەوانییەک بەجێ بهێڵیت، دواتر خەڵک هەڵیبگرنەوە یان سەگ بیخوات، نازانم شەرەفی ئەو کارە لە کوێدایە؟".

ئەوانەی ژنان بە ناوی کڕینەوەی شەرەفی خێزانەکەیان دەکوژن، شانازی بەو کارەوە دەکەن. بەڵام زۆرجار کێشەکە گەورەتر دەبێت. فەرهاد نیعمەت 33 ساڵ، دانیشتووی ناحیەیەکی دەوروبەری هەولێرە، دەڵێت "دراوسێیەکمان ژنێکیان کوشت، لەناو خەڵک دەیانگوت حەیای خۆمان کڕییەوە، بەڵام ئەگەر پێشتر چەند کەسێک ئاگاداری خراپەی ژنەکە بووبن، ئەوە دوای کوشتنەکە هەموو کەس باسی ژنەکە و کەسوکاریان دەکرد و بوونە قسەی سەر زاری خەڵک".

ناوە ناوە بۆ کوشتنی ژنان خۆپیشاندان دەکرێت، ڕێکخراوەکانی ئافرەتانیش دەورێکی باڵا دەبینن لەو چالاکییەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەس ڕێکخراوەکان بە کەمتەرخەم و تەنانەت بە هاندەری کێشەی کۆمەڵایەتی دەزانن.

ڤیان سلێمان، سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەڵێت ڕێکخراوەکەیان بەردەوام کار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دەکات و "بەردەوام بەرنامەی هۆشیاریمان هەیە بۆ ژن و پیاوان، بە تایبەتی لە گەرمیان و شەنگال".

بوونی ڕێژەیەکی زۆری چەک لە ماڵان و نەگیران و ئازادکردنی تۆمەتبارانی کوشتنی ژنان، وایکردووە کوشتنی ژنان ئاسانتر بێت، ئەوە لە کاتێکدایە کەسوکاری زۆر لە ژنە کوژراوەکان بە کەم بایەخەوە سەیری کوشتنەکە دەکەن، بەهار مونزیر، چالاکوانی ئافرەتان دەڵێت "چەندین تاوانبار و تۆمەتباری کەیسی کوشتنی ژنان ئازاد کراون، هەیە هەر بکوژەکەی دیار نییە، بۆیە ژنکوشتن لە هەرێمی کورستان زۆرە و ئاسانترین کوشتن، کوشتنی ژنانە لە کوردستان".

کوشتنی ژنان گەیشتووەتە ڕادەیەک کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتییەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بکاتەوە، کوردۆ عومەر، بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەڵێت "ئێستا بە جیدی بەدواداچوون بۆ کوشتنی ئەو ژنانە دەکرێت و وەکو کوشتنی پیاو دادەنرێت و جیاوازی نییە".

لەگەڵ ئەو قسانەی کوردۆ عومەریشدا، بەڵام چەندین کچ و ژنی کوژراو هەن کە هیچ کەس لەسەر کوشتنیان نەگیراوە، وەکو ئەو دوو خوشکەی چەمچەماڵ، (شادی و شۆخان) کە پاش ئازادکردنی دوایین تۆمەتباری کەیسەکە لەمانگی ڕابردوودا، ئیدی دۆسیەکە لەبیر هەموو لایەک چووەوە. لە شارۆچکەی ڕانیەش دوای کوژرانی مامۆستا ساکار، باوکی گیراو پاشان بە بڕیاری دادگا ئازاد کرا و ئێستا هیچ تۆمەتبارێک لەئارادا نییە.

ئاوێزان نوری، چالاکوان و بەرپرسی سەنتەری پەنا لە کەرکووک، لە کۆمێنتێکدا لە فەیسبووک نووسیویەتی "منیش سبەی دەکوژرێم، دوای هەرای ڕێکخراوەکان و شیوەنی کەسوکارم، چەند کەسێک تاوانبار دەکرێن، دواتر دەردەکەوێ کەس تاوانی نییە، بەڵام لە هەموویان تاوانبارتر خۆمم، نامووس و ژنبوون منی بە کوشتن دا، بەڵام بیرتان نەچێت، بکوژی ڕاستەقینەی من حکومەتە، کەسی دیکە نییە".

**لە نەرویج**

# کۆمۆنیستێکی کورد "لەسەر شەرەف" ژنەکەی دەخنکێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

لەماوەی 20 ڕۆژدا لە نەرویج سێ ژن لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژران، پاش کوشتنی پاکستانیەک و ئەفغانیەک، هەڵاڵە خزری خەڵکی شارۆچکەی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا کە کۆمۆنیستێکی پەنابەرە لەو وڵاتە.

هەڵاڵە، لە شارۆچکەی لۆرێنسکووگ لە نزیک شاری ئۆسلۆی پایتەختی دەژیا، نزیکەی 10 ساڵە شووی بەو پیاوە کردووە و منداڵیشی لێی هەیە، بەڵام ڕۆژی 2013/6/17 لەلایەن مێردەکەیەوە خنکێندرا، دواتریش پیاوەکەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا.

جگە لە تەشەنەکردنی دیاردەی کوشتن لەسەر شەرەف لەناوخۆی کوردستان، کوشتنی ژنانی کورد لە وڵاتانی ڕۆژئاوا زوو زوو دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان، ئەوەش دەریدەخات کە زۆربەی کوردانی نیشتەجێی ئەوروپا هێشتا دەستبەرداری کولتوور و پەروەردەی پێشتریان نەبوون.

کوشتنی هەڵاڵە خزری تاوانێکی دیکەی کوشتن لەسەر شەرەف دێنێتەوە یاد کە 11 ساڵ لەمەوبەر ڕوویدا و هێشتا دەنگدانەوەی بەردەوامە. کوشتنی فادیمە شاهیندال لە سوید لەساڵی 2002، بووە هەوێنی لەدایکبوونی ڕۆمانێکی نێوداری ڕۆماننووسی کورد عەتا نەهایی لە ساڵی 2008 و لەژێر ناوی (گەرەوی بەختی هەڵاڵە)، نەهایی لەو ڕۆمانەدا باسی کچێک دەکات کە لەسەر داوای باوکە پێشمەرگەکەی دەچێتە ئەوروپا و لە پێناوی نیشتیمانەکەی پیاوێکی کورد دەکاتە هاوسەری خۆی تا بتوانێت بیگەیەنێتە سوید، کەچی دواتر هەمان ئەو پیاوە هەڵاڵە لەسەر شەرەف دەکوژێت.

هەڵاڵەکەی نەرویجیش، هەمان ئەو پاڵەوانە سەرەکییەی ڕۆمانەکەی نەهایی بیردێنێتەوە. ژیانی هەڵاڵە خزریش لە گوندی سیسێری ناوچەی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستپێدەکات، هەڵاڵە کچی مەمەند ئاغای نەفتانە کە لە بنەماڵەی خزرین و مێردەکەشی خزمی خۆیەتی.

هەڵاڵە، تەمەن 35 ساڵ، 12 ساڵ لە هاوسەرەکەی بچووکتر بوو. سابیر قادری، ڕۆژنامەنووس کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و دانیشتووی نەرویجە، بەسەرهاتی هەڵاڵەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "مێردی هەڵاڵە، ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە، لەبەر هۆکاری سیاسی هاتووەتە ئەوروپا و لە مێژە لە ئەوروپایە، ئەو دەیەوێت کەسێکی خۆی بهێنێت، بۆیە داخوازی هەڵاڵە دەکات ئەگەرچی پێشتر یەکدییان نەبینیبوو".

سابیر قادری گوتی "دەڵێن زیاتر لەبەر ئەوە بووە کە ئەو پیاوە لە ئەوروپایە و پارەی هەبووە، بۆیە کەسوکاری ئەو کچەیان داوەتێ، هەڵاڵەش ڕازی بووە مێردی پێبکات، هۆکاری بنەماڵەییش کاریگەری خۆی هەیە، چونکە دەڵێن خزمی یەکدی بوون".

هەڵاڵە ساڵی 2003 دەچێتە نەرویج و شوو بەو پیاوە دەکات، لەو پیاوە دوو منداڵی دەبێت، قادری باسی لەوە کرد کە هەر لە سەرەتاوە تا ڕۆژی خنکانەکەی ئەو ژن و پیاوە کێشەیان هەبووە "یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان ئەوە بووە، ئەو ژنە لە مێردەکەی جوانتر بووە و لە ڕووی جەستەیشەوە ژنەکە تەندروستتر بووە، لە ڕووی تەمەنیشەوە پیاوەکە 12ساڵ گەورەتر بووە، لە سەرەتاشەوە خۆشەویستییەکی ئەوتۆ لە نێوانیان نەبووە، ئەوانە هۆکار بوون بۆئەوەی ئەو پیاوە دڵپیسی لە ژنەکەی بکات، تا گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی ژنەکەی بخنکێنێت".



بەپێی قسەکانی سابیر قادری، شەوی ڕووداوەکە پیاوەکە تەلەفۆنی بۆ پۆلیسی نەرویج کردووەو گوتوویەتی "ژنەکەم خنکاوە، بەڵام پۆلیس ئەو پیاوە بۆ لێکۆڵینەوە دەستگیر دەکات و پاشان دان بە تاوانەکەیدا دەنێت کە بە دەستی خۆی خنکاندوویەتی".

لە ماوەی 20 ڕۆژدا لە نەرویج 3 ژن کوژران، جگە لە هەڵاڵە دوو ژنی پاکستانی و ئەفغانیش کوژراون، کە ئەو ڕۆژانە ڕاگەیاندنی نەرویجی بە بایەخەوە باسی ئەو سێ دۆسیەیان کرد، سابیر قادری دەڵێت "ڕاگەیاندنی نەرویجی وەکو کەسێکی ئێرانی بایەخیان بە کوشتنی هەڵاڵە دا، نەک وەکو کەسێکی کورد، لە نەرویج ئەگەر کەسێکی بیانی تاوان بکات زۆر گەورەی دەکەن و وات لێدەکەن شەرم لەخۆت بکەی کە کەسێکی سەر بە نەتەوەکەی تۆ تاوانی کردووە".

سالی ڕابردووش هەر لە نەرویج کوردێکی خەڵکی باشووری کوردستان ژنە نەرویجییەکەی خۆی کوشت و پاشان دەستگیرکرا. ماوەیەک لەمەوبەریش هەر لە نەرویج ژنە چالاکوانێکی کورد لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری بێرگن سووتا کە تاوەکو ئێستا هۆکاری سووتانەکەی دیارنییە.

ئێستا 2 منداڵەکەی هەڵاڵە لە بەشی منداڵپارێزین، هەڵاڵە ئامۆزایەکی لە نەرویجە و برایەکی مێردی هەڵاڵەش هەر لە نەرویجە، بەڵام هیچیان ئامادە نەبوون قسە لەوبارەوە بکەن.

### چونکە ژنی کورد کارناکەن

# ژنانی بیانی لە کوردستان دەرفەتەکانی کار داگیردەکەن

**ئارام کاکەخان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەشێک لە میوانخانە و قاوەخانەکانی هەرێمی کوردستان کار بە ئافرەتانی بیانی دەکەن بە تایبەتی ئافرەتی عەرەب، ئەوان دەڵێن ئەو ژنانە جگە لەوەی لەلایەن کەسوکاریانەوە ڕێگەیان لێناگیرێت، لە هەمانکاتیشداڕێبەرێکی باشن بۆ گەشتیارانی بیانی.

سەهین عەباس، 30 ساڵ، خەڵکی بەغدایە و لە میوانخانەیەکی شاری هەولێر کار دەکات، پێیوایە کارنەکردنی ئافرەتانی کورد لە شوێنە گشتییەکان هەلی کاری زیاتری بۆ ئەوان ڕەخساندووە، گوتیشی "لێرە کار زۆرتر دەدەنە ژنانی بیانی نەک کورد".

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی چێشتخانە و میوانخانەکانی هەرێمی کوردستان ڕێژەی کارکردنی ئافرەتان لە هوتێل و میوانخانەکان لەنێوان 25% بۆ 30%یە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەم ڕێژەیە بەرزتر دەبێتەوە.

خاوەن میوانخانە و چێشتخانە و کافتریاکان لە هەرێمی کوردستاندا باس لەوە دەکەن هەندێک پیشەیان تایبەت کردووە بە ئافرەت و بەمەش ڕێژەی کارکردنی ئافرەتان بەرز بووەتەوە، زۆربەی کارمەندەکانیشیان بیانین و لە جۆرجیا، فلیپین، سووریا و خوارووی عێراقەوە هاتوون.

حوسامەددین عەلی، بەڕێوەبەری کارگێڕی میوانخانەیەکە لە شاری هەولێر و دەڵێت 25%ی کارمەندەکانی ژنن "کارمەندی ئافرەتی جۆرجی و بەنگلادیشی و فلیپینی لەلام کاردەکەن و مووچەکانیشیان وەک مووچەی پیاوانە و هیچ جیاوازییەکی نییە".

حوسامەدین هیچ کارمەندێکی کوردی نییە و لەوبارەیەوە دەڵێت "کارمەندی ئافرەتم نییە کوردبێت، چونکە ئافرەتی کورد نایەت لەو شوێنانەدا کار بکات و کەسوکاریان ڕێگرییان لێدەکەن".

بەهۆی ئەوەی ساڵانە گەشتیارێکی زۆر لە دەرەوە و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بەشێک لە هوتێلەکان کارمەندی بیانی دادەمەزرێنن، کە زۆرجار ڕۆڵی وەرگێڕیش دەبینن لەو شوێنانەدا، ئەوەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ زیادبوونی ڕێژەی کارکردنی ئافرەتان لەو شوێنانە.

ماجد مەنسوور، بەڕێوەبەری کارگێڕی میوانخانەیەکە و دەڵێت "هەندێک کار هەیە تایبەتە بە ئافرەتان، بۆ نموونە لە پرسگە ئافرەتێکم داناوە و تەنیا ئەو ئافرەتەشم لەلایە، چونکە بە گوێرەی پێویستی کارمەندی ئافرەت وەردەگرم". سەبارەت بە مووچەشیان گوتی "مووچەی پیاو و ئافرەت وەکو یەکە و جیاوازی نییە، تەنیا هەندێک خەرجی تایبەت نەبێت کە تایبەتە بە ماکیاژ و جلوبەرگ".



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

بەڵام بەشێک لە خاوەن کافتریا و میوانخانەکان لەگەڵ ئەوەدا نین ئافرەت لەو شوێنانە کاربکات و دەڵێن بەبێ ئافرەتیش کارەکانیان دەڕوات.

فەرهاد عومەر، خاوەن مۆتێلێکە و دەڵێت "لەم مۆتێلەدا چەند کارمەندێکی کەمم پێویستە کە ئەگەر کچ بن یان کوڕ جیاوازی نییە لەبەرئەوە تەواوی کارمەندەکانم پیاون و بەبێ ئافرەت کارەکانم دەڕۆن بەڕێوە".

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستن و ڕاهێنانی پیشەیی، ئێستا خواستی کارکردن لەلایەن ئافرەتانەوە ڕووی لە زیادبوون کردووە، هۆکارەکەشی بۆ کەمی ڕێژەی بێکاری لەناو پیاوان و پشتبەستنی ئافرەتان بە توانای خۆیان دەگەڕێننەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستن و ڕاهێنانی پیشەیی، لە سێ مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردوودا 1990 فۆرمی بێکاری دابەشکراوە (897 فۆرم بۆ ڕەگەزی نێر و 1093 فۆرم بۆ ڕەگەزی مێ).

چیمەن عوسمان، دەرچووی زانکۆ، پێیوایە زۆربەی ئەو هەلی کارانەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ گەنجان دەدۆزرێنەوە، بۆ کوڕان دەستنادەن "چونکە مووچەکەی کەمە، کوڕان بەرپرسیارێتی زیاتریان لەسەرە و دەبێ پارەی زیاتر کۆبکەنەوە".

ڕووداو
ژمارە (267) دووشەممە 2013/7/1

## کارمەندێکی ئاسایش خۆی دەخنکێنێت

**ڕووداو- دوکان**

ڕۆژی 2013/6/29 کارمەندێکی ئاسایشی ناحیەی خەلەکانی سەر بە شارۆچکەی دوکان، بە خنکاوی لەناو ماڵەکەی دۆزرایەوە، ئەو کارمەندە ناوی ئەکرەم ئەحمەد بوو، خێزاندار بووە و باوکی سێ منداڵ بووە. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی دوکان، هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو ئاسایشە روون نییە "هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە و هۆکاری خۆخنکاندنەکەی دیار نییە، بە پانکەی ماڵەوەیان خۆی خنکاندووە، رەوانەی پزیشکی دادوەریی سلێمانی بووە".





باوکی ئەو گەنجەی لە هەولێر خۆی سووتاند:

# 22 ساڵە لە خانووی قوڕدا دەژین

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێک لە هەولێر خۆی دەسووتێنێت و کەسە نزیکەکانی دەڵێن تەنیا لەبەر خراپی باری ئابووری خۆی سووتاندووە، باوکی گەنجەکە دەڵێت "22 ساڵە لەناو خانووی قوڕدا دەژین، زۆربەی دراوسێکانم زەوییان وەرگرت و ڕۆیشتن، ئێمەش هەر لێرە ماینەوە".

سەنگەر کەریم حەسەن، 23 ساڵ، ڕۆژی 2013/6/27 خۆی سووتاند، بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی کە 95% بوو، هەمان ڕۆژ گیانی لە دەستدا، بە گوێرەی وتەی کەسوکاری، بەهۆی خراپی باری ئابووری پەنای بۆ خۆسووتاندن بردووە.

سەنگەر، دانیشتووی گەڕەکی ڕاستی بوو لە هەولێر، ماڵیان لەناو خانوویەکی قوڕە لە ناوچەی پیشەسازی. کەریم حەسەن، باوکی سەنگەر، دەڵێت 22 ساڵە ماڵی لەناو ئەو خانووە قوڕەیە "بەهۆی هەژارییەوە لێرەین، چەندین خەڵک هاتنە ئێرەو ڕۆیشتن، ئێمە هەر لێرە ماینەوە، خەڵک زەوییان وەردەگرت ئێمە هیچمان وەرنەگرت، لەسەردەمی بەعس زیندانی کرام و ماوەی یەک ساڵ سەردانیکردنیشم نەبوو لەسەر کوردایەتی، ئینجا داوام لە پارتی و یەکێتی کرد مووچەیان بۆ نەبڕیمەوە.

سەنگەر، لە ناوچەکانی پیشەسازی هەولێر لە کارگەیەک پاسەوان بوو، مانگانە بە 200 هەزار دینار، ڕۆژانەش کاری لەحیمی دەکرد، واتا شەو و ڕۆژ کاری دەکرد، برایەکی سەنگەر دەڵێت "تەنیا کێشەی براکەم هەژاری بوو، منیش کاری حەمباڵی دەکەم، دایک و باوکیشم نەخۆشن، دایکم نەخۆشی شەکرەو فشاری خوێنی هەیە و باوکیشم نەخۆشی دڵی هەیە".

سەنگەر کاژێر 7ی بەیانی دەبەیەک نەوتی بە خۆیدا کرد و خۆی سووتاند، لەو کاتەشدا تەنیا یەکێک لە کرێکارەکان لەوێ بووە و کوژاندوویەتییەوە، بەڵام بەرلەوەی بگاتە نەخۆشخانە لە ڕێگە گیانی لەدەستدا. سەنگەر لەکاتی خۆسووتاندنەکە زیاتر لە 10 مەتر هەڵاتووە و نەعلەکانی جێهێشتووە، لە شوێنی سووتانەکەی تەنیا خەڵووز بەجێمابوو، یەکێک لە کرێکارەکان دەستی بۆ خەڵووزەکە بردو گوتی "ئەوە پێستە سووتاوەکەیەتی، چەرمی دەست و سینگ و نینۆکەکانی دیارە، ئەوەش پاشماوەی کراسە سووتاوەکەیەتی".

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی سەنگەر بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر بچیتە ماڵی سەنگەر 10 خولەک بەرگە ناگریت، ئەوە نەک تەنیا بۆ خۆی، بۆ ماڵەوەشیان هەر وا ئەستەمە، لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر نەدارن و شوێنەکەیان هی ئەوە نییە خێزانەکەیان شوێنی ببێتەوە، هەتا سەیری ناو ماڵەکەیان نەکەیت باوەڕ ناکەیت".

ئەو خانووە لەسەر ڕووبەری نزیکەی 150مەترە، دوو ژووری تێدایە و تانکی ئاو و موبەڕیدە بە تەنیشت یەکێک لە ژوورەکانەوە بوو، پەنجەرەی ژوورەکە جامی پێوە نەبوو، بەڵکو بە پارچە جەمەلۆنێک گیرابوو. دیواری ژوورەکانیش بە قوڕ سواخ درابوون. هاوپیشەکانی سەنگەر باسیان لەوە دەکرد کە کێشەی سەنگەر تەنیا نەبوونی بووە و هیچ کێشەی دیکەی نەبووە "سەنگەر کوڕێکی زۆر نەدار بوو، ماڵیشیان شتێکی ئەوتۆیان نەبوو".

کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لێکۆڵینەوە لەهۆکاری خۆسووتاندنی سەنگەر دەستپێکردووە "هێشتا ئەنجامی کۆتایی دەرنەکەوتووەو لێکۆڵینەوە بەردەوامە".



**تامان شاکر- قاهیرە**
tamanshakir@yahoo.de

## ژن.. ئاوێنەی کۆمەڵگە

ژن ئاوێنەی ژیانی خێزان و کۆمەڵگە و سەردەمی خۆیەتی، لەوەوە هەموو شتێک دەست پێدەکات و لەلای ئەویشەوە هەموو شتێک کۆتایی دێت. کاتێک وڵاتێک پێشدەکەوێت یان پێشکەوتووە ئەوە لە ژیانی ژنانی ئەو وڵاتەدا ڕەنگدەداتەوە، وڵاتە دواکەوتووەکانیش دواکەوتوویییەکەیان لە ژیان و بار و گوزەرانی ژناندا ڕەنگدەداتەوە. بارودۆخی ئەمڕۆی ژنانی کوردستان ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانە.

ژنان چەند ڕووبەڕووی جیاوازیی ڕەگەزی ببنەوە، لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ئەوەندە تووشی چەوسانەوە دەبنەوە. ئەمەش بووەتە هۆی لاوازکردنی هەڵوێستی ڕێکخراوەکان و گوتاری ژنان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کە نەتوانن بە شێوەیەکی تەندروست کارەکانیان بە بەردەوامی و بەپێی پلانێکی ستراتیژی، بەڕێوەبەرن.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە پیاو دار بەدەست و بڕیار بەدەست بووە، هەر ئەو بووە تەنانەت بڕیاری پۆشینی جلوبەرگ و دابەشکردنی کار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەنێو خێزان و کۆمەڵگەدا داوە، لە بەرامبەر ئەو داربەدەستییەی پیاوان، ژنان لەڕێی ڕێکخراوەکانیانەوە هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیان دەدەن، لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا ڕێکخراوەکان بە گشتی و ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی، لەو شوێنانەی زۆرترین کێشەیان تێدایە، کاری خۆبەخش دەکەن. لە کوردستان ڕۆژانە ژنێک دەکوژرێت. بەپێی هەواڵێک کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا بڵاوکراوەتەوە، لە هەفتەیەکدا 9 ژن دەکوژرێن، لەوەش سەیرتر خانمی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان، لە دوو دیمانەی تەلەفزیۆنیدا باسی لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی کوشتنی ژنان نەکرد و نیگەران نەبوو، هێندەی نیگەرانی ئەوە بوو کە سەرۆکی حکومەتی نەبینیوە و پەرلەمان پرۆژە یاساکەی پەسند نەکردووە و نەسریەیان نییە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی بڵێین: باشە ئەی کاری ئێوە چییە بۆ ناچنەوە بۆ ماڵەکانی خۆتان و ئەو کاتە کەسیش گلەییتان لێناکات و کەسیش بەرپرسیارێتی ئەو کوشتارگەیە ناخاتە ئەستۆی ئێوە و ویژدانیشتان ئاسوودە دەبێت. ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕاستیدا دەبێ سەربەخۆ و بێلایەن بن و چاویان لە قازانج نەبێت و نە سەر بە حکومەت و نە سەر بە حیزب بن، بەڵکو دەبێ بایەخی سەرەکییان بە یارمەتی و هاوکاریی ژنان بێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا، هەروەها دەبێ ئەرکیان بەگژداچوونەوەی هەموو پێشێلکارییەک بێت کە دژ بە ڕەگەزی مێینە دەکرێت و خەمیان پێداچوونەوەی ئەو یاسایانە بێت کە مافی ژن پێشێل دەکەن. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە ململانێیەکی توند لە نێوان ئەوانەی پشتگیری لە ماف و ئازادییەکانی ژن دەکەن، لە ئارادایە. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و دابینکردنی مافی تاکەکان و ئەوانەشی کە پێیانوایە ئازادییەکانی ژن بەلەبەرکردنی حیجاب و نیقاب و پابەند بوون بە ئاین و دابونەریتی کۆمەڵایەتی دابیندەکرێت، ڕێکخراوەکانی ژنان دەبێ لە هەموو کەس زیاتر درک بەو ڕاستیە بکەن کە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەندە بە پێشکەوتنی ژنانەوە، نەک گرووپێکی دیاریکراو کە درک بە مەترسییەکان ناکات.

لەماوەی مانگێکدا 3 کەس دەکوژرێن

# لە زاخۆ پیاوێک پارچە پارچە دەکرێت

**غەریب مەجید**
**ڕووداو- زاخۆ**

لە ماوەی مانگێکدا لە قەزای زاخۆ 3 کەس دەکوژرێن و تەرمی یەکێکیشیان پارچە پارچە دەکرێت و فڕێدەدرێتە زبڵخانەیەک. هەروەها نامەیەکیش بۆ برای یەکێک لەو کوژراوانە دەنێردرێت.

ماوەیەکە توندوتیژی، کێشەی کۆمەڵایەتی و کوشتن لە قەزای زاخۆ زیادی کردووە، ئەوەش ترس و گومانی لە نێو خەڵکی ئەو شارۆچکەیە دروست کردووە. هاووڵاتیانیش داوا لە هێزەکانی پۆلیس دەکەن سنوورێک بۆ ئەو کارانە دابنێت.

شڤان عومەر ڕەمەزان، کە دانیشتووی زاخۆیە، داوا لە پۆلیس و ئاسایش دەکات، سنوورێک بۆ ئەو ڕووداوانە دابنێت و دەڵێت "ماوەیەکە کوشتن لە زاخۆ زۆربووە، ئەوەش ترس و گومانی لەلای هاووڵاتیان دروست کردووە".

لە مانگی ڕابردوودا لە شارۆچکەی زاخۆ سێ کەس کوژراون و یەکێکیش خۆی کوشتووە. بەپێی قسەی سەرچاوەکانی پۆلیس، یەکێک لەو تاوانانەی کوشتن بەشێوەیەکی دڕندانە ئەنجامدراوە "ڕۆژی 2013/6/18 تەرمی کەسێک دۆزرایەوە کە بەشێوەیەکی زۆر دڕاندانە کوژرابوو، سەر و دەست و قاچی لێکرابووەوە و فڕێدرابووە نێو زبڵ، بەڵام تاوەکو ئێستا ناسنامەی کوژراو و بکوژەکان دیار نییە".

هەروەها ڕۆژی 24ی مانگی ڕابردوو تەرمی گەنجێکی 18 ساڵان بە ناوی زێبار نەزیر لە گوندی ئاسیهێ لە نێوان قەزای زاخۆ و سێمێل دۆزرایەوە، تاوەکو ئێستا بکوژانی ئەو گەنجە نەدۆزراونەتەوە. بەڵام بکوژانی گەنجەکە نامەیەکیان بۆ برای کوژراوەکە نووسیوە و دەڵێن "ئەوە ئێمە برای تۆمان کوشت، بۆ ئەوەی کەسی دیکە چاو لە ئەو نەکات".

هەر لە مانگی ڕابردوودا گەنجێکی دیکە بە ناوی دەهام کوژرا، ئەویش تا ئێستا بکوژەکانی دیار نین، هەروەها گەنجێکیش بە ناوی موئەیەد خۆی کوشتووە.

عەقید خالد شەفیق، بەڕێوەبەری پۆلیسی زاخۆ بە وەکالەت ڕایگەیاند، هۆکاری زۆربوونی ڕووداوەکانی کوشتن پەیوەندی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە "وەکو تۆڵە کردنەوە لە ئەنجامی کێشەی خێزانی".

بەڵام سەرچاوەیەکی ئەمنی لە شارۆچکەی زاخۆ بە (ڕووداو)ی گوت "زۆربەی ئەو کوشتنانە لەسەر مەسەلەی ژنانە، هەندێک کەس دوای ناموسی خەڵک دەکەون، خەڵکیش قبوڵ ناکات، بۆیە ڕووداوی لەو جۆرە ڕوودەدات".





# لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر تەرمێک بە بارمتە دەهێڵدرێتەوە

**برای مردووەکە: نەخۆشخانەی ژین گوتیان هەتا 27 ملیۆن دینارمان نەدەنێ تەرمەکەتان نادەینەوە**

**نەخۆشخانەی ژین: کەسوکاری مردووەکە خۆیان تەرمەکەیان بەجێهێشتبوو**

**ڕووداو-هەولێر**

تەرمێک بۆ ماوەی 4 ڕۆژ لە پزیشکی دادوەری هەولێر دەمێنێتەوە، کەسوکاری مردووەکە دەڵێن "لەبەر ئەوەی پارەی نەخۆشخانەی ئەهلیمان نەداوە، بۆیە تەرمەکەیان بە بارمتە هێشتبووەوە"، بەڵام بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە ئەهلییەکە دەڵێن "کەسوکاری ئەو مردووە، جێیانهێشتبوو، بۆیە ڕەوانەی پزیشکی دادوەریمان کرد، کەسیان نەبوو وەریبگرێتەوە".

لەیس سەلمان خەلیل، 47 ساڵ، خەڵکی کەربەلا، ڕۆژی 2013/6/22 لە نەخۆشخانەی ژین ئینتەرناشناڵ بەهۆی نەخۆشی گورچیلە لە هەولێر کۆچی دوایی کرد، کەسوکاری نەخۆشەکە دەڵێن "مردووەکەمان بە بارمتە ڕاگیرا".

ئەسیر سەلمان، برای نەخۆشە مردووەکە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "براکەم نەخۆشیی گورچیلەی هەبوو، گورچیلەمان بۆ گۆڕی، بەڵام گورچیلە تازەکەی بۆ نەدەبوو، 115 ملیۆن دینارمان لێ خەرج کرد، هەر چاک نەبووەوە، دکتۆرەکانیش هیچیان پێ نەگوتین، ماوەیەکیش لە نەخۆشخانەی ژین پارەیەکی زۆرمان لێ خەرج کرد".

لەیس دەڵێت "دوای مردنی براکەم، نەخۆشخانەی ژین چەند ڕۆژێک تەرمەکەیان بە بارمتە هێشتەوە، داوای پارەیەکی زۆریان دەکرد، گوتیان تەرمەکەتان نادەینەوە هەتا 27 ملیۆن دینارمان نەدەنێ، منیش پارەم نییە، ئێستا گەرەنتییان لێوەرگرتووم ئینجا تەرمەکەیان پێدامەوە، کە دەبێت ئەو پارەیەیان بۆ ببەم".

### "بە ئەمانەت لامان بوو"

دکتۆر یاسین کەریم ئەمین، بەڕێوەبەری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو تەرمە لەلایەن نەخۆشخانەی ژینەوە بە نووسراوی فەرمی بۆیان ڕەوانە کراوە "داوایان کرد ئەو تەرمە بە ئەمانەت لەلامان بێت، تا کاتی دانەوەی بە کەسوکاری، ئێمە ناچارین ئەو تەرمانە وەربگرین، ئەگینا ئەو گۆشتە لە هەر شوێنێک بێت بەو هاوینە گەرمە بۆگەن دەبێت، مرۆڤیش لای خوای گەورە بەڕێزە".

وەک دکتۆر یاسین دەڵێت "ئێوارەی 2013/6/22 تەرمەکەمان بۆ هات، لەو حاڵەتانە هەتا 72کاژێر چاوەڕێ دەکەین، کەسوکارەکەیشی لە ڕۆژی چوارم تەرمەکەیان بردەوە، ئەوەی دەڵێن بارمتە کراوە، ئێمەش بیستمان کە لە بڕی پارە ئەو تەرمە ڕاگیراوە، بەڵام نەخۆشخانەی ئەهلیش مافی خۆیەتی کە داوای ئەو پارەیە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بارمتەکردن و نەکردنی پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، لەوکاتەی ئەو تەرمەش هاتووە کەسی لەگەڵ نەبووە، لە ماوەی ئەوەندە ڕۆژە کەسوکاری ئەو نەخۆشە نەهاتن، ئەگینا من تەرمەکەم پێدەدانەوە".

بەڵام تۆفیق عوسمان، بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی ژین ئینتەرناشناڵ لە هەولێر ڕەتیکردەوە تەرمەکەیان بە بارمتە گرتبێ و بە (ڕووداو)ی گوت ئەو پیاوە نزیکەی دوو مانگ لە نەخۆشخانەکەیان بووە "باری تەندروستی بەرەو خراپتر دەچوو، دوو هەفتە بەر لە مردنی بە کەسوکاریمان گوت ڕەوشی بەرەو خراپتر دەچێت، ئەگەر دەتانەوێت خەرجی لێ نەکەن، بیبەنە نەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر، گوتیان دەمانەوێت لێرە بێت، کەچی هەفتەیەک بەر لە مردنی ئێرەیان بەجێهێشت، تەلەفۆنم بۆ کوڕ و هاوسەرەکەی دەکرد هەر جارەو قسەیەکیان دەکرد، بەڵام سێ ڕۆژ بەر لە مردنەکەی کەسیان وەڵامی تەلەفۆنیشیان نەدەدایەوە".

وەک تۆفیق عوسمان دەڵێت، کاتێک نەخۆشەکە کۆچی دوایی کردووە، ناچار بوونە تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری بکەن "لەگەڵ ئەوەش هەر لە پزیشکی دادوەری توێکاری بۆ دەکرێت لە حاڵەتی پێویست بۆیە ڕەوانەی ئەوێ کرا، کەسوکاری لەیس بەشێک لە پارەکەیان دا، نازانم چەند پارەی دیکەیشیان لەلا ماوە، بەڵام تەرمەکەمان ڕادەستی خۆیان کردووە، ڕاست نییە ئێمە ئەو تەرمەمان وەکو بارمتە هێشتبێتەوە".

نەخۆشخانەی ژین ئینتەرناشناڵ، لە ساڵی 2010 کراوەتەوە، هەموو بەشەکانی تێدایە، نزیکەی 100 قەرەوێڵەی هەیە و زیاتر لە 500 نەشتەرگەری چاندنی گورچیلەی کردووە. مانەوە لەو نەخۆشخانەیە پارەیەکی زۆر لەسەر نەخۆش و کەسوکارەکەی دەکەوێت، هەر ئەو کاتەی (ڕووداو) لە بەردەم نەخۆشخانەکە بوو، ژنێک کە وەکو کەسوکاری نەخۆش لەوێ بوو گوتی "لێرە پارەی خەیاڵی وەردەگرن، تەنیا 5 خولەک دکتۆر سەردانت بکات، 70 هەزار دینارت لەسەر حیساب دەکەن".

# پایتەختی کاکەییەکان خەریکە چۆڵ دەبێ

جەمال ئەحمەد جەمیل
ڕووداو ـ داقووق

پیاوێکی ڕەنگ خاکی بەردەوام بەبێدەنگی دەیڕوانی و قسەی دەکرد، ئەو ئامادەبوو هەموو شتێک ببەخشێت، بەڵام گوندی عەلی سەرا کە بە پایتەختی کاکەییەکان ناودەبرێ، دوای زیاتر لە 4 سەدە لە ئاوەدانی چۆڵ نەبێت و هەر بە ئاوەدانی بمێنێتەوە.

گوندی عەلی سەرا، 13 کیلۆمەتر لە قەزای داقووق دوورە و دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای قەزاکە، ئەو گوندە بەر پرۆسەی بەعەرەبکردن نەکەوتووە، دانیشتووانی عەلی سەرا تاوەکو پرۆسەی ئازادی عێراق 120 ماڵ بوون، بەڵام ئێستا تەنیا 20 ماڵی لێیە کە سەرجەمیان نزیکەی 100 کەس دەبن.

سەید تەحسین نەجمەدین، 51 ساڵ، سەرۆک تیرەی مستەفایی، ئاماژەی بۆ باشووری گوندەکەی کرد و گوتی "10 مەتر لە دەرەوەی ئاواییەکە زەوییەکانمان موڵکی عەرەبن". سەید تەحسین بەردەوام خەمی لەوە دەخوارد کە خاوەن موڵکەکان کورد بوون و زەوییەکانیان فرۆشتووە بە عەرەب "زەوییەکانمان داگیرنەکراون، بەڵکو کوردی خۆمان فرۆشتوویانە بە عەرەب".

سەید تەحسین، لە پێناو پاراستنی مێژووی 400 ساڵەی کاکەییەکان لەو گوندەدا، ئامادەیە ئەوەی هەیەتی بیبەخشێت بۆ مانەوەی گوندەکەی و دروستکردنی خانوو بۆ مانەوە بە پێویست دەزانێت "دەمەوێت خانوویەک دروستبکەم بۆ دڵنیایی و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک لەوەی ئێرە جێناهێڵین".

وەک سەید باسیکرد، 90%ی زەوییەکانیان فرۆشراون و زیاتر لە 10 ساڵە ئەو زەوییانە هیچ سوودێکیان نییە بۆ دانیشتووانی گوندی عەلی سەرا "زەوییەکان موڵکی عەرەبن، ئەوان ناوێرن بیکەن بە هیچ، ئێمەش بەدروستی نازانین بیکەین بە کشتوکاڵ، چونکە ئەوان زەوییەکانیان داگیر نەکردووە بەڵکو کڕیویانە". هەروەها گوتیشی "بەشێکی کەم زەویمان بەدەستەوەیە بۆ کشتوکاڵ و ئەوانی دیکەش لە دانیشتووانی عەلی سەرا فەرمانبەری حکومین.

لەگەڵ ئەوەی مەترسی سوپای عێراق و گرووپە توندڕەوەکانیان لەسەر نییەو دەڵێت "تاوەکو ئێستا یەک بۆمب بە ئۆتومبیلێکی گوندەکەدا نەتەقیوەتەوە"، بەڵام هۆکاری هەنگاونان بەرەو چۆڵبوونی ئەو گوندە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دانیشتووانی عەلی سەرا هیچ سەرچاوەی داهاتیان نییە، بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە گەنجەکانەوە هەیە کە بوونەتە پۆلیس و کۆچ دەکەن بۆ شوێنی کارەکانیان.

گوندی عەلی سەرا بە پایتەختی کاکەییەکان ناسراوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند تایبەتمەندیەک، یەکەمیان ئەوەیە کە گۆڕستانی سەرجەم کاکەییەکان لە کەرکووکەوە تاوەکو بەغدا لەوێیە، لەساڵی 1933وە وێستگەی شەمەندەفەری تێدا بووە و زۆربەی کەسایەتییە دیارەکانی کاکەییش لەم گوندە بوون وەک سەید تەحسین دەڵێت.

گوندی عەلی سەرا خاوەن کتێبخانەیەکی 2 هەزار و 700 کتێبە، سەید تەحسینیش، خانوویەکی خۆی بەخشییە هونەرمەند مەدحەت کاکەیی بۆ دروستکردنی مۆزەخانەیەک "هەموو شتێک دەکەم بۆ ئاوەدانی ئەم ئاواییە".


دانیشتوانی عەلی سەرا لەبەر تەقینەوە گوندەکەیان چۆڵناکەن بەڵکو لەبەرئەوە دەیکەن چونکە سەرچاوەی داهاتیان نییە (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ڕووبەری گوندی عەلی سەرا 8 هەزار و 627 دۆنمە، 139 دۆنمی بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەت، 3 هەزار و 600 دۆنمی بەرئاوەو 4 هەزار و 488 دۆنمی دێمەکارە لەگەڵ 400 دۆنم زەوی گرێبەست.

ڕەجەب کاکەیی، سێ دەیەی تەمەنی تێپەڕاندووە و تاوەکو ئێستا هاوسەرگیری نەکردووە، بەڵام ڕەجەب لە بری ئاوەدانکردنەوەی خانووەکەی بە هاوسەرێک، ماڵەکەی کردووەتە کتێبخانە، ئەو کتێبخانەیە لەساڵی 2003 دروستکراوە. کاکەیی دەڵێ "بەشێک لەکتێبەکان لەلایەن هەندێک دەزگاوە بەخشراوە بەکتێبخانەکەم، بەڵام زۆربەیانم بە پارەی خۆم کڕیوە".

لە کتێبخانەی گوندی عەلی سەرا یاسایەکی تایبەت هەیە، ئەوانەی دەچنە ئەو کتێبخانەیە بۆ خوێندنەوە یاخود بردنی کتێب خۆیان ناوی خۆیان تۆمار دەکەن و لەسەر متمانە کتێب دەبەن و دەیهێننەوە، ڕەجەب دەڵێ "لە ماوەی 10 ساڵی تەمەنی ئەم کتێبخانەیەدا تاوەکو ئێستا 3 کتێبم فەوتاوە".

خاوەن کتێبخانەکە باس لەوە دەکات کە هەفتانە زیاتر لە پێنج خوێنەر سەردانی کتێبخانەکەی دەکەن "ئەگەر بەراورد بکەین بە ڕێژەی دانیشتووان خوێنەری کتێبخانەکەی من زۆرترە لە خوێنەری کتێبخانەی گشتی سلێمانی".

وەک ڕەجەب باسیکرد، کتێبی کتێبخانەکەی بفرۆشێت زیاتر لە 10 هەزار دۆلار دەکات و گوتی "ئامادەم کتێبخانەکەم بەخانووەکەمەوە بدەمە حکومەت، بەو مەرجەی کارمەندی بۆ دابمەزرێنێت و لەگوندەکەمدا بمێنێتەوە".

سەرۆکی شارەوانی هەولێر:

# دەسەڵاتداری زۆر گەورە داوای موساتەحەی کردووە و ڕەتمکردووەتەوە



- خەریک بوو ناونیشانی شارەوانی دەبووە پرۆژە موساتەحەکان
- دەبێ لێژنەیەک پێکبهێنین بۆ دەستنیشانکردنی کەمدەرامەتەکان

ڕووداو- هەولێر

عەلی ڕەشید، سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕایدەگەیێنێ لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی حەوتەم زیاتر دەسەڵاتیان دراوەتێ و لە جاران دەستیان کراوەترە. گوتیشی "خەریکبوو شارەوانی ناونیشانی خۆی لەدەست دەدا و دەبووە پڕۆژە موساتەحەکان، خەریک بوو دەبووە شوێنێک بۆ سوودی چەند لایەنێک، بەڵام ئێمە توانیمان ناونیشانی ڕاستەقینە بۆ شارەوانی بگەڕێنینەوە".

خاوێنکردنەوەی شار، یەکێکە لە ئەرکەکانی شارەوانی کە پێشتر لەلایەن خودی شارەوانییەوە دەکرا، دواتر درایە کۆمپانیایەک بە ناوی جەنائین، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە کارەکەی، بۆیە سەرۆکی شارەوانی دەڵێت کارەکانیان بەسەر هەر 6 شارەوانییەکەی هەولێر دابەشکردووە و چوار کۆمپانیای خۆماڵی شار خاوێن دەکەنەوە.

بەڵام سەرۆکی شارەوانی لە کارەکانی ئەو چوار کۆمپانیایە ڕازی نییە و دەڵێت "توانایان باشە، بەڵام لە جێبەجێکردنی کارەکان و لە ڕووی کرێکار و شوفێری ئامێرەکانیان، کەمتەرخەمییان هەیە".

شارەوانی بۆ ماوەی سێ ساڵ گرێبەستی لەگەڵ ئەو چوار کۆمپانیایە کردووە و سەرۆکی شارەوانی دەڵێت "ئەگەر شارەوانی و کۆمپانیاکان ڕازی بن، گرێبەستەکە بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە درێژ دەکەینەوە". گوتیشی "بۆ ئەوەی زیاتر کۆنترۆڵی خاوێنکردنەوەی شاری هەولێر بکەین، فەرمانگەیەکمان دامەزراندووە بە ناوی فەرمانگەی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی، کە بەدواداچوون بۆ پاککردنەوەی شار دەکات".

سەبارەت بە سەرپێچی و کەمتەرخەمی کۆمپانیاکان لە پاککردنەوەی شار، سەرۆکی شارەوانی هەولێر گوتی "ئێمە تیمی چاودێریمان هەیە دەگەڕێن و لە هەر شوێنێک پاشماوەی زبڵ و خاشاک ببینن، وێنەی دەگرن و پاشان وێنەکە بە نووسراوی فەرمی بۆ کۆمپانیاکە بەرز دەکرێتەوە، ئەگەر لە ماوەی 24 کاژێردا زبڵەکە لانەدات، 500 هەزار دینار غەرامە دەکرێت".

## "نرخی گۆڕستانم هەرزان کرد"

یەکێک لە کارەکانی شارەوانی هەولێر ڕێکخستنی گۆڕستانەکانە وئێستا گۆڕستانەکانی نێو شاری هەولێر پڕبوونەتەوە و گۆڕستانێکی تازەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی کەسنەزان دروستکردووە.

عەلی ڕەشید، سەرۆکی شارەوانی دەڵێت "هەر کەسێک مردوو لەو گۆڕستانە بنێژێت، 80 مەتر دووجا زەوی دەدرێتێ کە پێشتر لە بەرامبەردا 80 هەزار دینار لە هاووڵاتیان وەردەگیرا، بەڵام دوای دەستبەکاربوونی من بڕیارمدا تەنیا 5 هەزار دینار وەربگیرێت".

سەرۆکی شارەوانی هەولێر ئاشکرای کرد کە 60 دۆنم زەوییان لەسەر ڕێگەی بەحرکە تەرخانکردووە بۆ دروستکردنی 3 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و گوتی "دوو کۆمپانیا ئۆفەریان پێشکەش کردووە، کە یەکێکیان داوای کردووە ئەو یەکانە بەبێ پێشەکی دروستبکات، بەڵام بۆ ماوەی 8 ساڵ مانگانە 500 دۆلار لەو کەسانە وەبگرێ کە خانوو لەو پڕۆژەیە دەکڕن، بەڵام ئێمە ئەو پارەیەمان پێ زۆرە".

سەبارەت بەو کەسانەی سوودمەند دەبن لەو پڕۆژەیە، عەلی ڕەشید گوتی "دەبێ لێژنەیەک پێکبهێنین بۆ دەستنیشانکردنی کەسانی کەمدەرامەت، ئەو لێژنەیەش زۆر بە شەفافی کارەکانی بکات".

## "پڕۆژەی موساتەحەی ڕاستەوخۆ نەماوە"

پڕۆژەی موساتەحە بەپێی بڕیاری ژمارە 32ی ساڵی 1986 بە شێوەی ئاشکرا بووە، بەڵام سەرۆکی شارەوانی دەڵێت بەو دواییە چەندین پڕۆژە بە شێوەی ڕاستەوخۆ درایە خەڵک "بەڵام لەگەڵ دەستبەکاربوونی من کە ماوەی ساڵێک و حەوت مانگە، پڕۆژەی موساتەحە بە شێوەیەکی زۆر شەفاف بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت". گوتیشی "هەموو پڕۆژەیەکی موساتەحە جگە لە پیشەسازییەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبێ، لەلایەن لێژنەی تایبەت دەبێ، بە وێنەگرتنی تەواوی ئەو زیادکردنە ئاشکرایە دەبێت، بۆیە چیدی پڕۆژەی موساتەحە ڕاستەوخۆ نادرێتە خەڵک".

سەرۆکی شارەوانی هەولێر شێوازی پێدانی پڕۆژەی موساتەحەی بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕوونکردەوە و گوتی "چەند کەسانێک دیارە شارەزای سیستەمەکە بوونە، ڕوویان لە شارەوانی کردووە، داواکارییان پێشکەش کردووە و گرێبەستێک کراوە و پارچە زەوییەکیان وەرگرتووە". گوتیشی "لە دوای دەستبەکاربوونی من یەک مەتر زەوی دووجا بە موساتەحە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەدراوەتە کەس".

لەبارەی ئەوەش کە ئەگەر دەسەڵاتەکە لە دەسەڵاتی سەرۆکی شارەوانی هەولێر بە تواناتر بوو؟ سەرۆکی شارەوانی هەولێر گوتی "زۆر لە دەسەڵاتی من گەورەتر و بە تواناتر هەوڵیان داوە، لە ڕێگەی کارمەند و پاسەوانەکانیان و دۆستەکانیان، بەڵام ڕێگەمان نەداوە".

## بودجەی شارەوانی چەندە؟

سەرۆکی شارەوانی هەولێر بودجەی فەرمانگەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "بودجەی مانگانەمان 160 ملیۆن دینارە، هەر شەش شارەوانییەکەش مانگانە 75 ملیۆن دیناریان هەیە بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان".

سەرۆکی شارەوانی گوتی دەرگایان بۆ هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن واڵایە کە بیەوێ زانیاری لەسەر بودجەی شارەوانی و چۆنیەتی خەرجکردنی وەربگرێت و گوتیشی "دوای 50 ساڵ توانیمان بە بودجەی تەشغیلی خۆمان باڵەخانە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی دروستبکەین".

16 نووسینگەی پۆستەی لێیە

# هاووڵاتیانی قەزای سۆران پۆستەکانیان بە تاکسی دەگوازنەوە

حەمید سەعید
ڕووداو-هەولێر

سەرەڕای بوونی 16 نووسینگەی پۆستەو گەیاندن لە سۆران و دەوروبەری، هاووڵاتیان کاڵاو شتومەکەکانیان لە ڕێگای تاکسی هێڵەکان دەگوازنەوە، چونکە دەڵێن ئەو نووسینگانە نەیانتوانیوە متمانە لای خەڵک دروستبکەن.

ڕەشید مستەفا، زوو زوو دەچێتە گەراجەکانی گواستنەوەی هاووڵاتیان و بە تاکسی پۆستە ڕەوانە دەکات، ئەو کە خاوەنکارە دەڵێت "تا ئێستا نەمزانیوە نووسینگەیەک هەبێ لە سۆران بۆ گواستنەوەی کاڵا". ئەو هاووڵاتییە پێیوایە ئەو نووسینگانە بە تەواوی کاری خۆیان ناکەن، بۆیە خەڵک زانیاری لەبارەیانەوە نییە.

محەممەد مەعروف، کە لە گەراجێک پۆستێکی دایە شوفێرێکی تاکسی بۆ ئەوەی بۆی بگەیەنێتە شاری هەولێر گوتی "هیچ متمانەم بەو نووسینگانە نییە، بۆیە پۆستەکەم بە تاکسی دەنێرم".

بەشێک لە هاووڵاتیان پێیانوایە کە تاکسییەکان لە نووسینگەکانی پۆستە باشترو خێراترن بۆ گەیاندنی پۆستەکانیان. گۆران نەجمەدین، کە پێشتر لە ڕێگەی نووسینگەی پۆستەی سۆران مامەڵەیەکی ناردووە دەڵێت "ئێستاشی لەگەڵ بێت نازانم مامەڵەکەم چی بەسەرهات، هیچ متمانەم پێیان نییە".

بەڵام نەورۆز عوسمان پێیوایە خێرایی لە گەیاندن هۆکارێکە بۆ ئەوەی خەڵک پشت بە تەکسی هێڵەکان ببەستن، ئەو دەڵێ "نووسینگەکان خاون لە گەیاندنی کاڵاکان، دوو تا سێ ڕۆژی پێدەچێ تا بە شوێنی مەبەست دەگات، هەرچی تەکسییە بە پارە بە دوو تا سێ کاژێر کاڵاکان دەگەیەنێتە شوێنی دیاریکراو".

حاجی عەزیز شوفێری تەکسییە لە هێڵی گواستنەوەی ڕۆژئاوا لە سۆران دەڵێ "ڕۆژانە بە دەیان بەرید دەهێنرێتە ئەم گەراجە، ئێمەش دەیانگەیەنینە شوێنی مەبەست".

عەلی عەبدولڕەحمان، کە ساڵانێک لە بواری پۆستە و گەیاندن کاری کردووە و شارەزایی لەو بوارەدا هەیە، ئەدرێسی نەگۆڕ بە پێویست دەزانێ بۆ کاراکردن و خێراکردنی پۆستەو گەیاندن لە هەرێمی کوردستان "یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی پۆستی خێرا بوونی ئەدرێسە کە بەداخەوە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا ناونیشان و ئەدرێسی نەگۆڕ بۆ زۆربەی شوێنە گشتییەکان دانەنراوە، هەر بۆیەشە پۆستە وەک پێویست کارا نییە، هەروەها بوونی سندوقی پۆستە لەنێو بازاڕەکان و شوێنە گشتیەکاندا زۆر گرنگە بۆ ناردنی پۆستە".

لە سنووری قەزای سۆران 16 نووسینگەی پۆستە و گەیاندن هەن، (ڕووداو) پەیوەندی بە هەندێکیانەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون قسە بکەن بە بیانووی ئەوەی لە سەرووی خۆیانەوە پێیانگوتراوە لێدوان بۆ هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن نەدەن، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا لە سۆران بەڕێوەبەرایەتییەک نییە ئەو نووسینگانە لەخۆبگرێت، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتییەکەیان لە هەولێرە.



رووداو
ژمارە (267) دووشەممە 2013/7/1

# ساوێن و سابات دەیکەنە پاییز



**رووداو- هەولێر**

هەردوو کچە گۆرانیبێژ ساوێن و سابات سەرقاڵی کارکردنن بۆ تۆمارکردنی بەرهەمێکی نوێ بە ناوی پاییز.

ساوێن لەبارەی ئەو بەرهەمە بە (رووداو)ی راگەیاند کە کاری تۆمارکردنی گۆرانییەکە تەواو بووە و ماوە کلیپی بۆ بکەن. گوتیشی "بۆ کلیپکردنی بەرهەمەکە سەردانی چەند کۆمپانیایەکی هونەریمان کردووە، بەڵام هەموو کۆمپانیاکان بەو مەرجە رازی بوون کە دەرهێنەر و سیناریستی خۆیان کار لە بەرهەمەکەدا بکەن، بەڵام ئێمە دەمانەوێ تەنیا لە رووی ماددییەوە هاوکاریمان بکەن".

# RUDAW ژیانی جەوهەر نامیق دەکاتە فیلم



**رووداو- هەولێر**

تەلەڤزیۆنی RUDAW دەرهێنەرێکی کوردی راسپاردووە بۆ ئەوەی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ژیانی جەوهەر نامیق ئامادە بکات.

دەرهێنەر ئەمیر تەها، کە بۆ ئەو کارە راسپێردراوە بە (رووداو)ی گوت "کارم لە فیلمەکەدا کردووە و ئێستا لە قۆناخی مۆنتاژدایە". ئەو فیلمە ماوەکەی 48 خولەکە و بە کامێرای 5D وێنەی گیراوەو بە سیستمی HD دەبێت.

ئەمیر تەها لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "ئەو فیلمە باسی ژیانی کاک جەوهەر دەکات وەک کەسایەتییەکی سیاسی و وەک پێشمەرگە و ژیانی پەرلەمانی و هەموو لایەنەکانی دیکەی، باسی ئەو کاتەشی دەکات کە لە دوای دروستکردنی قیادەی مۆقەت چووەتە ناوچەی بادینان و باکووری کوردستان، بۆیە بەشێکی وێنەگرتنی فیلمەکە لە باکووری کوردستان بووە بە تایبەتی لە ناوچەی شرناخ و بیرمان و مەدیاد، هەروەها وێنەی ئەو قوتابخانەیەی تێدایە کە لە یۆنان لێی خوێندووە و ئەو ماوەیەشی کە لە سوید ژیاوە".

# حەمکۆ باسی کارەبا دەکات



**شاخەوان شێخانی**
**رووداو- هەولێر**

دەرهێنەر تەنیا کەریم رایگەیاند سەرقاڵی کارکردنە لە شانۆگەرییەک کە باسی کێشەی کارەبای گەڕەکێکی هەژارنشینی شاری هەولێر دەکات و ئەکتەری کۆمیدی، حەمکۆ رۆڵی تێدا دەبینێ.

تەنیا کەریم بە (رووداو)ی گوت "چاوەڕێی هاتنەوەی هونەرمەندی کۆمیدی حەمکۆ دەکەم بۆ ئەوەی دەست بە پرۆڤە بکەین". گوتیشی "شانۆگەرییەکە ناوی (سرکتی کارەبا)یە، شانۆییەکی کۆمیدییە و باس لە گەڕەکێکی هەژارنشین دەکات کە سەرباری کێشەی کارەبا چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە". حەمکۆ کە ساڵانێکە لە بەریتانیا دەژی، لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردووەتەوە کە بە نیازە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان و پلانی داناوە بەشداری لە چەند کارێکی هونەری بکات.

# لۆکەو میرە دەچنە قوبرس





**رووداو- هەولێر**

هەریەک لە گۆرانیبێژان لۆکە زاهیر و میرە لە قوبرس ئاهەنگێک ساز دەکەن. هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر کە کاری هونەری بۆ ئەو دوو گۆرانیبێژە دەکات بە (رووداو)ی راگەیاند "هەردوو گۆرانیبێژ لە رۆژی 6/28 سەردانی قوبرسیان کردووە و بڕیارە چوار رۆژ لەوێ بمێننەوە، لەوێ ئاهەنگێک بۆ ئەو گەشتیارە کوردانە ساز دەکەن کە دەچنە قوبرس".

ئەو دوو گۆرانیبێژە جگە لە ئاهەنگی هاوبەش، تاوەکو ئێستا چەند بەرهەمێکیشیان بە یەکەوە تۆمار کردووە، لەوانەش گۆرانییەک لەسەر رەمەزان و گۆرانییەکی نیشتیمانی بە ناوی هەمەوەند کە باسی مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان دەکات.

# یەکەمین دوێتی کوردی- یۆنانی بەڕێوەیە






**رووداو- هەولێر**

گۆرانبێژی لاو کارۆخ مەلا ئەسعەد رایگەیاند سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە لەگەڵ کچە گۆرانیبێژێکی یۆنانی بە ناوی ئەنفیسا فیتالی.

ئەو گۆرانیبێژە کە خاوەنی تەنیا یەک بەرهەمە و لە هەمانکاتدا رۆژنامەنووسی بواری هونەرییە، بە (رووداو)ی راگەیاند "من و گۆرانیبێژی یۆنانی خاتوو ئەنفیسا فیتالی بەیەکەوە کارمان بۆ گۆرانییەک کردووە بە زمانی یۆنانی و کوردی"، گوتیشی "ئەو گۆرانییە لە تێکستی مامۆستا جەبار حەبیبە و لەئاوازی رەوەند سەلاحە، گۆرانیبێژ سامان شەوکەت تێچووی بەرهەمەکەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە". کارۆخ و فیتالی بە نیازن لە یەکێک لە دوورگەکانی یۆنان کلیپ بۆ ئەو بەرهەمە بکەن.

# کتێبێک بە 30 ملیۆن دۆلار فرۆشرا



**رووداو- ئاژانسەکان**

لە زیادکردنێکی ئاشکرادا لە شاری نیویۆرک کۆپی کتێبێک بە 30 ملیۆن دۆلار فرۆشرا، ئەمەش گرانترین کتێبە لە مێژوودا کە بەو نرخە بفرۆشرێت.

ئەو پەرتووکە کە لەبارەی کڵێسایە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1640 لە ئەمریکا چاپکراوەو وەک یەکەمین کتێب ئەژمار دەکرێت لە ئەمریکا، ئێستا کڵێسای ئەولد ساوس تیشیرش کۆن لە بۆستن دەیفرۆشێت لەگەڵ 11 کتێبی دیکە بۆ دابینکردنی پارەی نۆژەنکردنەوەی کڵێسەکەیان.

# چاکێتێک بە مووی سینگی پیاوان



**رووداو- dailymail**

کۆمپانیایەکی بەریتانی یەکەمین چاکێتی بە مووی سینگی پیاوان دروستکرد کە نرخەکەی دەگاتە 3800 دۆلار.

رۆژنامەی دەیلی مەیڵی بەریتانی بڵاویکردەوە، کۆمپانیای (wing co) جۆرە مادەیەکی تازەی بۆ دروستکردنی کاڵاکانی دۆزییەوە، بە تایبەتی بۆ جلوبەرگی ئافرەتان و پیاوان، بۆیە چاکێتێکی لە مووی سینگی پیاوان بەرهەمهێناوە کە 100 کاژێر چوار دیزاینەر خەریکی د ر و ستکر د نی بوون. بۆیە چەند دانەیەکی تایبەتی لێ دەخاتە بازاڕ.

# ئەنجیلیا جولی: نەهێشتنی دەستدرێژی سێکسی کاری ئەنجوومەنی ئاسایشە



**رووداو- ئاژانسەکان**

لە وتارێکدا لە نێو ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەکتەری بەناوبانگی جیهانی ئەنجیلینا جۆلی رایگەیاند "دەستدرێژی سێکسی هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی جیهان و رۆژ بەرۆژ لە زیادبووندایە، بۆیە بەرپرسیارێتی مەزن لە ئەستۆی ئێوەدایە".

ئەنجیلیا جولی گوتیشی "ساڵانە بە هەزاران کەس لە ژن و منداڵ دووچاری دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی شەڕیان تێدایە".

## بەخەندەوە ژیان بگوزەرێنە

**بەگشتی:**

هەندێک کات کەشی چواردەورمان بێزار و رەشبینمان دەکات، بەهۆی ئەوەی خەندە و خۆشی لە رووخساری کەسەکان نابینین، ئەو کەسانەی روویان کردووەتە خەم پێویستە لایەنە گرنگەکەی ژیان لەبیر نەکەن، ئەویش دەربڕینی خۆشیەکانە. هەمیشە بەخەندە و پێکەنین و رووخۆشیەکانت سەرنجی چواردەورەکەت رادەکێشیت و حەزدەکەن زیاتر لێت نزیک ببنەوە. ئێستا کە تیشکی هەتاو لە بورجی قرژاڵە پێویستە هەموو تواناکان بۆ کۆنترۆڵی هەست و دەربڕینی گەشبینی بێت. لەلایەکی دیکەوە خەیاڵی قوڵ بیرکردنەوەکانمان قەتیس دەکات. ئەو هەفتەیە بەتایبەت پێویستە خۆمان بپارێزین لە بڕیاری کتوپڕ، تیژرەوی، خۆ تێهەڵقورتان لە کاری خەڵک، فەرزکردنی بیروڕامان بەسەر کەسانی دیکەدا.

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی ayarfalak@hotmail.com

# بەختی رووداو



**کاوڕ**
دەتوانن زۆربەی کارەکان بگەیەننە ئەنجامی کۆتایی بێ ئەوەی یارمەتی لە کەس وەربگرن. سەرنجی خەڵکە دوور و بێگانەکان رادەکێشن و بە ئاسانی لەگەڵیان دەگونجێن. یەکێک لەهەنگاوەکانی کارکردنت بەرەو ئەنجامی باش دەڕوات، بەڵام متمانەی تەواو بخەنە سەر هێزی خۆتان و پشت بە بەخت مەبەستن.

**گا**
فرسەتێکی باشە بۆ ئەوەی توانای خۆت تاقی بکەیتەوە بەتایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە بەرنامەرێژیت بۆ کردووە بەبێ ئەوەی پشت بە هیچ کەسێک ببەست، هێز و توانایەکی جەستەیی باشتان هەیە بۆ راپەڕاندنی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن. گرنگی بەلایەنە کۆمەڵایەتییەکان بدەن و فەرامۆشیان مەکەن.

**جمک**
بەخت هاوکاریت دەکات لەو کارانەی بەنیازی ئەنجامیان بدەیت، باری دارایت باش دەبێت. گەڕان و سەردانەکان ئاسودەییتان پێدەبەخشن. لەلایەن هاوسۆزەکانتانەوە گرنگییەکی زیاترتان پێدەدرێت. سوود لە ئەزموونی هاورێ نوێیەکان وەربگرن.

**قرژاڵ**
چەند سەردان و چاوپێکەوتنێکی گرنگ رێکدەخەن بەتایبەت ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لێیان دابڕاون. ئامادەکاری تەواو بکەن بۆ دەسپێکی هەر کارێکی نوێ. دەتوانن هەندێک لە ئەنجامەکان بەدەست بهێنن نەک هەموویان، خۆڕاگربن و کاتی گونجاو هەڵبژێرن بۆ کاری گەورە.

**شێر**
کاتێکی زۆرباشە بۆ هەنگاونان، ئازیزانتان هاوکاریتان دەکەن و زیاتر بڕواتان بەخۆتان دەبێت. یەکێک لەکارە سەرەکییەکان دەگۆڕن و ئاستی دەرامەتتان بەرز دەکاتەوە. تووڕەو ماندوو دەبن کە چەند جارێک لە خواستەکانتان دوور دەکەونەوە، بەڵام بڕوا بەخۆبوون لە دەست نادەن.

**گوڵەگەنم**
ئەگەر هەست بەبێزاری دەکەیت کات لەگەڵ خۆشەویستەکەت، یان لەگەڵ کەسێک کە پێی ئاسودە دەبیت بەسەربەرە، بۆ هەندێکتان گونجاوە گەشتێک بکەن. بەرامبەرەکەت دڵی ناسک دەبێتەوە ئاگاداری هەستەکانی بکە. ئەو کارانە پێش بخە زۆرترین سوودت پێدەگەیەنن نەک زۆرترین خۆشی.

**تەرازوو**
گەشبینییەکی نوێ دێتە ژیانتانەوە، لەلایەن خۆشەویستەکانتان بەڵێنی گەورەتان پێدەدرێت. دەتوانن گۆڕانکاری گەورە لە شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکانتان بکەن. ماندوو دەبن بەهۆی دواکەوتنی هەندێک لە کارەکانتان. بڕیاری کتوپڕ مەدەن.

**دووپشک**
ئەو هەموو کار و هەنگاوانەی دیاریت کردوون کاتی زیاتریان پێویستە. ئەو کەسەی تۆ مەبەستتە پێویستی بە سەلماندن و روونکردنەوەی زیاتر هەیە. دیدار و چاوپێکەوتنی هاوڕێیان بیرۆکەی گرنگت پێدەبەخشن. هەلتان بۆ دەرەخسێت پەیوەندییە خێزانییەکانتان رێک بخەنەوە و پێویستییەکانی ماڵ پڕ بکەنەوە.

**کەوان**
لەو هەفتەیەدا تەنیا دەتوانن بیرۆکەکانتان کۆ بکەنەوە و بڕیاری لێدروست بکەن، بەڵام ناتوانن دەست بە جێبەجێکردن بکەن هەتا تەواو ئامادە نەبن، ئەمەش کەمێک راڕاییتان بۆ دروست دەکات. پارەتان لە شتی ناپێویست خەرج مەکەن. پلانەکانتان بۆ ئازیزانتان و هاوبەشەکانتان شی بکەنەوە.

**کاژۆڵە**
هەست بە ئاسوودەییەکی تایبەت دەکەن، ڤینۆس لە بەرامبەر بورجەکەتاندایە ئەمەش کارەکانتان بۆ ئاسان دەکات و هاوسۆزەکانتان هاوکارتان دەبن لە هەردوو لایەنی دارایی و دەروونییەوە. هەوڵ بدە بابەتە هەڵواسراوەکان یەکلایی بکەیتەوە.

**سەتڵ**
راڕا مەبە لەوەی بابەتێک لەگەڵ هاوبەشەکەت یان هاوسۆزەکەت یەکلایی بکەیتەوە، بەتایبەت هەڵبژاردنی هاوڕێیان و ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەیت. کارەکان بە ناتەواوی جێمەهێڵن کاتەکانتان دابەش بکە و مافی تەواو بە بەرامبەرەکانتان ببەخشن. توانایەکی باشترتان دەبێت بۆ جێبەجێکردن.

**نەهەنگ**
چەند هاوڕێ و هاوکارێکی نوێ دەناسن لە ژیانتان، بڕیار دەکەوێتە دەست خۆتان درێژە بەکام لەو پەیوەندییانە دەدەن، ئاگاداربە مەرج نییە هەموو کەس بەکارە تایبەتییەکانی خۆت ئاشنا بکەیت یان زانیاریان بدەیتێ. کات یارمەتیت دەدات چەندین دەرگای نوێی ژیان بکەیتەوە، بەڵام هەندێکیان ماندووبوونی دەوێت.

# بۆچی هەرێمی کوردستان لە بواری نەوت تەنیا بە گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەم کاردەکات؟

## "گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەم، بۆ خێراکردنی پەرەپێدان بە پیشەسازی نەوت باشترین جۆری گرێبەستە"

**عومەر ئەحمەد***

بەگشتی، چوار جۆر گرێبەست لە بواری نەوت و غازدا لەسەرئاستی جیهان پەیڕەو دەکرێن، بەڵام هەرێمی کوردستان تەنیا پەیڕەوی یەک جۆر لەو گرێبەستانە دەکات.

گرێبەستەکان بریتین لە: سازشی مۆدێرن (Modern Concession).

ڕێککەوتنی هاوبەشکردنی بەرهەم (Product Sharing Agreement).

وێرانی هاوبەش (Joint Venture).

گرێبەستی خزمەتگوزاری (Service Contract).

سازشی مۆدێرن، درێژەپێدراوی ئەو سازشانەن کە پێشتر پەیڕەوی دەکران. سازشە کۆن یان کلاسیکەکان، مافی لەرادەبەدەری دەدایە کۆمپانیاکانی نەوت. لەسەرەتای دەرکەوتنی پیشەسازی نەوت، چوارچێوەی کارکردنی کۆمپانیاکانی نەوت لە وڵاتانی خاوەن نەوت وەک ئێران و عێراق و عەرەبستانی سعودیە جۆرە سازشێک بووە کە کۆمپانیاکان لە گەڕان و دۆزینەوەو فرۆشتن و خاوەندارێتی کێڵگەکانی نەوت دەستی باڵایان هەبووە. ئەو تایبەتمەندییەی کە سازشی مۆدێرن لە سازشی کۆن جیادەکاتەوە، گۆڕینی هێزی کۆمپانیاکانی نەوتە لە هێزێکی نایەکسانی باڵادەست بۆ هاوبەشێکی یەکسان و سنووردار. لە سازشە کۆنەکاندا جگە لە مافەکانی دیکە، مافی خاوەندارێتی دەدرایە کۆمپانیاکان، بەڵام لە سازشە نوێیەکاندا تەنیا مافی بەشداریکردن یان خاوەندارێتی سنووردار بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو دەدرێتە کۆمپانیاکان.

بەپێچەوانەی سازشەکان، ڕێککەوتنی هاوبەشکردنی بەرهەم، مافی خاوەندارێتی هەتاهەتایی یان تەنانەت بۆ ماوەیەکی سنووردار ناداتە کۆمپانیاکان. ڕێککەوتنی هاوبەشکردنی بەرهەم مافی ئەوە دەداتە کۆمپانیاکان کە لەدوای سەرچاوەی نەوت و غاز بگەڕێن. ئەگەر ئەو سەرچاوانە نەدۆزرانەوە، ئەوا کۆمپانیاکان خۆیان زەرەرمەند دەبن. بەڵام ئەگەر ڕێژەیەکی باش لەو سامانە دۆزرایەوە، کۆمپانیاکان مافی ئەوەیان هەیە کە هەر خەرجییەکی کردوویانە وەربگرنەوە و لە قازانجەکەشی سوودمەند بن. ئەمەش هاندەر و پاڵنەرێکە بۆ کۆمپانیاکان کە مەترسی نەگەڕانەوەی ئەو خەرجیە زۆرەی دەیکەن دەگرنە ئەستۆ. ئەم جۆرە گرێبەستە بۆ ئەو وڵاتەنە باشە کە دەیانەوێت هانی کۆمپانیاکان بدەن مەترسی گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە ئەستۆ بگرن و بەگشتی سەرمایەی زۆری پێویستە. هەربۆیە وڵاتانی وەک ئێران و عێراق و عەرەبستانی سعودیە چاویان بە سازشەکانیاندا خشاندووەتەوە و ڕوویانکردووەتە جۆرەکانی دیکەی هاوبەشکردن یان بەشدارکردن لە بەرهەم.

وێرانی هاوبەش، جۆرە ڕێککەوتنێکە کە دەکەوێتە چوارچێوەی بەشدارکردن نەک هاوبەشکردن. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی وێرانی هاوبەشدا، کۆمپانیاکان لەگەڵ کۆمپانیا حکومیەکانی وڵاتان دەگەنە ڕێککەوتن بۆ پێکەوەکارکردن و دابینکردنی تەکنۆلۆجیاو سەرمایەی پێویست بۆ کێڵگەکانی غاز و نەوت. جیاوازیی وێرانی هاوبەش لەگەڵ سازش و ڕێککەوتنی هاوبەشکردنی بەرهەم لەوەدایە، لە وێرانی هاوبەشدا، هاوئاهەنگی و هاوکاری کۆمپانیا بیانییەکان و ناوخۆییەکان بۆ هاوردەکردنی تەکنۆلۆجیا و بە هاوبەشی بڕیاردان لە ئارادایە. گرێبەستەکانی نەوت، لەبەر بەرژەوەندی و ئاسایشی وڵاتان، بە گشتی لەسەرتاسەری جیهاندا لەبەردەمی هاووڵاتیان بابەتێکی کراوە نین. هەربۆیە ناوەڕۆکی وێرانی هاوبەش وەک جۆرەکانی دیکەی ڕێککەوتن کراوە نییەو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە لەبەر هۆکاری سیاسی دەگۆڕێ.

گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری، لەلایەن وڵاتانەوە پەیڕەوی دەکرێن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی زیاتریان هەبێ لەسەر گەڕان و هەروەها بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان. بەم پێیەش، ئەو وڵاتانە لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕێکدەکەون تەنیا بۆ جێبەجێکردنی کارێکی تایبەت و دیاریکراو لەبەرامبەر بڕە پارەیەک. هەربۆیە بە پێچەوانەی جۆرەکانی دیکەی گرێبەست، کۆمپانیاکان، خاوەنی هیچ پشکێک لە کێڵگەکان نین. خاڵێکی دیکە لە گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری ئەوەیە کە وڵاتان دەبێ سەرمایەو زانستی پێویست دابینبکەن بۆ کۆمپانیاکان. هەربۆیە لەو شوێنانەی کە سەرمایەگوزاری و مەترسی نەگەڕانەوەی سەرمایە بۆ کۆمپانیاکان لە ئارادایە، گرێبەستە خزمەتگوزارییەکان مانایەکیان نابێ. گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری بە گشتی سێ جۆرن:

گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری مەترسیدار

گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری پەتی

گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری هاوکاری تەکنیکی

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی ئۆکسفۆرد لە بواری وزەدا کە لە ساڵی 1999 لەلایەن کریستن بیندمان بڵاوبووەتەوە، گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم ڕێگایەکی گونجاون بۆ پەرەپێدانی سامانە سروشتیەکان لەبەر دوو هۆکار، یەکەم، کۆمپانیا بیانیەکان تەواوی مەترسی گەڕان و دۆزینەوە دەگرنە ئەستۆ و دووەم، مافی خاوەندارێتی هەردوو سەرچاوەو کەرەستەکان بۆ وڵاتەکە خۆی دەمێنێتەوە.

پیشەسازی نەوت لە ریزی پیشە ئاڵۆزەکانەو تەنیا وڵاتانی پێشکەوتوو تەکنۆلۆجیاو زانستی شیاویان لەبەردەستە بۆ پەرەپێدانی ڕێکوپێکی کێڵگەکانی نەوت. هەروەها ئەم پیشەیە زۆر تایبەتە لە رووی ئەو سەرمایە زۆرەی کە پێویستە بۆ گەڕان و دۆزینەوە و بەکارخستنی کێڵگەیەکی نەوت. ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستە بۆ هەڵکەندی چاڵێکی نەوت لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە بەپێی تایبەتمەندی جیۆلۆجی وڵاتان دەگۆڕێت و ساڵ بە ساڵیش زیاد دەکات. لە کوردستاندا نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار بۆ هەڵکەندنی 100 مەتر لە چاڵێکی نەوتدا پێویستە. ئەو چاڵە نەوتانەی لە کوردستاندا هەڵکەندراون زۆربەیان 3000 تاوەکو 4000 مەتر قووڵن، کەواتا لانیکەم هەرکام لەو چاڵە نەوتانە 30 تاوەکو 40 ملیۆن دۆلار خەرج هەڵدەگرێت. سەرەڕای ئەمەش لە کاتی پەرەپێدانی کێڵگەیەکی نەوت لەسەرەتادا، ڕەنگە هەڵکەندنی 10 تاوەکو 15 چاڵی نەوت پێویست بێت. لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان سەرمایەو تەکنۆلۆجیای پێویستی لەبەردەست نییە بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت و بە لەبەرچاوگرتنی مەترسی خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا لە بودجەی گشتی وڵات و نەگەڕانەوەی ئەو پارەیە لە کاتی نەگەیشتن بە سامانی سروشتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوویکردووەتە گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم.

لە ڕاستیدا، گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەم، بۆ ئەوەی وڵاتێک بەخێرایی پەرە بە پیشەسازی نەوت بدات باشترین جۆری گرێبەستە. پەرەپێدانی پیشەسازی نەوت لە کوردستاندا لایەنێکی سیاسیشی هەیە. بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستاندنەکانیدا لەگەڵ بەغدا دەستبەتاڵ نەبێت و کارتێکی هەبێ لەسەر مێزی گفتوگۆ، پێویستی بە گەشەپێدانی هەرچی خێراتری پیشەسازی نەوت و بەرهەمهێنانی هەرچی زۆرتری نەوت و غازە. پێشکەوتنی پیشەسازی نەوت لەم ساڵانەی دوایی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە بووژاندنەوەی ئابووری کوردستاندا هەبووە. دابینکردنی سووتەمەنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، کە سەرەکیترین کێشەی بەرهەمهێنانی کارەبایە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، لە ڕێگەی پاڵاوتنی نەوتی کوردستان و بەکارهێنانی غازی سروشتی کوردستان، تەنیا یەکێکە لە ئاکامەکانی گەشەسەندنی پیشەسازی نەوتی کوردستان. ڕەخساندنی هەلی کارێکی زۆر بەهۆی ئەو سەرمایە 20 ملیارییە کە کۆمپانیا بیانییەکان هێناویانە بۆ ناو هەرێم ئاکامێکی دیکەی گەشەی کەرتی نەوتە لە هەرێمی کوردستان. خۆماڵیکردنی پیشەی نەوت لە ڕێگەی پەروەدەکردنی ئەندازیار و شارەزای ناوخۆ لەم بوارەدا، بەرهەمێکی دیکەی پیشەسازی نەوتە. هەروەها، بەپێی ڕێککەوتنەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم، بەشێک لە داهاتی کۆمپانیاکانی نەوت دەبێ بۆ خزمەتکردنی ئەو ناوچانەی کە تێیدا کاردەکەن تەرخانبکرێت. لە ڕاستیدا پێشکەوتنی پیشەی نەوت کاریگەری لەسەر تەواوی بەشەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان هەبووە، هەر لە کەرتی خانووبەرەوە بگرە تا کەرتی گواستنەوەو گەیاندن و فڕۆکەوانی.

بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەگوترێ گوایە لە گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم لە کوردستاندا، بەشی زۆری قازانج بۆ کۆمپانیاکانی نەوت دەڕوات و بەشێکی کەمی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ماددەو بەندەکانی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە پاڵنەری کۆمپانیاکانی نەوتن بۆ سەرمایەگوزاریکردن لە هەرێمدا، هاوکات چوارچێوەیەکی تێدا دیاریکراوە کە بەبێ ئەوەی لە بودجەی گشتی پارەیەک خەرجبکرێت، نزیکەی 90%ی داهاتی فرۆشی نەوت بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت هاوشێوەی یەکترن. ئەگەر لەو بلۆکانەی کە دراوە بە کۆمپانیاکان، نەوت و غاز نەدۆزرایەوە، ئەوا ئەو هەموو سەرمایە کە لەلایەن ئەو کۆمپانیانە خەرجکراوەو خۆی لە سەدان ملیۆن دۆلار دەدات لە گیرفانی ئەو کۆمپانیانە دەڕوات. بەڵام ئەگەر سامانی سروشتی لەو کێڵگانە دۆزرایەوە، لە چوارچێوەی گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەمدا، بەرهەمی نەوت و غاز بەپێی نرخێک کە لە بازاڕەکانی جیهانیدا دیاریدەکرێت دەفرۆشێت و پێش هەموو شتێک 10%ی ئەو داهاتە وەکو ناوی هاتووە بە بەشی ڕۆیالتی، دەدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەو 90%ەی کە دەمێنێتەوە لە سەرەتای بەرهەمهێنانی نەوتدا، بۆ ئەوەی کە خەرجییەکانی کۆمپانیاکان بگەڕێتەوە وەکو گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم لە وڵاتانی دیکەدا، نزیکە 50%ی دەدرێتە کۆمپانیاکان. بەڵام پاش ئەوەی سەرمایەی کۆمپانیاکان گەڕایەوە، تەنیا نزیکەی 15% ی ئەو 90%ی داهاتەی کە ماوەتەوە تەرخاندەکرێت بۆ خاوەن پشکەکان. لە زۆربەی کێڵگەکاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان 20%ی پشکەکانی بۆ خۆی هێشتووەتەوە. واتا 80%ی پشکەکان بۆ کۆمپانیا بەشداربووەکان دەمێنێتەوە. بەم پێیەش ئەگەر هاتوو کۆمپانیایەک 80%ی پشکی کێڵگەیەکی نەوتی هەبوو، تەنیا 10.8% ی لە داهاتی نەوت بۆدەمێنێتەوە ($0.8 \times 0.9 \times 0.15 = 10.8\%$)، بەم پێیەش نزیکەی 90%ی داهاتی ئەو نەوتەی کە دەفرۆشرێت دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

***ماستەری ئەندازیاری نەوت**



## شارەزایان بە "خەون و خەیاڵ"ی دەزانن

# عێراق پلانێکی ستراتیژی لە بواری وزە بۆ 17 ساڵی داهاتوو ڕادەگەیێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

چاوەڕێ دەکرێت مانگی داهاتوو وەزارەتی نەوتی عێراق پلانی ستراتیژی تایبەت بە وزە بۆ 17 ساڵی داهاتوو ڕابگەیەنێت، بەڵام شارەزایان لە سەرکەوتنی ئەو پلانە بەگومانن و بە "خەون و خەیاڵ"ی دەزانن.

پلانی "ستراتیژی وزەی نیشتمانی" کە لە ماوەی 18 مانگی ڕابردوودا ئامادە کراوە، داوای خەرجکردنی بڕی 620 ملیار دۆلار دەکات هەتا ساڵی 2030، بەمەبەستی پەرەپێدانی ژێرخانی پیشەسازیی نەوت لە وڵاتێکدا کە هەتا ئێستا بەدەست ناسەقامگیرییەوە دەناڵێنێ.

ئەم بڕە پارەیەش دەکاتە بەهای فرۆشتنی پێنج ساڵ نەوت بە نرخی 90 دۆلار و بەپێی ئەو پلانە داهاتی نەوت و غازی عێراق لەو ماوەیەدا دەگاتە 6 تریلیۆن دۆلار.

ڕەشنووسی پلانەکە لە 350 لاپەڕە پێکهاتووە و لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە بەهاوکاری وەزارەتەکانی کارەبا، پلاندانان، دارایی، بانکی جیهانی و کۆمپانیای ڕاوێژکاری ئەمریکی Booz&CO داڕێژراوە.

هەرچەندە ڤێرژنی کۆتایی ئەم پلانە ڕانەگەیێندراوە، بەڵام لە ڕەشنووسەکەدا دەستکاری ئەو خەمڵاندنە کراوە کە ساڵانی ڕابردوو بۆ ئاستی ئێستای بەرهەمهێنانی نەوت کرابوو. ئەوکات کە حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت بوو، وای دانابوو کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بگاتە ڕادەیەک ململانێ لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە بکات. بەڵام لەبەر شکستهێنانی عێراق لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتدا، لەم پلانەدا دەستکاری خەمڵاندنەکانی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کراوە بۆ ساڵانی داهاتوو.

هەربۆیە لەم پلانەدا سێ قۆناغی کورتمەودا و ناوەندی و درێژخایەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ساڵانی داهاتوودا دانراوە. لە قۆناخی کورتمەودادا عێراق بەنیازە تا ساڵی داهاتوو ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرزبکاتەوە بۆ 5.4 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا و بۆ قۆناغی درێژخایەنیش بەنیازە تا ساڵی 2020 بەرهەمهێنانی نەوت بگاتە نۆ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەپێی زۆربەی توێژەرانی بواری وزە، ئەم پلانە خەون و خەیاڵە. بەتایبەت ئەو سەرمایەگوزارییە 620 ملیار دۆلارییەی کە لە پلانەکەدا هاتووە و دەبێ ئەنجام بدرێت بۆ گەیشتن بە ئاستی دیاریکراوی بەرهەمهێنانی نەوت. توێژەرانی بواری وزە دەڵێن، لە کاتێکدا وڵات بەرەو شەڕی ناوخۆ دەڕوات و باری ئەمنی ناجێگیرە، زۆر ئەستەمە ئەم سەرمایەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی پیشەسازی نەوت لە عێراقدا دابین بکرێت. هەروەها پێشبینی کراوە پەرلەمانی عێراق نەتوانێت دەنگ بەم پلانە بدات. پەرلەمانی عێراق کە 325 کورسی لەخۆدەگرێت، تا ئێستا لە بواری وزەدا شکستی هێناوەو لە پەسەندکردنی یاسایەکدا سەرکەوتوو نەبووە. لە ساڵی 2007ەوە، یاسای نەوت و غاز و هەروەها دابەشکردنی داهات لە نێوان هەرێمەکاندا هەروا ماوەتەوەو پەسەند نەکراوە.

نەبوونی یاسایەکی لەوچەشنە، ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ پەرەپێدانی ناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق.

عادل میرزا، شارەزایەکی بواری وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕایدەگەیەنێت کە زۆر ئەستەمە سەرمایەی ئەو پلانە، بە هۆی بارودۆخی ئێستای عێراق دابین بکرێت.

عادل میرزا هەروەها دەڵێ "بۆ ئەوەی عێراق بگاتە ئاستی ئەو سەرمایەی لە پلانەکەدا هاتووە، دەبێ ببێتە باشترین و لەبارترین شوێن بۆ سەرمایەگوزاران لە جیهاندا، ئەمەش زۆر ئەستەمە بێتەدی".

چەند ساڵێک لەمەوبەر بەرپرسانی نەوت و غازی عێراق ئاشکرایان کردبوو کە ئامانجیان ئەوەیە بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی عێراق هەتا ساڵی 2017 بگەیەننە 10 بۆ 12 ملیۆن بەرمیل نەوت و بەمەش عێراق بکەنە ڕکابەری سەرەکی سعودیە کە گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا، بەڵام شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن بەرهەمهێنانی ئەو بڕە لە توانای عێراقدا نییە.

بەپێی ئەو پلانە، عێراق دەتوانێ هەتا ساڵی داهاتوو بەرهەمی ڕۆژانەی کە ئێستا 3.2 ملیۆن بەرمیلە، بگەیەنێتە 4.5 ملیۆن بەرمیل و هەتا ساڵی 2020یش ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی بگەیەنێتە 9 ملیۆن بەرمیل.

ئەو بەرهەمەش، عێراق کە خاوەنی 150 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگە، دەکاتە ڕکابەری سەرەکی هەر سێ گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا کە ئەوانیش سعودیە، ڕووسیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان.

لەسەرەتای ئەم مانگەدا تامر غەزبان، ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە، ڕایگەیاند کە بەغدا چاوی لە هەرێمی کوردستان نییە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو بڕە نەوتە، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەولێر ناردنی نەوتی لەڕێی بۆڕییەکانی حکومەتی فیدراڵ ڕاگرت.

غەزبان لە کۆنفرانسی وزەی عێراق کە لەشاری لەندەن بەڕێوەچوو، گوتی "ئامانجی بەرهەمهێنانی 4.5 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا پشت بە بەرهەمهێنانی نەوت لە 15 پارێزگای عێراق، دەبەستێ بێجگە لە کوردستان".

بەڵام ئەو پلانە هیچ ئاماژەیەکی نەکردووە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو بوارە، بەتایبەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر پەسندکردنی یاسایەکی تایبەت بە نەوت و غاز.



پسپۆڕێکی بواری نەوت دەڵێت هۆکارەکەی دەرهێنانی نەوتە

# "30%ی ژنانی کەرکووک منداڵیان لەباردەچێ"

**میڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- کەرکووک**

بەناز، تا ئێستا دوو منداڵی لەبارچووە و ئێستا دووگیانە و دوعا دەکات خوا ئەو منداڵەی بۆ بهێڵێت. ماڵەکەی بەناز لە کەرکووک چەند مەترێک لە بیرێکی نەوت دوورە و دەڵێت "نازانم بۆ منداڵەکانم دەمرن".

شاری کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت، 85 ساڵ لەمەوبەر نەوتی تێدا دۆزراوەتەوەو لەو کاتەوە نەوتەکەی دەردەهێندرێت و بەشێکی زۆری رەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێت. بەڵام شارەزایان دەڵێن دەرهێنانی ئەو نەوتە بێ کاریگەری نەبووە لەسەر دانیشتووانەکەی، بە تایبەتی لەسەر منداڵبوون و دەڵێن پاشماوە و دووکەڵی دەرهێنانی نەوتەکە دەبێتە هۆی لەبارچوونی منداڵان.

فەرهاد حەمزە، شارەزای بواری نەوت کە چەند ساڵێکە لە کۆمپانیای نەوتی باکوور کار دەکات دەڵێت "پرۆسەی دەرهێنانی نەوت سەرەڕای سوودە ئابوورییەکەی، بەڵام زیانی زۆریش بە ژینگە دەگەیەنێ".

فەرهاد حەمزە باسی هەندێ غازی کوشندەی کرد کە لەگەڵ پرۆسەی دەرهێنانی نەوت تێکەڵ بە ژینگەی ئەو شارە دەبن و گوتی "ئەو نەوتە کۆمەڵێک غازی بەدواوەیە لەپاش دەرهێنانی بەهەوادا بڵاودەبێتەوەو زیانێکی زۆر بەژینگە دەگەیەنێ و کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ بەجێدێڵێ، بەتایبەتی غازی کبریتی هایدرۆجین H2S، کە غازێکی زۆر کوشندەیە".

شارەزاکەی بواری نەوت دەڵێت کە ئەو غازەی بڵاودەبێتەوە لەسەر ئاسمانی کەرکووک "رەنگە لەبارچوونی منداڵ یەکێک بێت لەکاریگەرییەکانی، چونکە کاریگەری ئەم غازە ئێجگار زۆرە".

دووکەڵی ئەو نەوتەی دەردەهێندرێت، بەردەوام بەسەر ماڵی بەناز و ماڵەکانی ئەو ناوەدا بڵاودەبێتەوە. ئەوان دەڵێن بۆنی نەوت تەواو بێزاری کردوون، جگە لەوەش لە تەندروستی خۆیان دڵنیا نین.



بەناز باسی لەبارچوونی دوو منداڵەکەی کرد و گوتی "هیچ شتی قورسم هەڵنەگرتووە، منداڵی یەکەمم لەبارچوو، منداڵی دووەم بە حەوت مانگی لەدایکبوو، بەڵام یەکسەر مرد، منیش دڵم نەهات تەماشای بکەم، گوتم ئەگەر ببینم تا هەتایە لەبیرم ناچێ. بۆیە ئێستا ئۆمێدم بەوە هەیە ئەوەی ئێستا لەنێو سکمدایە بە سەلامەتی لەدایک ببێ".

رۆژانە چەندین ئافرەت لەشاری کەرکووک منداڵیان لەباردەچێ بەبێ ئەوەی بزانن هۆکارەکەی چییە سەردانی پزیشکی تایبەت دەکەن.

حەنیفە یەکێکە لەو ئافرەتانەی دوو منداڵی لەبارچووەو بەردەوام سەردانی پزیشک دەکات تاوەکو منداڵی ببێ "بەڵێ دوو منداڵم لەبار چووە بۆیە ترساوم". حەنیفە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی "ئێستاش نازانم بۆچی منداڵەکانم لەبار دەچن و دکتۆرەکانیش هەر جارەی قسەیەک دەکەن".

### "30%ی منداڵان لەبار دەچن"

پزیشکانی پسپۆڕ لەبواری نەخۆشییەکانی ئافرەت و لەدایکبوون لە شاری کەرکووک باس لە ئاماری ترسناک دەکەن لەوشارەدا کە نزیکەی نیوەی ئەو ئافرەتانەی سەردانیان دەکەن رووبەرووی مەترسی منداڵ لەبارچوون دەبنەوە.

سەمیرە فەخرەدین، پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی ئافرەت و منداڵبوون بە (رووداو)ی گوت "لێرە رێژەی لەبارچوون زۆرە، ئەگەر بە رێژە وەریبگرین رۆژانە ئەگەر 20 ئافرەتی دووگیان ببینم پێنج بۆ شەشیان منداڵیان لەباردەچێ کە دەکاتە نزیکەی 30%".

ئەو پزیشکە دەڵێ "تاوەکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی 100% نییە ئاشکرای بکات کە هۆکاری ئەو هەموو لەبارچوونە چییە. بەڵام یەکێک لەهۆکارەکان ئەو غازانەیە کە لەگەڵ پرۆسەی دەرهێنانی نەوت دەردەچێ".

رووناک، کە یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی هۆڵی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەی ئازادی لە شاری کەرکووک، باسی ئاماری ترسناکتری لەبارچوونی منداڵانی کرد و بە (رووداو)ی گوت "رۆژ نییە ئافرەتانی دووگیان لەم نەخۆشخانەیە منداڵیان لەبارنەچێ، رۆژی وا هەیە دووان و سیان بگرە دەگاتە 10 حاڵەتیش".

# بە رێکخستنی خۆراکی خۆت لە کۆلیسترۆڵ بپارێزە



**رووداو- WEB MEDCINE**

کۆلیسترۆڵ ماددەیەکی چەوری مۆم ئاسایە، جەستە بەکاریدێنێت بۆ دروستکردنی هۆرمۆنەکان و ڤیتامین D، جەستە خۆی کۆلیسترۆڵ دروستدەکات و پێویست ناکات بۆ خۆراک زیادبکرێت.

هەموو جۆرەکانی کۆلیسترۆڵ زیانبەخش نین، کۆلیسترۆڵی جۆری H جۆرێکی سوودبەخشە و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ کەمدەکاتەوە. بەڵام جۆری L جۆرە زیانبەخشەکەی کۆلیسترۆڵە و رێگاخۆشکەرە بۆ تووشبوون بە رەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشییەکانی دڵ و جەڵتەی مێشک.

لەخوار تەمەنی 50 ساڵییەوە، بەرزی ئاستی کۆلیسترۆڵ زیاتر لە پیاواندا روودەدات، بەڵام دوای تەمەنی 50 ساڵی و دوای وەستانی سووڕی مانگانە و چوونە تەمەنی نائومێدی، ئاستی هۆرمۆنە مێیینەکان کەمدەبێتەوە، بەوەش ئاستی کۆلیسترۆلی زیانبەخش لە ئافرەتاندا زیاتردەبێت بە بەراورد لەگەڵ پیاوان.

هیچ نیشانەیەک نییە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا، واتە کەس هەستی پێناکات و تەنیا بەهۆی پێوانی ئاستی کۆلیسترۆڵی خوێنەوە دەتوانرێت بزانرێت چەوری زیانبەخشی خوێن بەرزە یان نا.

هەرچەندە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی تەمەندا ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵی زیانبەخشی خوێن زیاد دەکات، بەڵام کەسانی گەنج و تەنانەت منداڵیش لە مەترسیدان، ئەو مەترسییەش زیاتر دەبێت ئەگەر لایەنی بۆماوەیی رێخۆشکەربێت. کۆمەڵەی دڵی ئەمریکی داوا دەکات هەموو کەسێک لە تەمەنی 20 ساڵیدا لەڕێی پشکنینەوە ئاستی چەوری خوێنی بزانێت.

### کۆلیسترۆڵ لەنێو خۆراکدا

چەورییە تێرەکان هۆکاری یەکەمن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێندا. گۆشت و شیرەمەنییە چەورەکان سەرچاوەی سەرەکی ئەم جۆرە چەورییەن.

لەناو چەورییە رووەکییەکانیشدا زەیتی خورما و گوێزهیندی دەوڵەمەندن بەو جۆرە ناپەسەندەی چەوری.

پەنیر بڕێکی زۆر چەوری زیانبەخشی تێدایە، بەجۆرێک تەنیا 3 پارچە لە پەنیری چیدەر، لە هەموو ئەو بڕە چەورییە زیاتری تێدایە کە باری تەندروستیت رێگەت پێدەدات لە 24 کاژێردا بیخۆیت. هێلکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی چەورییە زیانبەخشەکانە، خواردنی دوو هێلکە بڕی هەموو ئەو چەورییە دەدات کە لە شەوو رۆژێکدا پێویستت پێیە بیخۆیت، بەڵام سپێنەی هێلکە بێ کۆلیسترۆڵەو هەموو چەورییە زیانبەخشەکەی لە زەردێنەکەیدا کۆبووەتەوە.

### خۆپاراستن لە کۆلیسترۆڵی زیانبەخش

ئەو کەسەی چەوریی بەرزە، پێویست ناکات بە تەواوی رەگەزە خۆراکییەکان لە خۆراکی رۆژانەی ببڕێت. چونکە چەوری یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی وزەی لەش و یارمەتی هەڵمژینی ئەو ڤیتامینانە دەدات کە لە چەوریدا دەتوێنەوە. لەبری دوورکەوتنەوە لە چەوری، بەدوای سەرچاوەی چەوری تەندروستدا بگەڕێ وەک گوێز و بادام و زەیتی زەیتوون.

وەرزشکردنی رۆژانە بۆماوەی نیو کاژێر لە زۆربەی رۆژەکانی هەفتەدا، یارمەتی دابەزاندنی چەوری زیانبەخش و بەرزکردنەوەی ئاستی چەوری بەسوود دەدات.



بوونی پاقلەمەنی و دانەوێڵەکان بە رێژەی زۆر لە خۆراکی رۆژانەدا، ئەگەری بەرزبوونەوەی چەوری زیانبەخشی خوێن زیاد دەکات.

بەشێکی زۆر لەو کەسانەی چەوریيان بەرزە، پێویست ناکات دەرمان بەکاربێنن، بەڵکو تەنیا بە رێکخستنی خۆراک و وەرزشکردنی رۆژانە دەتوانن بڕی چەوری خوێنیان بهێننە ئاستێکی تەندروست و ئاستی کۆلیسترۆڵ رێکبخەن.

# رێگاکانی لابردنی مووی زیاد

**رووداو- DPA**

لابردنی مووە زیادەکانی جەستە، بە تایبەتیش مووەکانی دەموچاو بە یەکێک لە بێزەوەرترین کارەکانی خانمان دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ئازارێکی زۆری هەیە، هەروەها دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پێستیان، بۆ چارەسەری ئەوە پێویستە خانمان هەندێک رێنمایی جێبەجێبکەن لەپێناوی پاراستنی پێستیان.

ئەگەر جۆری پێست لە جۆری هەستیار، یان لەو جۆرە بوو کە موو لە ژێریدا گەشە دەکات، یان تووشی هەوکردن دەبێت لە دوای موو لابردن، دەبێت رێگەی موولابردنی وشک بەکاربهێنرێت، واتا بێ بەکارهێنانی کرێمی جۆراوجۆر. گێرهارد لۆتس پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست، داوادەکات رێگەی وشک بەکاربهێنرێت چونکە پێست ماندوو ناکات و زیانی پێناگەیەنێت، بە پێچەوانەی رێگای موو تاشینی تەڕەوە (طريقه الحلاقه الرطبه).

دەربارەی رێگەی بەکارهێنانی وشک بۆ موو لابردن، گێرهارد لۆتس، کە ئەندامی یەکگرتووی ئەڵمانییە بۆ پزیشکانی پێست، دەڵێت ئەگەر گوێزانی تیژ بەکاربهێنرێت، ئەوا بێ بەکارهێنانی هێز مووەکان لادەبرێن، ئەویش بە بەکارهێنانی گوێزانەکە بەشێوەیەکی هێواش و بەرەو ئاڕاستەی گەشەکردنی مووەکان. لۆتس جەختدەکاتەوە باشترە مووتاشین لە دوای خۆشووشتنەوە بێت بە ئاوی گەرم، چونکە دوای ئەوەی پێست پاکدەبێتەوە و مووەکانیش زیاتر لەباردەبن بۆ لابردن بەهۆی ئاوە گەرمەکەوە، گرنگە لە دوای پرۆسەی موولابردنەکەوە بە یەکێک لە جۆرەکانی پاککەرەوەکانی تایبەت لە دوای تاشینی موو پێست نەرم بکرێتەوە.

ئەو خانمانەی نایانەوێت رێگەی وشک یان تەڕ بەکاربهێنن بۆ لابردنی مووەکانیان، دەتوانن جۆرەکانی کرێمی کیمیایی لابردنی موو بەکاربهێنن. ئەو کرێمانە کار لەسەر تواندنەوەی ئەو بەشە دەکەن کە مووەکەی لەسەر پێست راگرتووە، بەڵام پێویستە ئەو کەسانەی ئەم رێگەیە بەکاردەهێنن، پێشتر توانای پێستیان بزانن کە ئایا بەرگەی بەکارهێنانی ئەو ماددە کیمیاییانە دەگرێت یان نا، ئەوەش بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە کرێمە کیمیاییانە لەسەر بەشێکی بچووکی پێست و 24 کاژێر چاودێریکردنی، بۆ زانینی رادەی هەستیاری پێست بەرامبەر ئەو جۆرە ماددەیە.

ئەو جۆرە کرێمە کیمیاییانە بەکارهێنانیان ئاسانە، بەڵام هەندێک مەترسی لەسەر پێست دروستدەکەن، ئەو مەترسییانەش زیاتر دەبن ئەگەر بەکارهێنانی ئەو کرێمانە زۆرتر دووبارە ببنەوە، ئەوەش بەهۆی بوونی ماددەی کیمیایی تێیاندا کە زیان بە پێست دەگەیەنن.

رێگاکانی موو لابردن پێشتر بە بڕینی مووەکە دەبوو لە بنیدا و هێشتنەوەی رەگەکەی بوو، بەڵام رێگا نوێیەکان مووەکە لە بندا دەردەهێنن، هەروەک بە بەکارهێنانی مۆم و ئامێری کارەبایی تایبەتی موولابردن.

گێرهارد لۆتس ئاماژە بەوە دەدات ئەو رێگەیە ئازاربەخشە بۆ خانمان، بەڵام تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە مووەکان درەنگتر گەشە دەکەنەوە.

رێگەی دیکەش هەن بۆ لابردنی موو، ئەویش بە بەکارهێنانی رووناکی کە لە ژێر سەرپەرشتی پزیشکدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەوەش دیسان مەترسیدارە و لەوانەیە کاریگەری لاوەکی لێبکەوێتەوە.

د.لۆتس هۆشداری دەدات لە بارەی بەکارهێنانی ئەو رێگایەوەو دەڵێت "لەوانەیە پێست بسووتێنێت یان رەنگەکەی تێکبدات".

سەبارەت بە لابردنی موو بە لیزەر، نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەنجامبدرێت لە ژێر سەرپەرشتی پزیشکی پسپۆڕدا نەبێت، تیشکی لیزەر کاردەکاتە سەر تێکدانی پرۆسەی گەشەی رەگی مووەکان، بەوەش تا چەند مانگ یان چەند ساڵێک مووەکان گەشە ناکەنەوە، بەڵام پرۆسەی بەکارهێنانی تیشکی لیزەر پێویستی بە چەند جارێک دووبارەکردنەوە هەیە.

گێرهارد لۆتس هۆشداری دەدات لە خۆدانە بەر تیشکی خۆر بەشێوەیەکی درێژخایەن، یان بەکارهێنانی ئامێری گۆڕینی رەنگی پێست، چونکە ئەوە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست زیاد دەکات.



# کوردستان، گۆڕەپانی شەڕی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

عومەر ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

ئاو گرنگییەکی جیۆپۆلیتیکی زۆری پەیداکردووەو بووەتە هەوێنی گرژی و نائارامی لەو ناوچانەی کە کەم ئاون، جا چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت لەو وڵاتانەی ڕووباری دیجلە و فوراتیان پێدا دەڕوات، یان ئەفریقا و ئەو وڵاتانەی کە ڕووباری نیل دەیانبڕێت.

شارەزایان پێیانوایە لە چەند دەیەی داهاتوودا، ئاو گرنگتر دەبێت لە نەوت، لەبەرئەوەی بەپێچەوانەی نەوت، جێگرەوەیەک بۆ ئاو لەبەردەستدا نییە. ئێمە بۆ بەردەوامبوونی ژیان پێویستیمان بە ئاو هەیە. هەروەها بۆ بەدەستهێنانی خوراک و کشتوکاڵیش.

هەندێک لە توێژەران ئاویان بە نەوتی سەدەی 21 ناوبردووە، ڕەنگە ئەم پێناسەیە زۆر دروست نەبێت، بەڵام ئاشکرایە ئاو کلیلی پەرەپێدانی ئابووری و هەڵسووڕانی سیاسەتی حکومەتەکانە لە دەیەی داهاتوودا.

کێشەی ئاو لە جیهاندا

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ئەنجومەنی جیهانیی ئاو، تا ساڵی 2025، زۆرتر لە نیوەی دانیشتووانی جیهان ڕووبەڕووی کەمئاوی یان بێئاوی دەبنەوە. تا ساڵی 2050 زۆرتر لە 75%ی کۆی دانیشتووانی سەرزەوی بەرەوڕووی ئەو گرفتە دەبنەوە. ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، 46 وڵاتیان دەستنیشانکردووە کە 2.7 ملیار مرۆڤ لەخۆدەگرن و بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواو کێشەکانی ئاو مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ و توندوتیژییان تێدا دەکرێ. 56 وڵاتی دیکەش کە نوێنەرایەتی 1.2 ملیار مرۆڤ دەکەن، مەترسی ناسەقامگیری سیاسییان لەسەرە. بەم پێیەش ئەم ڕێژەیە دەگاتە نیوەی دانیشتووانی سەرزەوی.

پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2030دا، بابەتی ناوەندیی جیۆپۆلیتیکی جیهانی و پێشکەوتنی ئابووری ئاو بێت نەک نەوت. تا دوو دەیەی داهاتوو، خواست بۆ ئاو بەڕێژەی 40% زیاد دەکات لەچاو ئەو ڕێژەیەی ئێستا. هەروەها ئەم ڕێژەیە بۆ ئەو وڵاتانەی لە گەشەی خێرادان دەگاتە زیاتر لە 50%.

70%ی پێویستی مرۆڤ بە ئاو دەگەڕێتەوە بۆ کشتوکاڵ. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە سەرچاوەکانی ئاو بەیەکسانی لە ناوچە جیاجیاکاندا هەڵنەکەوتوون. لە چین کە 18%ی دانیشتووانی جیهان لەخۆدەگرێت، تەنیا 8%ی هاووڵاتیان ئاوی خواردنەوەیان دەستدەکەوێت. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێشتر تووشی قەیرانی بێ ئاوی بووە، چاوەڕوان دەکرێ تا 40 ساڵی دیکە، ڕێژەی دانیشتوانی دوو بەرامبەر زیاد بکات. ئەگەری ڕوودانی کێشەکانی پەیوەست بە ئاو وایکردووە، هێندێ لە توێژەران لەبارەی ئەگەری بەرپابوونی "شەڕی ئاو" هۆشداری بدەن.

## کێشەی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئەو فاکتەرەی لە 20 ساڵی داهاتوودا دەبێتە هەوێنی ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، شەڕی تیرۆریسم و شۆڕش نییە، بەڵکو کێشەی ئاوە.

مەترسییە ئەمنییە باوەکان، مشتومڕی گشتی و بیرۆکەی حکومەتەکانی داگیرکردووە، بەڵام لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاو ڕۆڵی گۆڕینی گەمەی سیاسی دەگێڕێت.

شاراوە نییە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی کەمئاوە. لە 15 وڵاتی هەرە هەژار لەڕووی سەرچاوەی ئاوەوە، 10 وڵاتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، پێنج وڵاتی دیکەش لەژێر هێڵی هەژاریدان لەڕووی سامانی ئاو بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە 1000 مەتری سێجایە بۆ هەر هاووڵاتیەک لە ساڵێکدا. لەسەر نەخشەی وڵاتانی هەژاری ئاو لە جیهاندا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەترین ناوچە پێکدێنێ.

بەهۆی کەمیی سەرچاوەکانی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشە سیاسییەکانی پەیوەست بە کەمیی ئاو، ئەگەری گەورەبوونی هەیە. کێشەی سیاسی نێوان وڵاتانی تورکیا و سووریاو عێراق کە ڕووباری دیجلەو فوراتیان پێدا تێدەپەڕێ، کێشەیەکی زاڵی چەند دەیەی ڕابردوو بووە. کێشەی نێوان ئەم وڵاتانە لە ساڵی 1960 و 1970 و هەروەها پرۆژەی گاپ لە تورکیا بووەتە بابەتێکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتانە.

یەکێکی دیکە لە کێشە هەستیارەکانی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەی وڵاتانی ئوردن و سووریا ئیسرائیل و لوبنانە لەسەر ئاوی ڕووباری ئوردن. هەرچەندە ڕووباری ئوردن ڕووبارێکی بچوکە بەڵام فاکتەری سەرەکی شەڕ بووە لە نێوان ئەو وڵاتانە. هەر لە دامەزرانی ئیسرائیلەوە لەساڵی 1948، ئاوی ئەم ڕووبارە هەوێنی سەرەکی شەڕ بووە لە ڕۆژهەڵات ناوەڕاست. لەساڵی 1960دا، ئەوکات کە سووریا هەوڵی دا سەرچاوەی ئەم ڕووبارە لە ئیسرائیل دووربخاتەوە، ئیسرائیل بە چەک وەڵامی سووریای دایەوە و بۆردومانی کرد. هەر ئەمەش بووە هەوێنی هەڵگیرسانی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧دا، ئەو شەڕەی کە لە ئاکامدا داگیرکردنی کەناری ڕۆژئاوا و سەرچاوەی سەرەکی ڕووباری ئوردنی لەلایەن ئیسرائیلەوە لێکەوتەوە.

## کێشەی ئاو لە نێوان تورکیا و سووریا و عێراق

ڕووباری دیجلە و فورات گەورەترین ڕووباری ناوچەکەن کە بە سێ وڵاتی تورکیاو سووریا و عێراقدا تێدەپەڕن. هەردوو ڕووبار لە چیاکانی باکووری کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن و دەڕژێنە سووریاو عێراق. چەندین بەشی ڕووباری دیجلە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە چیاکانی زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگرن.

سووریا هەرچەندە سەرچاوەی دیکەی ئاوی هەیە، بەڵام سەرەکیترین سەرچاوەی ئاوی ئەو وڵاتە ڕووباری فوراتە کە بووەتە هۆکاری گەشەی کەرتی کشتوکاڵی.

عێراق ئێستا بەتەواوی پشتی بە ئاوی فورات بەستووە، بەڵام ڕووباری دیجلەشی هەیە ئەگەرچی بە ڕێژەی فورات کەڵکی لێوەرناگرێت.

تەواوبوونی بەنداوی گەورەی ئاتاتورک لە ساڵی 1990دا، هەستێکی نەرێنی لەلای دوو وڵاتی سووریاو عێراق دروستکرد. بە تەواوبوونی ئەو بەنداوە زەبەلاحە، بەشی ئاوی هەریەک لەو سێ وڵاتە لە ڕووباری فورات گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەرداهات. سووریا نزیکەی 40%ی بەشە ئاوی خۆی و عێراق نزیکەی 60%ی بەشە ئاوی خۆی لەدەستداوە. تا ئێستاش هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوانی تورکیا و سووریا و هەروەها نێوان سووریاو عێراق لەسەر ڕێژەی بەردانی ئاو بۆ وڵاتەکەی دیکە نەکراوە. عێراق پێیوایە بە تەواوبوونی پرۆژەی پەرەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە بەنداوی ئەتاتورک تەنیا بەشێکی ئەو پرۆژە فراوانەیە و هەروەها پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی تەبقە لەلایەن سووریاوە، بەشی لە ئاوی دیجلەو فورات دەگاتە ئاستێک کە تووشی قەیرانی ئاوی دەکات.

کێشەی ئاوی عێراق تەنیا لە کەمی ئەو ڕێژەیە نییە کە بۆی دەمێنێتەوە، بەڵکو کوالیتی و جۆری ئەو ئاوەش کە دەڕژێتە ناو خاکەکەی گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی، چونکە ئەو بەشەی کە دەڕژێتە ناو خاکی عێراق، پێشتر بەهۆی کەڵکوەرگرتنی لەلایەن تورکیاو سووریاوە پڕە لە مەوادی کیمیایی و تا ئاستێکی بەرز سوێر بووە. ئەمەش مایەی نیگەرانیە لەبەر پیسبوونی ئاوی کشتوکاڵی و لەناوچوونی زەوییە کشتوکاڵیەکان.

لە 30 ساڵی ڕابردوودا، وڵاتانی تورکیا و سووریا و عێراق نەگەیشتوونەتە هیچ ڕێککەوتنێک لەبەر ئەوەی بەردەوام پێوەندی نێوانیان پڕبووە لە کێشەو ئاڵۆزی. لەڕاستیدا مێژووی ناکۆکییەکانی ئەم سێ وڵاتە لەسەر پرسی ئاو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1960، ئەوکاتەی هەریەک لە تورکیا و سووریا پلانی خۆیان بۆ بەکارهێنانی بەرچاوی ئاو بۆ ئاودێری زەوییە کشتوکاڵیەکانیان ڕاگەیاند. هەر لەسەر ئەم پرسە لە ساڵی 1965 دا، وتووێژە سێ قۆڵییەکان نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک لەبەر ئەوەی هەریەک لەو وڵاتانە داوای پشکی زۆرتری ئاویان دەکرد.

سەرەڕای ئەوەی لەساڵی 1970دا هەرسێ وڵات لەسەر پشکی ئاو گەیشتنە ڕێککەوتن، بەڵام هیچکات ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکرا. لە ناوەڕاستی ساڵی 1970دا، تورکیا بەندای کەبان و سووریاش بەنداوی تەبقەی دروستکرد و بەوهۆیەوە پشکی ئاوی عێراق تا ڕێژەیەکی زۆر کەمیکرد.

لەساڵی 1974دا، عێراق ڕایگەیاند کە پشکی ئاوی لە ڕووباری فورات لە ئاکامی بەنداوەکەی سووریا دابەزیوەو هەڕەشەی سەربازی کرد و هێزێکی زۆری لەسەر سنوورەکان جێگیر کرد. لە بەهاری ساڵی 1975دا ناکۆکی نێوان هەردوولا گەیشتە ڕادەیەک کە عێراق بەڵێنی دا هەموو هەنگاوێک بگرێتەبەر بۆ ئەوەی پشکی شیاوی خۆی بەدەستبهێنێت. هەر لەو ساڵەدا لەدژی سووریا سکاڵایەکی لە کۆمکاری عەرەبی بەرزکردەوەو ڕایگەیاند کە سووریا بە ئەنقەست پشکی ئاوی عێراقی لە ڕووباری فورات کەمکردووەتەوە. لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا، سووریا ئاسمانی خۆی لەسەر فڕۆکە عێراقیەکان داخست و هەموو گەشتەکانیشی بۆ بەغدا ڕاگرت.

تەنیا کەمێک پێش ئەوەی جەنگ لە نێوان هەردوو وڵات دەستپێبکات، بە ناوبژیوانی عەرەبستانی سعودیە، سووریا بەڵێنی دا وەکو نیشاندانی نیازپاکی بڕی ئەو ئاوەی کە بەریدەداتەوە بۆ عێراق لە پشکی خۆی زیاد بکات.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، مەسەلەی دابینکردنی ئاو لەلایەن تورکیاوە مشتومڕێکی چڕی دروستکردووە لە نێوان هەرسێ وڵات. هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی پرۆژەی بەنداوی ئەتاتورک و گلدانەوەی ئاوی فورات بۆ پڕبوونەوەی ئەو بەنداوە بۆ ماوەی مانگێک، ئاڵۆزییەکان لە ساڵی 1990دا پەرەی ستاند. سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر تورکیا لەو ڕووەوە ئاگاداری بڵاوکردبووەوە، هەریەک لە عێراق و سووریا بە توندی دژی تورکیا وەستانەوەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم کارەی تورکیایان پرۆتێستۆ کرد و ڕایانگەیاند کە تورکیا ئاو وەکو چەکێک لە دژی هەردوو وڵات بەکاردێنێ. هەرواش بوو، لەساڵی 1998دا، سەرۆکی تورکیا، تۆرگوت ئۆزال هەڕەشەی سنووردارکردنی ئاوی کرد لە سووریا ئەگەر دەستبەرداری پشتیوانیکردن لە پارتی کرێکارانی کوردستان نەبێت.

تەنانەت توانایی تورکیا بۆ داخستنی ئاوی فورات، وایلێهات کە ببێتە ستراتژییەکی سەربازی و سیاسی لە سەرەتای شەڕی دووەمی کەنداودا. لە ڕۆژانی سەرەتای ئەو قەیرانەدا، لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیازکرا ئاوی فورات لەسەر عێراق دابخرێت وەکو سزایەک بۆ داگیرکردنی کوێت. هەرچەندە ئەم هەنگاوە سەرینەگرت، بەڵام ئەو قسەوباسە دیسان گرنگیی چەکی ئاوی زەقکردەوە.

لە مانگی ئاداری 2010دا سەرانی زیاتر لە 140 وڵات، لە شاری ئیستانبوڵی تورکیا لە کۆنفرانسێکدا لە ژێر ناوی قەیرانی ئاو بەشدار بوون. بەڵام نەک تەنیا لە کۆنفرانسەکەدا هیچ ڕێککەوتنێک واژوو نەکرا، بەڵکو تێگەیشتنێکی گشتی وەک یەکیش لەسەر ئاو لە نێو وڵاتانی بەشدار لە کۆنفرانسی قەیرانی ئاو پێکنەهات. لەکاتێکدا هەر لە میانەی کۆنگرەکەدا تورکیا بەڵێنی بە عێراق دا کە ڕێگەی نزیکەی 400 هەتا 500 مەتری سێجا ئاو بۆ نێو عێراق بکاتەوە، بەڵام تورکیا هێشتا بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکردووەو هۆیەکەش ئەوەیە بێجگە لە بەڵێنی زارەکی هیچ پرۆتۆکۆڵێکی نووسراو لە نێوان عێراق و تورکیادا نییە.

دەسەڵاتدارانی عێراق دڵیان بەوە خۆشە کە یەکێتی ئەوروپا بەڵێنی پێداون ئەگەر تورکیا ئاوی زیاتر بۆ عێراق بەرنەدا ئەوا تورکیا وەک ئەندام لەو یەکێتییە وەرناگرێ. لەبەر ئەوە، هەر لە ساڵی 2010، لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە بڕیارێک دەرچوو کە دەوڵەتی عێراق بەبێ واژووکردنی ڕێککەوتننامەی ئاو، ناتوانێ هیچ ڕێککەوتننامەیەکی دیکە لەگەڵ تورکیا واژوو بکات، ئەگەر بەندێکی ئەو ڕێککەوتننامەیە سەبارەت بە ئاو نەبێ و نەبێتە پرۆتۆکۆڵێکی فەرمی.

## کێشەی ئاو لە کوردستان

کێشەی ئاو لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا، لەلایەن دەوڵەتانەوە مشتومڕی لەسەر دەکرێ. ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە شوناسە سیاسییەکانی دیکە وەکو هەرێمی کوردستان و فەلەستین کە مافی داواکردنی پشکی ئاوی خۆیان هەیە، نەتوانن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داوای ئەو مافەی خۆیان بکەن.

سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوەی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات لە باکووری کودستانە، بەڵام دەوڵەتی تورکیا بە مافی خۆی دەزانێ کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ئەو ئاوەوە هەبێ کە دەکەونە چوارچێوەی سنوورەکەی. هەربۆیە تورکیا بە مافی خۆی دەزانێ ڕێڕەوی ئاو بگۆڕێ، یان بەنداو ساز بکا و ئەو ئاوە لە بەنداوەکاندا کۆبکاتەوە. ئەمەش لە خۆیدا کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ئاوی وڵاتانی سووریا و عێراق و کوردستانیش دادەنێ.

پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلیا کە بە گاپ ناسراوە، 9 پارێزگای باکووری کوردستان لەخۆدەگرێت. ئەم پرۆژە گەورەیە کە مەبەستی گلدانەوەی ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات و هەروەها گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو دوو ڕووبارەیە، دروستکردنی 22 بەنداو و 19 وێستگەی کارەبا و چەندین کەناڵ و تۆنێلی گەورە لەخۆدەگرێت بۆ گەیاندنی ئاو بۆ نزیکەی 1.7 ملیۆن هێکتار زەوی بە مەبەستی کشتوکاڵ و ئاودێری.

مێژووی ئەم پرۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1930، ئەوکات کە ئاتاتورک فەرمانیدا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و ئاودێری لێکۆڵینەوە لەسەر ئاوی ڕووبارەکانی تورکیا بکەن. لەساڵی 1950دا لێکۆڵینەوەکان لەسەر 26 ڕووباری سەرەکی لە تورکیا کۆتایی هات. لە ساڵانی 1960 تا 1970 چەندین پرۆژەی جیاواز پێشکەشکران و لە ساڵی 1977دا، ئەم پرۆژانە کرانە پرۆژەیەکی زۆر گەورە بەناوی پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلیا و وەکو بەشێک لەم پرۆژەیە لەساڵی 1980دا دوو بەنداوی "کەبان" و "کاراکایا" دروستکران. لە ساڵی 1990 بەنداوی هەرە گەورەی ئاتاتورک تەواو بوو. هێشتا بۆ تەواوکردنی پرۆژەی گاپ، تورکیا نیازی بیناکردنی 22 بەنداوی دیکەی لەسەر ئاوی فورات هەیە کە 32 ملیار دۆلار خەرج هەڵدەگرێ. ئەو 22 بەنداوە لەگەڵ بەنداوی ئەتاتورک پێکەوە دەبنە هۆکاری ئەوەی کە عێراق ڕێژەی 80 تا 90%ی ئاوی فورات لەدەستبدات.

تورکیا لەلایەن خۆیەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە پرۆژەی گاپ لە دژی کورد نییە، کوردیش پێیوایە بێجگە لەوەی لەو پرۆژەیەدا شوێنەوارە گرنگ و مێژووییەکانی لەناودەچن، بگرە تورکیا دەیەوێ نەخشەی دیمۆگرافی ناوچەکە بگۆڕێ و کارتی ئاو وەکو گوشاری سیاسی لەسەر سووریا و عێراق بەکاربهێنێت.

پرۆژەی سازکردنی بەنداوەکان لەلایەن تورکیاوە بووەتە هۆی پەرەسەندنی کێشەی نێوان تورکیا، سووریا، عێراق و هەروەها گەلی کوردیش. شەڕی ئێتنیکی و کێشەی ئاو و سازکردنی بەنداوەکانی تورکیا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. ئەم شەڕی ئاوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە 78000 کورد ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و هەروەها شاری مێژوویی حەسەن کێف لە بن ئاودا نوقم ببێ.

جێی سەرنجە بەشێک لە سەرچاوەی ڕووباری دیجلە لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەرچاوەدەگرێ. هەرچەندە دیار نییە هاوچەشنی تورکیا، ئێرانیش پرۆژەیەکی گەورەی وەکو گاپی هەبێ، بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوودا، 32 بەنداو لەسەر ئەو ڕووبارانە دروستکراون کە سەرچاوەی زێی بچوک و ڕووباری سیروانن. لەم 32 بەنداوە، 28یان بەتەواوەتی ڕێڕەوی ئاویان گۆڕدراوە. ئێران لە ڕێگای هەڵگەڕاندنەوە و گۆڕینی ئاراستەی ڕووبارە سنوورییەکانی وەک ئەڵوەن و سیروان و دروستکردنی چەندین بەنداو لەسەریان، ڕێژەی ئاوی لە هەرێمی کوردستاندا کەمکردووەتەوە و دوایین پرۆژەی ئەو وڵاتە هەڵگەڕاندنەوەی ڕێڕەوی ئاوی (کەڵوێ) یە لە سەردەشت بۆ ڕزگارکردنی زەریاچەی ورمێ لە وشکبوون.

ڕووباری کەڵوێ لە کەلی مەیدانەوە سەرچاوە دەگرێت و دوای تێکەڵبوونی چەندین ڕووبار بە ناوچەکانی پێرانشار و سەردەشتدا تێپەڕدەبێت و دوای بڕینی مەودایەکی درێژ لەداوێنی شاخی "بەریکە چکۆل" لە نزیک گوندی مەروێی باشووری کوردستان لەگەڵ ڕووباری چۆمان یەکدەگرێتەوە بە ئاراستەی باکووری ڕۆژئاوادا دەڕژێتە باشووری کوردستان و لە کۆتاییدا لە نزیک گوندی "کەرسۆنان" دەڕژێتە ناو بەنداوی دووکان.

پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی کەڵوێ بریتیە لەوەی سەرەتا بە دروستکردنی بەنداوێکی هەڵگەڕاندنەوە لەسەر ڕووباری "بادیناوێ"، بە ڕێگای تونێلێکی چوار کیلۆمەتری ئاوی ئەم بەنداوە بگەیێننە بەنداوی "کانی سێو" لە نزیک گوندی کانی سێوی پیرانشار و لەوێشەوە بە ڕێگای تونێلێکی 40 کیلۆمەتری دەڕژێتە ناو پێئاوێکی درێژ و لەوێشەوە دەڕوات بۆ ناو دەریاچەی ورمێ. بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری بەنداوی دووکان، ئەگەر ئەم پرۆژەیە جێبەجێبکرێت، 50%ی ئاوی دووکان کەم دەبێتەوە.

یەکێکی دیکە لە پرۆژەکانی ئێران، گلدانەوەی ئاوی سیروانە لە چیاکانی هەورامان، ئەویش بە دروستکردنی چەندین بەنداو و گواستنەوەی ئەو ئاوە لە ڕێگای هەڵکەندنی چەندین کیلۆمەتر تۆنێل و سەدان کیلۆمەتری دیکە کەناڵی ئاو، بۆ باشووری ئێران و گەیاندنی بە دەشتی ئەهواز. دروستکردنی بەنداوەکانی نەودشەو قاڵیچەو زمکان و زەهاو و داریان چەند ساڵێکە دەستپێکردووەو تۆنێلەکانیش خەریکن جێبەجێدەکرێن.

دروستکردنی ئەم بەنداوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە هۆکاری لە ناچوونی چەندین گوند وەکو گوندی مێژوویی "کۆسەی هەجیج" و "کاڵ دەرە" و "نیسک ئاوا" و "بریسۆ" و عوسمان ئاوا" و " قولتە" و" باڵان" کە ژمارەی دانیشتووانیان زۆرتر لە 2000 کەس دەبن.

لەو 42 سەرچاوە ئاوەی کە لە عێراقدایە، بەشی هەرە زۆریان لە دەرەوەی عێراقەوە دەڕژێنە نێو باشووری کوردستان. ئەمڕۆ لەسەر ئەو ئاوانە بەر لەوەی بگەنە عێراق و باشووری کوردستان بەنداو ساز کراوەو لە کۆی 42 سەرچاوەی ئاو، 32 بەنداوی لەسەر ساز کراوەو هەتا ساڵی 2009 تەنیا 10 سەرچاوەیان ماون کە بەنداویان لەسەر سازنەکراوە.

وڵاتانی تورکیا، سووریا و ئێران و عێراق ئاوێک کە سەرچاوەکانی لە کوردستانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەگوازنەوە بۆ ناوچە وشک و بێ ئاوەکانی خۆیان و لەسەر ئەم ئاوەش سات و سەودا و مامەڵە دەکەن. لەوە سەیرتر ئەوەیە ئەم وڵاتانە، هەمان ئاوی کوردستان لە دژی بزووتنەوەی کورد لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا بەکاردێنن.



## 65%ی وشک بووە

# وشکبوونی دەریاچەی

فوئاد حەقیقی
ڕووداو- ورمێ

کارناسان و ژینگەپارێزان هۆشداری دەدەن لە وشکبوونی یەکجارەکی دەریاچەی ورمێ و دەڵێن ئەگەر ئەوە ڕوویدات، جگە لە زیانی ئابووری، زیانێکی زۆری تەندروستی و ژینگەییش بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت باشووری کوردستانیش دەگات.

دەریاچەی ورمێ، یەکێکە لە دیاردە ناوازەکانی دنیا و ئێستا 27 جۆر شیردەر، 212 جۆر پەلەوەر، 41 جۆر خشۆک، 7 جۆر وشکاوی و 26 جۆر ماسی تێدا دەژیت. ئەو دەریاچەیە 102 دوورگەی تێدایە کە هەموویان لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە تۆمار کراون.

نوێنەرانی پارێزگای ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) لە پەرلەمانی ئێران دەمێکە هۆشدارییان داوەتە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وشکبوونی ئەو دەریاچەیە، بەڵام هەنگاوەکانی حکومەت بۆ بەهاناوەهاتنی ئەو دەریاچەیە تاوەکو ئێستا ئەنجامێکی نەبووە. بەقسەی نوێنەری ورمێ لە پەرلەمانی ئێران، بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوی ئەو دەریاچەیە تاوەکو ئێستا 50 گوند چۆڵ بوون.

دەریاچەی ورمێ، نزیکەی 40 ساڵ لەمەوبەر وەکو شوێنێکی پارێزراو ڕاگەیێنرا، لە ساڵی 1975 یش وەکو یەکێک لە گرنگترین زۆنگە نێودەوڵەتییەکان تۆمار کراوە.

ناجی کانی سانانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەوزی چیا پێیوایە دروستکردنی بەنداو لەسەر ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە نێو دەریاچەکە، هەروەها هەڵکەندنی بیری ئاو لە دەوروبەری دەریاچەکە بۆ کاروباری کشتوکاڵی هۆکاری کەمبوونەوەی ئاوی دەریاچەکەن.

هەروەها بە بڕوای د.جەلال ئیجادی، کە ژینگەناسێکی دانیشتووی فەرەنسایە، وشکەساڵی و فڕێدانی پاشەڕۆی کارگەکان بۆ ناو دەریاچەی ورمێ، زیانی زۆریان بە دەریاچەکە گەیاندووە.

### فلامینگۆ مەترسی لەناوچوونی لەسەرە

لەو دەریاچەیەدا هەندێک زیندەوەر و باڵندەی دەگمەن هەن کە بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوی دەریاچەکە مەترسی لەناوچوونیان لێدەکرێت. ناجی کانی سانانی، باسی یەکێک لەو باڵندانە دەکات کە باڵندەی فلامینگۆیە، دەڵێت "ئەو باڵندەیە لەو دەریاچەیە هێلکە دەکات و جووجەڵە هەڵدێنێ، لەسەر جۆرە زیندەوەرێک دەژی کە پێیدەڵێن ئاریتما، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوی دەریاچەکە و خەستبوونەوەی خوێ ناتوانێ بژیت و بەو جۆرە ژیانی فلامینگۆکانیش کەوتووەتە مەترسییەوە".

جگە لەوەش دەریاچەی ورمێ شوێنی حەسانەوە و پەرینەوەی باڵندەکانی دەریاکانی خەزەر، ئۆراڵ و وانە بۆ دەریا گەرمەکان لە وەرزە ساردەکان و بە پێچەوانەش.

### 7 مەتر کەمی کردووە

زیاتر لە 20 ساڵە کارناسان و ژینگەناسان هۆشداری دەدەنە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وشکبوونی دەریاچەی ورمێ. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە

وەزیری پێشووی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق:

# بەغدا دەیویست لە کوردستان بەنداو دروست بکات بەڵام بەرپرسانی کورد ڕازی نەبوون



د. لەتیف ڕەشید، وەزیری پێشووی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، باسی کێشەی ئاو دەکات لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دراوسێ، پێشبینی دەکات لە داهاتوویەکی نزیکدا کاریگەرییەکانی ئەو بەنداوانە لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەربکەون کە ئێران و تورکیا لەسەر ڕووبارەکان لەدیوی سنووری خۆیان دروستیانکردوون و دەڵێت "تاکە ڕێگا بۆ ئێمەش دروستکردنی بەنداوە".

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود

فۆتۆ: سەرتیپ عۆسمان

**ڕووداو: دوای چەند ساڵ کارکردن وەک وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، ئێستا دەتوانن بڵێن عێراق ئەوەندەی کێشە سیاسییەکانی کێشەی ئاویشی هەیە؟**

**د. لەتیف:** ئێستا جیهان لە ڕووی ژمارەی دانیشتووان و پێداویستی بەکارهێنانی ئاو زۆر گۆڕاوە، بۆخۆشت دەزانی پێویستی خەڵکی عێراق چەند هێندە زیادی کردووە، ئێستا پێویستیمان بە ئاو زۆر زیادی کردووە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێمەی تێداین، 10%دانیشتووانی جیهان پێکدێنێ، بەڵام ئاوەکەی 1% کەمترە لەئاوی جیهان.

بەنیسبەت کوردستان و عێراقەوە، چەند هۆکارێک هەن کە وایانکردووە کێشەی ئاو بەدیاربکەوێت، ئەگەر بەراوردی خۆمان بکەین بە سعودییە یان وڵاتانی نزیک، ئێمە ئاومان باشە، بەڵام نەبوونی پلان و شێوازی بەکارهێنان و چەند هۆکارێکی دیکە وای دەردەخەن کە ئێمە بێ ئاوبین. لەلایەکی دیکەشەوە، کێشەی وشکەساڵی و بێبارانی با بوەستێ.

سیاسەتی ئاویی وڵاتانی دراوسێی عێراق و کوردستان، سیاسەتێکی جێگیر نییە. ئەگەر موراعاتی ئێمە نەکەن، لە داهاتوویەکی نزیکدا کاریگەرییەکی زۆر قورس دەردەکەوێ بەسەرمانەوە. ئەوان بەردەوام خەریکی پرۆژە و بەنداون لەسەر ئاوەکان، ئێمە بەردەوام گوتوومانە دژی پرۆژەکانی ئەوان نین، بەڵام داوای ئەوەمان کردووە موراعاتی ئێمە بکەن و وشکمان نەکەنەوە. سەددام حوسێن، هیچ گرنگی بە کێشەی ئاو نەداوە، هیچ گوێی لەوە نەبووە ئێران و تورکیا خەریکی چین.

**ڕووداو: چەند جارێک لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی و تورکی دانیشتن و کۆبوونەوەت هەبووە، بۆ ئەو کێشانەتان چارەسەر نەکرد؟**

**د. لەتیف:** لە دانیشتنەکاندا دەچووینە پێشەوە. کۆمیتەیەکیان دانەنابوو بۆ باسکردنی ئەو بابەتانە، بۆیە ئێمە بەجددی دادەنیشتین، هەندێکجار بابەتەکان ئیجابی بوون، دەیانگوت هاوکار دەبین، بەڵام هاوکات دەشیانگوت کە ئێمە کار و پرۆژەی خۆمان هەیە لەسەر ئەو ئاوانە و پێویستە ئێوەش

> کێشەی ئاو لەگەڵ ئێران و تورکیا بەشێوەی کاتی چارەسەر کراوە
>
> نزیکەی 45 سەرچاوەی ئاوی لەنێوان ئێمە و ئێراندا هەن
>
> دەکرا نەهێڵین ئاوەکانی کوردستان بڕژێنە دیجلەوە

بەرنامە و پلان بۆخۆتان دابنێن و بەباشی ئەو ئاوانە بەکاربێنن. هەندێکجار داوامان لە تورکیا دەکرد کە هەرکاتێک لەکاتی کشتوکاڵدا ئاومان پێویست بوو، بڕی ئاوەکەمان بۆ زیاد بکەن، ئەوان ئەوەیان دەکرد. بەڵام بە گشتی ئەو کێشانە بەشێوەی کاتی چارەسەر دەبوون. هیچ دانیشتنێکمان لەگەڵ ئەوان نەبووە مایەی ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی ئاو.

**ڕووداو: ئەی بۆ کێشەی گرتنەوەی ئاوی ئەڵوەنت لەگەڵ ئێرانییەکان چارەسەر نەکرد؟**

**د. لەتیف:** زۆرجار بۆ ئەو گرفتە چوومەتە ئێران و لەگەڵ بەرپرسانیان دانیشتووم. نامەوێ بڵێم بیانوویان دەگرت، بەڵکو بەردەوام دەیانگوت ئێمەش ئاومان پێویستە و ئاو کەمە و وشکەساڵییە. داوایان لە ئێمەش دەکرد کە موراعاتی ئەوان بکەین و خراپ بەکاری نەهێنین. ئێرانییەکان دەیانگوت ئێوەش بەنداو دروست بکەن. لەگەڵ ئێراندا نزیکەی 45 سەرچاوەی ئاوی هاوبەشی گەورە و بچووکمان هەیە.

**ڕووداو: ئەو سەرچاوانە زیاتر کێ سوودی لێدەبینێ؟**

**د. لەتیف:** زیاتر ئێران سوودیان لێدەبینێ، چونکە ئەوان لەسەرەوەن. هەڵکەوتەی شوێنەکەمان، عێراق و کوردستانیش بەشێوەیەکە کە ئێران دەستی زیاتر بەسەر ئاوەکەدا دەشکێت.

**ڕووداو: ئەی ئێوە پلانتان چی بوو، دوای ئەوەی وەڵامی ئێران و تورکیاتان بیست؟**

**د. لەتیف:** بەبڕوای من عێراق و هەرێمی کوردستان تەنیا یەک ڕێگایان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی بێ ئاو نەبن، ئەویش دروستکردنی بەنداوە. قازانجەکەشی تەنیا گلدانەوەی ئاو نییە، بەڵکو کارەباشت دەداتێ و سوودی هەیە بۆ ئاوی ژێر زەوی و بۆ کشتوکاڵ.

**ڕووداو: بەردەوام قسە لەسەر سوود و گرنگییەکانی بەنداو کراوە، بەڵام بۆ دروست نەکران، بودجە نەبوو؟**

**د.لەتیف:** عێراق لەسەرەتاوە وەکو ئێستا نەبوو، بودجەیەکی زۆر کەمی هەبوو. بۆ دروستکردنی بەنداو داوای بودجەمان دەکرد و بەپێی موناقەشە پارەیان بۆ دابین دەکردین. من گلەییم لە حکومەتی ناوەندی نییە و ئەوان تەنانەت ئامادەبوون بۆ لە ئەستۆگرتنی خەرجی دروستکرنی بەنداوی بێخمەش، بەڵام بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئامادە نەبوون.

لە خاسە و گەرمیان و کەرکووک بەنداومان دروستکرد. نزیکەی 10 تاوەکو 15 بەنداومان دروستکرد بە گەورە و بچووکەوە، بەڵام هێشتا زیاتر لە 30 بەنداوی دیکە پێویستن.

## به بەرپرسانی ئێرانمان دەگوت بۆچی ئاوی ئەڵوەن دەگرنەوە دەیانگوت ئێوەش بەنداو دروستبکەن

**ڕووداو: ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق کە هاوسنوورن لەگەڵ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری ئاوی سەرڕێژی کوردستان دەبەن، بەڵام بۆ حکومەتی بەغدا لە بەرامبەر ئەوە بەنداو لە کوردستان دروست ناکات؟**

**د.لەتیف:** ئێمە داوای پارەمان کرد بۆ ئەوەو بەغدا ڕەزامەندیشی دەربڕی، بەڵام بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئامادە نەبوون. بە تایبەتی بۆ بێخمە، دواتریش وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان هاتن و گوتیان ئەو بەنداوانەی لە هەرێمی کوردستان دەکرێن، خۆمان لێی بەرپرسین.

**ڕووداو: ئیتر ئێوەش وازتان لێهێنا؟**

**د.لەتیف:** لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە 5 تا 6 بەنداوی چاکمان دروستکرد، لە شیرین و خاسە و خانەقین و مەندەلی و چەند ناوچەیەکی دیکە بەنداومان دروستکرد. ئێستا وا ئەوەی خانەقین تەواو بووە و هەفتەی ڕابردوو لەوێ بووم. لە ناوچەی غەربیش بەنداومان دروستکرد، بەڵام بەگشتی ئەوەی تۆ لە خەیاڵتدایە ناتوانی هەمووی بکەی. ئەو ئاوەی لە کوردستانەوە دەڕوات هەمووی دەچێتە دیجلەوە. دیجلە بەشێکی لە تورکیاوە دێت و بەشێکی دیکەی ئاوی کوردستانە، ئێمە دەمانتوانی بەنداو دروستبکەین و نەهێڵین ئەو ئاوانەی کوردستان بچنە نێو دیجلەوە. لەگەڵ ئەوەشدا موراعاتی ناوچەکانی ناوەڕاستیش بکەین.

**ڕووداو: لەو بڕوایەدای لەو چەند ساڵەی داهاتوودا کێشەی گەورەی ئاو لە هەرێمی کوردستان و عێراق سەرهەڵبدات؟**

**د.لەتیف:** ئەگەر پلانێک نەبێ، بێگومان بە لەوە. زۆربەی شارەکانی خوارووی عێراق کێشەی ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵیان هەیە. دەبێ بودجەی ئاو باش بکرێ و حکومەت بیکاتە خەمی گەورەی خۆی. لەلایەکی دیکەوە دەبێ وەزارەتی کشتوکاڵ جوتیاران ڕابهێنێ کە چیتر بەو شێوە کلاسیکییە ئاودێری نەکەن. ئێستا کە ژمارەی دانیشتووانی عێراق زیاتر لە 30 ملیۆن کەسە، بەهەمان شێوازی ئەو کاتە کشتوکاڵ دەکەن کە سێ ملیۆن کەس بوو. هەموو ئاوی ئوردن لە ساڵێکدا بەقەدەر ئاوی ڕۆژێکی عێراق نییە، بەڵام بزانە چ پلانێکیان هەیە.

**ڕووداو: چەند جارێک ئاوی ئەڵوەن گیراوەتەوە و بەردراوەتەوە، زۆربەی باخی باخەوانەکانی کورد فەوتان، ئێستا ئەو ئاوە بەردراوەتەوە، پێشبینی دەکەی ئێرانییەکان جارێکی دیکە بیگرنەوە؟**

**د.لەتیف:** بەڵێ. چونکە ئەو کێشەیە بەیەکجاری چارەسەر نەکراوە و کاتییە.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەی هەرێمی کوردستان و عێراق چەند ساڵی دیکە دەستبکەن بە کڕینی ئاو؟**

**د.لەتیف:** هیوامان وایە نەگەینە ئەوە، بەڵام دەبێ بیریشی لێبکرێتەوە.

**ڕووداو: لەو بڕوایەدای کێشەی ئاو بچێتە پاڵ کێشەی نەوت لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا؟**

**د.لەتیف:** لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەوە ڕوونادات.

**ڕووداو: بۆچی نەتوانرا کێشەی بەنداوی نەینەوا چارەسەر بکرێ کە مەترسی ڕووخانی هەیە؟**

**د.لەتیف:** مەترسی هەیە و زۆریش هەوڵماندا بۆ چارەسەرکردنی، کێشەکە تەنیا ڕووخانی بەنداوەکە نییە، مادەیەک هەیە لەناو بەنداوەکەدا دەتوێتەوە و ئەوە وادەکات بڕووخێ. لێی کۆڵینەوە کە چەندی تێدەچێ و مابوو ئەوەی دوو کۆمپانیا بانگ بکەین چاکیبکەن، بەڵام بەداخەوە نەکرا.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**د.لەتیف:** واتێدەگەم زیاتر کێشەکە بیرۆکراسیەت و ڕۆتین بوو.

**ڕووداو: ئەی ناڕووخێ؟**

**د.لەتیف:** باسی ڕووخان مەکە. ئاوێکی زۆری تێدایە و خوانەکردە ئەگەر شتێکی لێبێت، نەک نەینەوا زۆربەی شوێنەکانی عێراق بەرەورووی کارەسات دەبنەوە، چونکە بەنداوی مووسڵ، بەنداوێکی زۆر زەبەلاحە.

# ورمێ ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەخاتە مەترسییەوە

لە حوزەیرانی 2012 بڵاوکراوەتەوە، ئاستی ئاوی دەریاچەکە لەنێوان ساڵانی 1995-2011 نزیکەی 7 مەتر کەمیکردووە، هەروەها لەو ماوەیەدا ڕووبەرەکەشی لە 6100 کیلۆمەتر چوارگۆشەوە بۆ 2366 کیلۆمەتر کەم بووەتەوە.

هەروەها بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ئێرانی کە لە تەمموزی 2012دا بڵاوکراوەتەوە، 65%ی دەریاچەی ورمێ وشکبووە.

نادر قازی پوور، نوێنەری ورمێ چەند ڕۆژێک لەومەوبەر لە پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند "تەمەنی دەریاچەی ورمێ ڕوو لە ئاوابوونە و تەنیا لە ماوەی 3 مانگی ڕابردوودا 32 سەنتیمەتر کەمیکردووە".

### 60 هەزار بیر لە دەوروبەری دەریاچەکە لێدراون

دەشتی ورمێ، یەکێکە لە دەشتە بە پیتە کشتوکاڵییەکان، ئەوەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر بیری ئاو لە دەوروبەری دەریاچەکە لێبدرێن. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی "همشهری" کە لە 2009دا بڵاوکراوەتەوە، 24 هەزار و 881 هەزار بیر لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ لێدراون.

بەڵام نەقی کەریمی، کارگێڕی گشتی ئاوی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ڕایگەیاند 60 هەزار بیری ئاو لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ لێدراون. ئەوەش لە کاتێکدایە لە ساڵی 1985 تەنیا 415 بیر هەڵکەندرابوون و لەساڵی 1995 ژمارەی ئەو بیرانە گەیشتبووە 1400 بیر.

بەپێی قسەی د.جەلال ئیجادی، یەکێک لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئاوی دەریاچەی ورمێ، دروستکردنی چەند بەنداوێکە لەسەر ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە نێو دەریاچەکە. ناوبراو گوتی "11 بەنداو لەسەر ئەو ڕووبارانە دروستکراون". بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەی دیکە تا ئێستا 40 بەنداو لەسەر ئەو ڕووبارانە دروستکراون کە کۆی گشتییان 21 ڕووباری هەمیشەیی و 7 ڕووباری وەرزین.

### 10 ملیۆن تۆن خوێ هەڕەشە دەکات

دەریاچەی ورمێ، سوێرترین دەریاچەی جیهانە. هەر ئەوەش بە قسەی ناجی کانی سانانی مەترسی گەورە لەسەر خەڵکی دەوروبەری دەریاچەکە دروستدەکات "چونکە وشکبوونی ئاوەکە، دەبێتە هۆی بەجێمانی ڕێژەیەکی زۆری خوێ کە دواتر (با) وردە خوێیەکان هەڵدەگرێ و بەرەو ڕۆژهەڵاتیان دەبات و پارێزگاکانی باکوورو باکووری ڕۆژئاوای ئێران، کوردستان و ئازەربایجانیش دادەپۆشێت و بەشێک لە تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە".

وەک شارەزایانی بواری ژینگە دەڵێن، خوێی ئەو دەریاچەیە دەبێتە هۆی لە ناوچوونی باخەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان. هەروەها مرۆڤیش تووشی نەخۆشی پێست، نەخۆشییەکانی دڵ و سی دەکات.

بە وتەی محەممەد باقر سێدوق، جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی پارێزگاری لە ژینگە، بەهۆی وشکبوونی دەریاچەی ورمێ "10 ملیۆن تۆن خوێ لەشێوەی تەپوتۆز بەسەر 6 ملیۆن خەڵکی دەوروبەریدا بڵاودەبێتەوە".

ناجی کانی سانانی دەڵێت "وشکبوونی دەریاچەی ورمێ بژێوی خەڵکی دەوروبەری دەخاتە مەترسییەوە. چونکە ئاوەکە بەردەوام دەکشێتەوە و ئەمەش کار دەکاتە سەر گەشتوگوزار و کشتوکاڵی ناوچەکەش بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوێ و نەبوونی ئاو لەنێو دەچن و خەڵکی ناوچەکەش ناچار بە کۆچکردن دەبن".

پرسی وشکبوونی دەریاچەی ورمێ لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا تەنانەت ناڕەزایەتی خەڵکی لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ئازەربایجانی ڕۆژئاوای بە دواداهات، بەو هۆیەش چەندین کەس دەستگیرکران. لەمانگی تەمموزی 2011دا، 22 ئەندامی پەرلەمانی ئێران داوایان لە حکومەت کرد بەرپرسیارێتی ئەو دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریانە لەئەستۆ بگرێ کە بەهۆی وشکبوونی دەریاچەی ورمێ دروستدەبن.

ئەو ناڕەزایەتیانە گەیشتە ئاستێک کە حکومەتی پێشووی ئێرانی ناچار کرد لە سێپتێمبەری 2011 بڕی 950 ملیۆن دۆلار بۆ ژیاندنەوەی دەریاچەی ورمێ تەرخان بکات.

### چارەسەر چییە؟

دوو ساڵ لەمەوبەر، حکومەت پرۆژەیەکی سەبارەت بە گواستنەوەی ئاو لە ڕووباری ئاراسەوە بۆ دەریاچەی ورمێ پەسند کرد. بەڵام بەبڕوای شارەزایان ئەستەمە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکرێ، جگە لەوەش ئەو پرۆژەیە ناڕەزایەتی دەوڵەتی ئازەربایجانی بە دواداهات کە ئەو ڕووبارە هێڵی سنووری نێوان ئێران و ئازەربایجان پێکدێنێ.

د.ئیجادی پێیوایە بە چوار قۆناغ دەکرێ ژیان بۆ دەریاچەی ورمێ بگەڕێندرێتەوە "ڕێژەی ئەو خوێیەی کۆبووەتەوە کەم بکرێتەوە. دووەم: ئاوی بەنداوەکان بۆ نێو دەریاچەکە بەربدرێتەوە. سێیەم: ڕێگە لە لێدانی بیر بگیرێت. چوارەم: ڕێگە نەدرێ پاشماوەی کارگەکان بڕژێتە نێو دەریاچەکە".



### پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن

پرسی ژیاندنەوەی دەریاچەی ورمێ بووە بەشێک لە پڕوپاگەندەی کاندیداکانی سەرۆک کۆماریی ئێران. حەسەن ڕووحانی، کاندیدی ڕیفۆرمخوازان کە براوەی هەڵبژاردنەکە بوو، لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن سەردانی شاری ورمێی کرد و بەڵێنی بە دانیشتووانەکەی دا دەریاچەی ورمێ بژێنێتەوە.

حەسەن ڕووحانی گوتی "ژیاندنەوەی دەریاچەی ورمێ یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانم دەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئاوی دەریاچەی خەزەر لە باکووری ئێران بۆ دەریاچەی ورمێ ڕادەکێشین".

بووژاندنەوەی دەریاچەی ورمێ بەشێک بوو لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆک کۆماری پێشوویش، بەڵام هێشتا دەریاچەکە بەدیار مردنی لەسەرخۆی خۆیەوە چاوەڕێی بەجێهێنانی ئەو بەڵێنانەیە.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# ئینزیبات

بە کۆمێنتی هاووڵاتیەک زۆر پێکەنیم کە گوتبووی: باوکەڕۆ ئەگەر سەرۆکی رایەڵەی هونەرمەندان تەقە لە خەڵک بکات، ئاخۆ رایەڵەی چەکداران چی بە عالەمەوە بنێ؟

کە هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە، مەلای حیزبی لە دین وەردەگەڕێ، رۆشنبیری حیزب جاهیل دەبێت و ئیتر پیاوی ماقووڵ دەبێتە دراوێکی دەگمەن. هەڵبژاردنی کوردی، هیستیریا لەگەڵ خۆی دێنێ.

کە هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە، کەس هەواڵی مامۆستا مەزهەری خالقی ناپرسێت، کەسیش عەدنان کەریمی لەبیر نییە، تەحسین تەها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەرشیف دەکرێت، ئەردەوان زاخۆییش هیچ کەڵکی نامێنێت. کە هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە، کێ لە دەنگی خاڵە سێوە دەپرسێت؟ کێ گوێ دەداتە مەقامێکی عەلی مەردان؟ دیاری قەراخی چی و ماهیر حەمەدەمینی چی، ئاخر کە هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە، (هونەرمەند!)یش هاوشێوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دێنە پێشەوە، لەملا عەزیز وەیسی سووپەر ستارە، لەولا گۆرانی ئینزیبات رایەڵە بەڕێوەدەبات.

ئەوەی گۆرانیبێژانی چەشنی وەیسی و ئینزیبات دەیڵێن، بۆ سەیران و سەفا عەیبی نییە. بۆ ئاهەنگ و بووکگواستنەوە سەری دێشێ، خۆ خەڵک لەسەر مەقامی قەتار و ئەلاوەیسی شانهەڵناتەکێنن. ئەوان هیچ خەوشیان نییە و رێگەی خۆیان گرتووە. قوربان ئەوە گۆرانیبێژانی میللی نین سیاسەتیان کردووەتە مەسخەرە و کەرەستەی پێکەنین، ئەوە حیزبی کوردییە هەڵمەتی هەڵبژاردنی کردووەتە ئاهەنگی پاشتێلانە. لیستێ بەتەمابێت بە بەغبەغ بەغبەغ لە هەڵبژاردندا دەربچێت، عاقیبەتیشی لەوە بالاتر نابێ، ئاخر ئەوەی بە چەقەنە بێت، بە فیکە و هووها دەڕوات.

جاران ئەگەر ئینزیباتی راستەقینەمان لە دوورەوە بینیبا، زەندەقمان دەچوو، لەوانەیە هەر سیلەی رەحمی ئەو ئینزیباتە بێت، گۆرانی ئینزیباتی هاندابێت هەندێ فیشەک و میشەک بەو خەڵکەوە بنێ. من خەمی ئەوەم نییە، ئاخر گۆرانی ئینزیبات تەنیا پاشناوی لەگەڵ ئینزیباتەکەی جاراندا هاوبەشە و ئەوەی لێدروست بوو، قوربان من شتێکی دیکە خەوی لێ حەرام کردووم.

قوڕم بەسەر، خۆ عەزیز وەیسی گۆرانیبێژ، هاوزەمان ناو و پاشناویشی وەک فەرماندەی زێرەڤانییە، بۆیە هیچ بە دووری مەزانن ئەگەر کا عەزیزی وەیسی لە ئاهەنگێکدا نیگەران بوو، باڵەبان ببێتە ئارپی جی و زەڕب ببێتە تۆپی سەت و شەش و مارینزی کوردی، سەراپای ئاهەنگەکە سەروژێر بکەن.

Facebook.com/Goran.Muhemed



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# یەکێتی خۆی و پارتی رزگار کرد

ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر مەسەلەی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، دوای ماوەیەک لە بێدەنگی، گۆمی سیاسی کوردستانی شڵەقاند.

پارتی لەلایەک گەیشتە ئامانجی خۆی کە ئەویش درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو، یەکێتیش لەو ئیحراجیەی کە بەرامبەر پارتی و جەماوەرەکەی خۆی تێیکەوتبوو، رزگاری بوو. یەکێتی لە مەسەلەی سازانی نیشتمانی لەسەر دەستوور پارتی تەسلیمی خۆی کرد و بەوەی رازیکرد کە بیر لە راپرسی لەسەر دەستوور نەکاتەوە و چاوەڕێ بکەن هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ.

یەکێتی لەو باوەڕەدایە کە لەم هەڵبژاردنانە دەتوانێ بەسەر گۆڕاندا سەربکەوێت و باری لاری خۆی بەرامبەر بە پارتی راست بکاتەوە و پارتیش پێویستی بەوە هەبوو کە بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا بمێنێ، بۆیە لەڕووی سیاسییەوە ئەوەی یەکێتی و پارتی کردوویانە بەرژەوەندیی هەردوولا دەپارێزێت.

هەر هەنگاوێکی دیکەی یەکێتی لە دەرەوەی ئەم سیغەیەی کە دۆزیویانەتەوە، لە زەرەری یەکێتی دەبوو. ئەگەر یەکێتی ئەوەی نەکردبایە و چووبایە لەگەڵ پارتی بۆ تێپەڕاندنی دەستوور رێککەوتبایە، گۆڕان گورزێکی کەمەرشکێنی لێدەدا و لە سلێمانی و گەرمیان قەت نەیدەتوانی ئەو دەنگانە بێنێت کە چاوەڕێیان دەکات. ئەگەر ملی بۆ ئەوەش نەدابایە کە پارتی لێی داوا دەکرد ئەوا پەیماننامە ستراتیژییەکەی لەگەڵ پارتی هیچ قیمەتێکی نەدەما، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە لەسەر شکایەتەکانی یەکێتی لە مووسڵ پارتی 3 کورسی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵی لە کیس چوو.

مانەوەی بارزانی لەو پۆستە مانای مانەوەی کۆسرەت رەسوڵیشە لە پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەوەش وا دەکات کە حەزیان لێبێت بارزانی بمێنێتەوە و دوای تەواوبوونی وادەی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماریش لە عێراق، یەکێتی چاوی لەوەیە کە بۆ خولی سێیەمی سەرۆکایەتی کۆمار، بارزانی پێداگیری بکات لەسەر ئەوەی یەکێک لە سەرکردایەتی یەکێتی (کە د.بەرهەم ساڵح خۆی بۆ ئامادە کردووە) پشتیوانیی لێبکرێت بۆ ئەوەی پێ بنێتە کۆشکی کۆماریی عێراق.

ئۆپۆزیسیۆن ناتوانێ ئەم مەسەلەیە وەک قەمیسی عوسمان لێبکات، چونکە خۆیان دژی سیستەمی سەرۆکایەتین و ئەو یاسایەشی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پێ هەڵدەبژێردرێت هەمان ئەو یاسایەیە کە بە کەمێک دەسەڵاتی کەمترەوە خراوەتە ناو رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان. کەواتا ئەگەر قەرار بێت لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، دەبێ بەپێی ئەو یاسایە ئەنجام بدرێت و سیستەمی سیاسی لە کوردستان ئەوکاتە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت کە ئۆپۆزیسیۆن ئەوە چوار ساڵە لە هەوڵدان بیگۆڕن و پێیان نەگۆڕاوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن پێداگیری لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بکات، ئەوا شەرعییەت دەدات بە سیستەمی سەرۆکایەتی و ناتوانێ ئیتر بەرگری لەوە بکات کە لە دەستووریشدا بگۆڕدرێت و تەنانەت ئەوە دەرگا بۆ ئەوەش دەکاتەوە کە ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت بارزانیش بۆی هەبێت بەپێی ئەو یاسایە خۆی کاندید بکاتەوە.



لەتیف مستەفا شێخ ئەمین

# ئەوەی لێی دەترساین قەوما

لەکاتی گرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بینیمان هەندێک لە بەرپرسە حیزبی و حکومیەکانی کوردستان بە جلی کەتافی و دووربین و مەتارەوە، پێش کۆمەڵێک چەکداری حیزبەکانیان دەکەوتن و لە دوورەوە و بە مەسافەی زۆر لە چیاکانی پشتی کەرکووک و دووزەوە بە دووربین سەیری پێشەوەیان دەکرد و لە میدیا حیزبیەکانیانەوە وایان نیشانی خەڵک دەدا کە لەسەر زنجیرە چیاکانی حەمرینن و خۆشیان وەک تاکە قارەمانی رزگارکەری نەتەوەیی پێشانی خەڵک دەدا کە بەس ئەوان کوڕی رۆژی تەنگانەن و ئەگەر ئەوان نەبن کەس نییە بەر بەسوپای داگیرکەری نوێی عێراق بگرێت و هێزەکانی حکومەت یەک مەتر ناتوانن پێشڕەوی بکەن مەگەر بەسەر لاشەی ئەواندا برۆن. دیارە ئەم هەڵسوکەوتە نمایشکارانە لەلای ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی نوخبەو رۆشنبیر ئاشکرابوون و دەیانزانی ئەسڵی مەسەلەکە چییەو چۆنە، چونکە ئەوە یەکەم جار نییە ئەو جۆرە بەرپرسانە نمایشی وادەکەن و خۆیان بەسەر خەڵک و ئۆپۆزسیۆنیشەوە با دەدەن، بەڵام دوای ماوەیەک ئەو ناوچانەی کە ئەوان ئیدیعایان دەکرد سنگیان بۆ کردووە بە قەڵغان و ناوچەی بەرفراوانی دیکەشیان بەخشکەیی و بەبێ تەقە بەجێهێشتووە و تەسلیمی هێزەکانی حکومەتیان کردووە وەک نموونەکانی جەلەولاو مەندەلی و سەعدیەو جەبارەو قەرەتەپەو چەندین شوێنی دیکەی کوردستانی پیرۆز، ئەمجارەش ئێمە دەمانزانی فیلمەکە چییەو زۆر دەترساین دووبارە ببێتەوەو رووبەرێکی دیکەی خاکی کوردستانمان لە دەستبچێ و پێشبینی ئەوەشمان کرد، بەداخەوە رێک وادەرچوو. هەر لەسەرەتای رزگارکردنی عێراقەوە رێگای دووز تا حەمرین راستە بەدەست سوپای عێراقەوە بووە، بەڵام لەبەرئەوەی ناوچەی کوردستانی کێشە لەسەرن و وەک چارەسەری مامناوەندی درابووە دەست یەکەی سەربازیی کوردی، لەم قەیرانەی ئەم دواییەو دوای رووداوەکانی سلێمان بەگ، حکومەتی بەغدا بڕیاری دا بە گواستنەوەی لیوای 16 کە ئەرکی پاراستنی ئەو رێگایەی پێ سپێردرابوو، بۆ دیالە، بەڵام جوامێرانی کورد رازی نەبوون فەرمانەکە جێبەجێ بکەن و ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن، چونکە زانییان ئەوە پیلانێکە بۆ لێسەندنەوەی ئەو ناوچانە بەیەکجاری لەدەستی کورد بەو ئومێدە بوون بەرپرسانی کورد بەپیریانەوە بچن و هێزی پشتگیرییان بۆ بنێرن و بیکەنە ئەمری واقیع و بۆ یەکجاری لە دەستی بەغدای دەربێنن و ببێتەوە بە بەشێکی دانەبڕاوی کوردستان. بەڵام بەداخەوە پشتگیرییان نەکردن و بە پیریانەوە نەچوون، بۆیە بەشە کوردییەکەی لیوای 16 بەناچاری و لەبەر بێ ئیمکاناتی رێگاکەیان چۆڵ کردو کشانەوە بۆ زاڵگەکەی مەفرەقی دووز-کفری و زیاتر لە 50 تاوەکو 60 کیلۆمەتر بەخشکەیی و بەبێ تەقەو لەم کاتی بەناو ئاشتیەی نێوان هەولێر و بەغدا لەدەست کورد چوو.

ئێستاش هەر بەوەوە ناوەستێ، ئەوەتا حکومەتی بەغدا بەبیانووی پاراستنی تورکمانەکان لە هەوڵی داگیرکردن و دەرهێنانی دووزە لەدەستی کورد لەرێگای هێنانی هێزی سوات و پۆلیسی فیدراڵی و دروستکردنی هێزی سەحوەی تورکمانی کە دیارە هەمووی مەبەستی داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانەیە. لەکاتێکدا چەندین ساڵە کورد لە جەلەولاو سەعدیەو شوێنەکانی دی دەکوژرێ و دەردەکرێ و جینۆسایدی نوێ دەکرێت، دەسەڵاتدارانی کورد فشارێکی جدییان نەهێنا بۆ سەر بەغدا بۆ گێڕانەوەی پێشمەگە بۆ ئەو ناوچانە یان دروستکردنی هێزی چەکداری کورد لە خەڵکی ناوچەکان وەک ئەوەی ئێستا حکومەتی بەغدا بۆ تورکمانەکەن دەیکەن. ئەوەی روودەدات لەو ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرانە، شتێکی چاوەڕوانکراوە لەسایەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کە ئامادەن بۆ پارەی کۆمپانیاکانی نەوت هەرێمی کوردستان رووبەڕووی شەڕێکی گەورە بکەنەوە و چییان لەدەستهات کردیان، بەڵام لە ئاست لەدەستدانی بەردەوامی خاکی کوردستان تەنانەت مچورکێکیشیان پێدا نایەت. ئەمە چ بەرپرسێکن لە ئاست دۆڕاندن و لە دەستدانی خاکی کوردستان هەست بە هیچ ناکەن کە ئەگەر لە وڵاتێکی دیکە بووایە جگە لە داوای لێبووردن لە خەڵک، کورسیەکانیان چۆڵ دەکرد و هەرخۆشیان بەپێی خۆیان دەچوونە بەردەم دادگا. من بە خەڵکی کوردستان دەڵێم دەبێ چاوەڕوان بکەن لەدوای دووز نۆرەی داقووق و کەرکووک دێت. چونکە (مەنسولەکانی) کوردستان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن نەک نەتەوە و تەنیاش پاڵەوانی سەر تەلەڤزیۆنەکانن.

د.شوان نافع خورشید

# بۆچی عێراق لە قەیراندایە؟

هەڵەیەکی بەرچاو لەژیانی سیاسی عێراقدا ئەوەیە کە جیاوازی لەنێوان پارتە سیاسیەکانیدا لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان نییە وەک ئەوەی لە وڵاتە دیموکراسییە سەقامگیرەکاندا هەیە. لەو وڵاتانەدا، جیاوازی سیاسییەکان لەسەر رێژەی باج و لەسەر خەرجی حکومەتە بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و هەندێ جاریش رەنگە لەسەر کۆچبەری بێت. بەگشتی لەسەر ئەو کێشانەن کە خەمی هاوبەشن لە نێوان هەموو هاووڵاتیاندا. پارتە سیاسییەکان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یان بەریتانیا ئەو ژێرخانە ئایدیۆلۆجیە فەراهەم دەکەن کە هەموو کەسێک بتوانێت ئەندامیان بێت بێ ئەوەی ترسی رسوابوونی هەبێت بەناوی ئەوەی کە خۆی فرۆشتووە یان هەلپەرستە. بۆیە هەر سیاسییەک لەوێدا دەتوانێت بەسەربەرزی کاری سیاسی بکات و خەڵکانی پاڵپشت لەناو گرووپە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیدا پەیدا بکات جا سەر بە هەر پارتێک بێت. هەروەها کە سیاسەتێک پێشنیاز دەکرێت بۆ هاووڵاتیان بەناوی ئەوەوە دەبێت کە بەرژەوەندی هەموو لایەنێکە. ئایدیۆلۆجیا بنەڕەتیەکەی ئەو وڵاتانە لیبراڵ دیموکراسییە. تەنانەت کونسەرڤاتیڤەکانیش هەر بەشێکن لە کولتووری سیاسی لیبرالیزم، چونکە ئەوانیش لە چوارچێوەی دەستوورێکدا کاردەکەن کە بەپێی بەهاکانی لیبرال دیموکراسی داڕێژراون.

کەچی دیارترین پارتە سیاسییەکانی عێراق لەسەر زەمینەی گرووپی ئەتنیکی یان ئاینی دامەزراون. گوتاری سیاسی ئەم پارتانەش ئاراستە نەکراون بۆ هەموو دانیشتووانی عێراق، بەڵکو روویان لە گرووپێکی دیاریکراوە. تەنانەت داواکاری ئاشکراش دەکەن بۆئەوەی پشکی گرووپە کومەڵایەتیەکانی خۆیان زیاتر بێت جا ئەگەر گرووپەکەیان ئەتنیکی بێت وەک کورد، عەرەب و تورکمان یان گرووپی مەزهەبی وەک شیعە و سوننە. کەواتە بە پێچەوانەی وڵاتە گەشەسەندووەکان سیاسەتی پێشنیازکراوی پارتەکانی عێراق بۆ بەرژەوەندی گشتی نییە، بەڵکو تەنیا بۆ پێکهاتەکەی خۆیانە. کاتێکیش هاووڵاتیان دەبنە لایەنگری ئەو پارتانە، ئەندامانی پێکهاتەکانی دیکە وەکو دوژمن یان لە باشترین حاڵەتدا وەک رکابەرێکی نەویستراو دەبینن.

هەڵبەتە گومان لەوە ناکرێت کە هەندێ گرووپی ئەتنیکی و مەزهەبی لە عێراقدا تووشی چەوساندنەوەی زۆر سەخت بوونە لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە و هێشتاش هەندێ لەو کێشانەی کە لە رابردوودا پەیدابوون بەبێ چارەسەری ماونەتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی پاساو بۆ مانەوەی ئەو حیزبانە هەر کێشە ئەتنیکی و مەزهەبیەکانە، بۆیە ئەگەر رابەرەکانی پارتەکان تەنیا بەدوای بەرژەوەندی تەسکی خۆیاندا برۆن هیچ کاتێک بانگەوازێک نادەن بڵێن بۆ نموونە "هۆ برایان و خوشکان کێشەکانمان کۆتاییان هات" بەڵکو ئەو کێشانە هەموو دەمێک زیندوو دەهێڵنەوە یان کێشەی نوێ دروستدەکەن.

ئەم کێشەیە کە لە سروشتی فرەبەرەکیانەی پارتە سیاسییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، سەختتر بووە لەبەر نەبوونی کولتووری سیاسی لیبراڵی. ئەگەر بهاتایە خەڵکی عێراق هەڵگری بەها لیبراڵیەکان بان وەک تاکایەتی و ئازادیی باوەڕ و دەربڕین، ئەو پارتانە کە لەسەر بناغەی ئەتنیکی و ئاینی دانەمەزراون، ئێستا دەیانتوانی رۆڵێکی گەورەتریان هەبێت. بەڵام بەداخەوە خەڵکە ئاساییەکە، تەنانەت پێش رابەرەکانیش، ئازادی و تاکایەتی بەهەند نازانن.

مەبەستەکە لێرەدا تاوانبارکردن نییە. دیارە هەرچی بوارێکی کە ئێستاکە هەمانە دەرئەنجام و بەرهەمی کار و رووداوەکانی رابردوون و هیچ نەبێت هەندێ لەو رووداوانە دەرئەنجامی بیروبۆچوونی ئەکتەرە سیاسییەکانی پێشووترن. یەکێک لەو فاکتەرانە کە عێراقی ئەمڕۆیان دروستکردووە، ئەو راستیەیە کە هەرێمی کوردستان بەبێ رەزامەندی خەڵکەکەی بە عێراقەوە لکێندراوە. یەکێکی دیکەیان ئەوەیە کە شیعەکان بە درێژایی مێژوو لە دەرەوەی سەنتەرە گرنگەکانی دەسەڵات دانراون. هەروەها کولتووری باڵادەستی سیاسی چ لۆکاڵی بێت یان هەرێمی (مەبەست هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و چ جیهانی، شتێکی هەڵەی نەبینیوە لەوەی کە عێراق دەیان ساڵ لەژێر حوکمی پارتێکدا بووە بە ئاشکرا گوتوویەتی کە مەبەستی تەنیا میللەتی عەرەبە. هەر هەمان حیزبیش عەرەبی وەک سوننە ناساندووە. شیعە عەرەبەکانیش وەک پاشماوەی سەفەویەکانی ئێران وەسف دەکران. تەنانەت ئەمڕۆش کولتووری سیاسی جیهانی هەڵەیەک نابینێت لە دامەزراندنی پارتی سیاسی لەسەر بنچینەی ئاین و مەزهەب و ئەتنیک. بۆیە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لە دوای ئازادکردنی عێراق لەساڵی 2003 بەبێ دوودڵی هاوکارییان کرد لەگەڵ ئەو پارتە ئەتنیکی و مەزهەبیانە.

بەبیرهێنانەوەی ئەم باکگراوندە، نابێت چاوەڕوان بین پلانێک بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی و یەکسەری هەبێت یان کار بکات. بەڵکو پێویست دەبێت پرۆسەیەکی چاکسازی درێژخایەن دابنرێت. ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆسەیەش دەبێت گونجاندنی باری سیاسی عێراق بێت بە شێوەیەک لەمەودوا تەنیا ئەو پارتانە بتوانن بێنە ناو پەرلەمان و دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت کە گوتارەکانیان ئاراستەی هەموو هاووڵاتیان کرابێت نەک یەک پێکهاتە. ئەمەش دەکرێت بە چەند شێوەیەک بکرێت. یەکەمیان ئەوەیە کە مەرج دابنرێت هەر پارتێک، با بڵێین پارتی (س)ی سەر بە گرووپی (س) ئەگەر بیەوێت کورسی پەرلەمان وەرگرێت دەبێت تا رێژەیەکی دیاریکراو لە دەنگی خەڵکانی هەموو پێکهاتەکانی دیکەی بەدەستکەوێت. ئەلتەرناتیڤێکی دیکە ئەوەیە کە بواری سیاسی برەخسێت بۆئەوەی پارتەکان گوتاری سیاسی خۆیان بەشێوەیەک بگونجێنن، بتوانن هاوپەیمان بدۆزنەوە بۆ خۆیان لەناو پارتە سیاسییەکان کە سەر بە گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵگای عێراقین. ئەلتەرناتیڤی سێیەمیان ئەوەیە کە رێگاخۆشبکرێت بۆئەوەی هەر پێکهاتەیەکی عێراق ئەنجومەنێک بۆخۆی دروستبکات و ئەرکەکەیشی تەنیا ئەوە بێت لە گوتارە سیاسییەکانی پارتەکان کە سەر بە پێکهاتەکانی دیکەن بکوڵێتەوە و هەڵیانسەنگێنێ و لە ئەنجامیشدا یان پەسەندیان بکات یان رەتیانبکاتەوە.

هەڵبەتە لەبەرئەوەی جیاکاری رەگەزی لەدژی ژن مەترسی کەمتری نییە لەسەر دیموکراسی و ناعەدالەتیەکی گەورە دروست دەکات، بۆیە بەهەمان شێوە دەبێت ئافرەتانیش ئەنجومەنی خۆیان هەبێت و ئەوانیش بتوانن هەڵسەنگاندن بکەن و بریار بدەن لەسەر شیاوی ئەو گوتارە سیاسییەی لەلایەن ئەو دامەزراوانەوە دەردەچێت کە فکری نێرینە بەسەریاندا زاڵە.

ئەم جۆرە هەنگاوانە بەدڵنیاییەوە بوارێکی چاک دروست دەکات کە ئاستی رۆشنبیری هەموو خەڵکانی وڵاتەکە بەرزدەکاتەوە و لەهەمان کاتدا دەتوانێ سیاسەتمەداری میانڕەو بهێنێتە سەر حوکم و خەڵکەکانیش لەیەکتر نزیک بکاتەوە.



ئەحمەد دەرە

# زمانی ئەوروپییەکان گۆڕاوە

ڕۆژی ١٢ی حوزەیران لە شتراسبۆرگ، پەرلەمانی ئەوروپا نزیکەی دوو کاژێر لەسەر ڕەوشی تورکیا ڕاوەستا. نزیکەی ٣٠ نوێنەری پەرلەمانی ئەوروپا و ستیفان فولە، کۆمیساری یەکێتی ئەوروپا و کاترین ئاشتۆن نوێنەری کۆمیسیۆنی ئەوروپا دانوستاندنیان ئەنجامدا.

دوای هاتنی پارتی داد و گەشەپێدان AKP بۆ سەر دەسەڵات، من لە پەرلەمانی ئەوروپادا زۆر گوێم لە دانوستاندنەکانی دەربارەی تورکیا دەگرت. بەڵام ئەوە یەکەمین جارە لە زمانی ئەوروپییەکانەوە و بەتایبەتی نوێنەرانی پەرلەمانی ئەوروپا گوێم لە ڕەخنەی ئەوەندە توووند دەبێت لە دژی AKP. هەرچەندە کاترین ئاستۆن و ستیفان فولە کەمێک نەرمتر قسەیان کرد، بەڵام بەگشتی ڕەخنەی پەرلەمانتەران توووند بووە. دیارە ئەوروپییەکان زۆر لە پارتی داد و گەشەپێدان ڕازی نین. بەهۆی ئەو چالاکییانەی لە ستانبۆڵ ئەنجام دەدرێن ئەوان دەیانەوێ نامەی خۆیان بۆ AKP ڕەوانەبکەن. ڕۆژی ١٢ی حوزەیران من بەباشی تێبینی ئەم ڕاستیە کرد.

دەبێ بزانین کە چالاکییەکانی پارکی گەزی و تەقسیم دوای سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ ئەمریکا دەستیپێکرد. پێموایە ئەوە شتێکی هەڵکەوت نییە. ئێمە دەزانین کە لە واشنتۆن داوا لە سەرۆک وەزیرانی تورکیا کراوە کە بەشێوەیەکی چالاکانە دژی ڕژێمی بەعس بجەنگن. بەڵام ئەو داواکارییەی ئەمریکا لەلایەن سەرۆک وەزیرەوە قبوڵنەکراوە. مرۆڤ ئەگەر ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا و ئەوروپییەکان لەبەرچاو بگرێت، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوان لە AKP ڕازی نین. بۆیە ناتوانین بیرلەوە نەکەین و نەڵێین "ئایا ئەم هێزە لە پشت ئەم چالاکییانەدا نییە؟"

خاڵێکی دیکەش کە دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە: وەک دەزانرێت لە نەورۆزی ئەمساڵەوە پەکەکە دەستیکردووە بە پێڤاژۆیەکی نوێ. بەپێی زانیارییەکان بەسەدان گەریلا لە باکوور پاشەکشەیان کردووە و، لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەوانەی ماویشن دەکشێنەوە. هەرچەند دەوڵەتی تورکیا بڵێ "هیچ بەڵێنێکمان بە پەکەکە نەداوە". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێڤاژۆیە بەپێی داواکارییەکان بووە. ئەگەر هیچ بەربەستی دیکە دروست نەبێت، لەوانەیە لە کۆتایی ئەمساڵدا یانیش لە سەرەتای ساڵی داهاتوو، لەلایەن پەکەکەی ان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە هەندێ هەنگاوی جدی بهاوێژرێن. ئەوەندەی من ئەمریکا و ئەوروپییەکان دەناسم، ئەوان نایانەوێ تورکیا لە کێشەکان ڕزگارببێت. بەپێی ئەم هێزانە تورکیا دەبێ بەردەوام هەندێ ناکۆکیی هەبێت. بۆیە دەتوانین وا بۆ بچین کە ئەم هێزە ئیمپیریالیستانە نایانەوێ "پرۆسەی چارەسەری" بە ئارامی بڕوات و بگاتە ئەنجامێک.

دوای ئەم قسانە دەمەوێ ئەوەش بە ڕوونی بڵێم ئێستا ئەمریکا و ئەوروپاش نایانەوێ AKP لە دەسەڵاتداری دووربخرێتەوە. بەڵام دەیانەوێ ئەو پەیامە بدەنە تورکیا کە دەبێ بەپێی داواکارییەکانیان بجوڵێتەوە. ئەمریکا و ئەوروپا باش دەزانن کە ئەمڕۆ بێجگە لە AKP هیچ هێزێکی دیکە لە تورکیا نییە لە AKP باشتر خزمەتیان بکات. AKP دەبێ هۆشدار بکرێتەوە، بەڵام لە دەسەڵاتداری دوورنەخرێتەوە.



هیوا مەحمود عوسمان
hiwa@rudaw.net

# چاپتەری حەوت.. کۆتایی سەردەمێک

لابردنی عێراق لەژێر باری چاپتەری حەوتی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەنگە زۆر باش بێت بۆ پێگەی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و وێنەکەی لە دەرەوەی وڵات، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە وڵاتەکە ئامادەیە یانیش کامڵە بۆئەوەی ئازاد بێت لە دەست ئەنجوومەنی ئاسایش و چاودێری نێودەوڵەتی.

خەڵکی عێراق و کوردستان نابێت ئەوە لەبیر بکەن کە هۆکاری سەرەکی ئابڵوقەکانی چاپتەری حەوت کوێت نەبوو، کوێت تەنیا دەرئەنجامەکە بوو کە بووە هۆی گەیشتن بە چاپتەری حەوت. هۆکاری سەرەکی بریتی بوو لە کێشەی ناوخۆیی و ئەو بیرکردنەوە عەسکەریەی کە عێراق هەیبوو.

ئەوکات، هەموو ئەو کێشانە لە سەدام و کردەوە بێسەروبەرییەکانیدا بەدی دەکرا. ئەمڕۆکە، کێشەکان فرەن و هەریەکەشیان ئەگەری هەیە بتەقێتەوە و کارەسات دروستبکات و ببێتە هۆی گەڕانەوەی چاپتەری حەوت، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی توند و دیکتاتۆرییەت هەر ماوە.

چاپتەری حەوت و ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێگە بە ئەنجوومەنی ئاسایش دەدات کە بڕیاری خۆیان بدەن لە ئابڵوقەوە بگرە هەتا دەستتێوەردانی سەربازی، ئەگەر دەوڵەتەکان گوێ بە داواکارییەکانی ئەنجوومەنەکە نەدەن.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەو کێشانەی ئەمڕۆ هەن پاشماوەی بەعسییەکان و سەدامییەکانە و هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەستدا نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و دۆزینەوە ڕێگەچارە بۆیان.

لەڕاستیدا ئەگەر عێراقییەکان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاقیکردنەوەیەیان نەبێت کە ببنە ئەندامێکی کامڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕووداوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و گۆڕانکارییەکان ڕەنگە بیانگەڕێنێتەوە بۆ هەمان ڕێگە و ڕووبەڕووی ئابڵوقەی نوێیان بکاتەوە.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی، تۆزە هێمایەکیش نییە بۆ ئەوەی ئاماژە بێت بۆ بوونی پەیوەندییەکی تەندروست لەنێوان لایەنە جیاجیاکانی نێو عێراق کە گارانتی بێت بەوەی ئەو وڵاتە سەقامگیر بێت لەنێوخۆ و لەگەڵ دراوسێکانیشی. ناکۆکییەکەی نێوان شیعە و سوننە لەهەموو کات خراپترە و هیچ ئاماژەیەکیش نییە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی درێژخایەن هەبێت بۆ کێشەکانیان. هەر یەک لەو لایەنانە هەوڵدەدەن بە هەر شێوەیەک بێت شەڕەکە لەدژی ئەوی دیکەیان بباتەوە.

کوردستان لەگەڵ ئەوەی ناوچەیەکی ئارامە، بەڵام هێشتا جار جارێ وەبیرهێنانەوەیەکی ناکۆکی و ناکامڵی سەرکردایەتی هەیە. ڕووداوەکانی ئەم دواییە و ڕێککەوتننامەی نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی و نەناردنی دەستوور بۆ ریفراندۆم ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات لە داهاتوودا و درزەکانی نێو سیاسەتی کوردی فراوانتر دەکات.

هەموو ئەمانە و چەندین نموونەی دیکەش ئەوە دەسەلمێنن کە هێشتا وڵاتەکە زۆری ماوە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت. هەتا ئەمڕۆکەش هەر کاتێک قەیرانێک دێتە ئاراوە لەنێوان بەغدا و هەولێر، ئێمە هێز لەسەر سنوورەکان دەبینین.

دامودەزگاکانی حوکمڕانی هێشتا کەمتر گرنگییان پێدەدرێت لەچاو خەڵک و سیاسەتی وڵاتەکە. بەپێی ژمارەیەک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، عێراق بە کوردستانیشەوە هێشتا یەکێکە لە وڵاتە گەندەڵەکانی جیهان. ئەوانەشی کە سەرکردایەتی وڵاتەکە دەکەن هێشتا خووەکانی ڕابردوویان هەر ماوە کە بووە مایەی سەپاندنی چاپتەری حەوتەم.

لەم ڕێگەچارەیەدا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دانی بەوەدانا کە عێراق توانیویەتی بگاتە ئەو پێگە نێودەوڵەتیەی پێش ساڵی 1990 هەیبوو. عێراقییەکان و بە کوردیشەوە دەبێ ئەمە بسەلمێنن و سەرەڕای جیاوازییە گەورەکان لەنێوان دوو عێراقەکە و سەرکردەکان، هێشتا هێمای پارچەبوون و توندوتیژی و دیکتاتۆرییەت کە بووە هۆی سەپاندنی چاپتەری حەوت، هەر ماوە.



ولادیمیر ڤان ویلغنبێرخ
wladimir@rudaw.net

# خۆپیشاندان بە ستایلی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ئەوەی پێیدەگوترێت بەهاری عەرەبی وایکرد بزووتنەوەی فراوانی نارەزاییدەربڕین لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەرە بستێنێت و ئەمەش کاریگەریی خۆی لەسەر کوردەکان هەبووە. ئەوە بوو لەناکاو لە تورکیا دەستکرا بە نارەزایی و دواتر ئەو نارەزاییانە بوونە ئیلهامبەخش بۆ بەڕازیلیش. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆپیشاندانە زۆر جیاوازن لەوانەی کە لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئەنجامدەدرێن.

بەم دواییانە لە شارۆچکەیەکی بچووک بەناوی ئامووده، خۆپیشاندان و مانگرتن لەدژی دەستگیرکردنی چالاکڤانان لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD، کە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان PKKیە، بەڕێوەچوون. ئەمەش بووە هۆی پێکدادان و تەقوتۆق و لەئەنجامیشدا ژمارەیەک خەڵک کوژران.

ئەمە پێشانیدەدات کە PYD هێشتا بەشی ئەوە ئامادەگیی تێدا نییە کە هەڵسوکەوتی ڕاست لەگەڵ خۆپیشاندانەکان و ئەو نێوەندە مەدەنییانەدا بکات کە ناڕازین. لەکاتێکدا ئەو پارتە هەوڵدەدات حکومەتی دێفاکتۆ لە ناوچە کوردییەکانی سووریا دابمەزرێنێت، کەچی هێشتا ئەو هێزی پۆلیسەی دانەمەزراندووە کە لەجیاتی چەک بە غازی فرمێسکهێنەر ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ببێتەوە. پارتە کوردییەکانی عێراقیش هەمان کێشەیان هەیە و زۆر جار کاتێک خۆپیشاندانێک ڕوودەدات یان خەڵک دەکوژرێت یان ڕۆژنامەنووسان ئازار دەدرێن.

ڕووداوەکانی ئامووده ئەو ڕووداوانەم بیردەهێننەوە کە لە ساڵی 2011 لە سلێمانی ڕوویاندا و تێیاندا هێزەکانی پاراستنی ئاسایشی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان تەقەیان لەو خۆپیشاندەرانە کرد کە بەردیان دەگرتە بارەگا سەرەکییەکانی پارتی لەو شارەدا. هەرچەندە PKK حەزی لێ نییە ئەو ڕووداوانەی ئێستا بە ڕووداوەکانی ئەوکات بەراورد بکرێن.

کاتێک ڕووداوەکانی ئامووده ڕوویاندا، هەریەکە لە تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق و PKK و پارتی هۆکارەکانی دروستبوونی ڕووداوەکانی ئامووده بۆ دەستتێوەردانی دەرەکی دەگێڕنەوە. هەندێکیشان کەوتنە ئەوەی کە شەرعیەت ببەخشن بەو سەرکوتکردنەی لە خۆپیشاندانەکاندا بەکارهات، چونکە وەک ئەوان دەیانگوت "دەستی دەرەکی"ی لەپشتەوە بوو. PKK تورکیا و پارتی و میدیا بیانییەکانی بە دەستتێوەردان تۆمەتبار کرد، ئێران و سووریاش ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوایان بەو دەستتێوەردانە تۆمەتبار کرد. کاتی خۆیشی پارتی ئێرانی بە دەستەبوون لە ڕووداوەکانی سلێمانیدا تۆمەتبار دەکرد.

لەکاتێکدا بە بەردەوامی لە ئەوروپاش خۆپیشاندان هەن، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ئەوێ لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەراورد ناکرێن. خۆپیشاندانەکانی ئەوروپا بەردەوام بۆ ئەنجامدانی چاکسازی یان ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی حکومەتدان، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوام وەکو هەڕەشە دەبیندرێن بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکان. لەئەنجامی ئەمەشدا بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا توووندوتیژی بەکاردێت. بۆیە سەیر نییە ئەگەر ببینین گرووپە چەکدارەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پەرەدان بە توووندوتیژی لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا.

ئەمەش زۆرجار بەستراوەتەوە بەو ڕاستییەی کە پارتە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەوڵدەدەن هەژموون بکەن بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە، هەرچەندە هەڵبژاردنیش هەن، بەڵام زۆربەی کەرتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەلایەن ئەو پارتانەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان دەدرێت. خۆپیشاندانەکان دەتوانن تەحەدای ئەو تموحانە بکەن و لەئەنجامیشدا وادەکەن کە دەسەڵاتێکی زۆر لەدەست ئەو پارتانە دەربچێت. بۆیەش تەنیا وەکو خۆپیشاندان لێیان ناڕواندرێت، بەڵکو وەکو تەحەدا سەیریان دەکرێت. لە سووریا، لەگەڵ هەبوونی شەڕی نێوخۆییدا، بەکارهێنانی زەبر و زەنگ ئاسانترە لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە، چونکە یەکسەر سەرکوتکردنەکان دەبەستنەوە بە "دوژمن"ەوە.

سەرەڕای ئەمەش، پێدەچێت خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و چڕتر ببنەوە. لە ئایندەدا ڕەنگە خۆپیشاندانی زۆرتر ببینین کە تەحەدای پارتە سیاسییەکان دەکەن، هەم لە عێراق و هەم لە سووریا. هەروەها کوردەکان دەتوانن بەرپرسانی تورکیا بەو خۆپیشاندانانەی تورکیا ڕووبەڕووی تەحەدا بکەنەوە. وەکچۆن ئەمە ئێستا لە دیاربەکر ڕوودەدات.

بۆیە زۆرجار بەراوردکردنی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئەوروپا ڕاست نییە. ڕەنگە هەندێک شتیان لە یەک بچێت، بەڵام لەکۆتاییدا زۆر لە یەکدی جیاوازن.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# هەندێک سەرۆک شتی عەجایەب دەڵێن

کەم کەس لە جیهاندا خەمبار بوو بە مردنی موعەمەر قەزافی. لەبەرئەوەی ئەو لەکۆتاییدا دیکتاتۆرێکی ستەمکار بوو. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە تۆزێک پێکەنینم بە هەندێ لێدوانی ئەو دەهات کە پێشکەش بە جیهانی دەکرد. هەندێک لەو لێدوانە ناودارانەشی بریتی بوون لە:

"ئەگەر کارەبا نەبووایە، لە تاریکیدا تەماشای تەلەڤزیۆنمان دەکرد".

"من سەرکردەیەکی نێودەوڵەتیم. ڕاگری دەسەڵاتدارانی عەرەبم، شای پاشاکانی ئەفریقام و ئیمامی موسڵمانانیشم، بۆیە پێگە نێودەوڵەتییەکەم ڕێگەم پێنادات بچمە ئاستێکی خوارتر".

"ناتوانم دان بە دەوڵەتی فەلەستینی و ئیسرائیلیدا بنێم، لەبەرئەوەی فەلەستینییەکان بێ مێشکن و ئیسرائیلییەکانیش بێ مێشکن".

"پێمانوایە کە ئەمریکا سەرجەم شێوازی تیرۆریزمی دژی لیبیا بەکارهێناوە، هەتا تۆمەتبەخشینەوەی کە ئێمە دەستمان هەیە لە کاری تیرۆرستی، ئەوە هەر بۆ خۆی کردەوەیەکی تیرۆرستییە".

بەڵام زۆر لە کورد خەمباربوون بە ڕۆیشتنی قەزافی، لەبەرئەوەی ئەو یەکێک بوو لەو سەرکردە بیانیانەی کە پشتگیریی خۆی ڕاگەیاندبوو بۆ ماف و ئامانجەکانی کورد. لەگەڵ ئەوەی ئەوەندە شتی نەکردبوو بۆ پشتگیریکردنی کورد، ئەو هەندێ قسەی دەکرد وەکو "نەتەوەی کورد هەیە کە نەتەوەیەکی گەورەن و دراوسێمان و مافی خۆیانە کە یەکگرتوو بن و سەربەخۆ بن".

بەڵام کاتێک خۆپیشاندانەکانی لیبیا دژی قەزافی سەریهەڵدا، لێدوانە پێکەنیناوییەکان، لایەنە ڕەشەکانی دەرکەوتن و بە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەگوت "جرج و سەگ و بێبڕواکان" و ڕایدەگەیاند کە خۆپیشاندانەکان "لایەنی دەرەکین بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوتی لیبیا" و بە لیبییەکانی دەگوت "بڕوا بە میدیای بیانی مەکەن".

ئەمەش ناچارمان دەکات کە دیموکراسی و حوکمڕانی سەرجەم وڵاتانی جیهان بخەینە تێستەوە لەسەر بنەمای ئەوەی سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە چی دەڵێن لەبەرامبەر ئەو خۆپیشاندانانەی لەدژیان دەکرێت. ئەو سەرکردانەی خۆیان خەتابار ناکەن و باس لە دەستی دەرەکی دەکەن، خۆپیشاندانەکانی دژیان کراوە، شەرعیەتی زیاتریان دەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە سەرکردەیەکی لووت بەرز و دوور لە خەڵکەکەی، لەکۆتاییدا وەکو مۆدێلەکەی قەزافی لێدێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پلەیەکی باش دێت بەپێی ڕووداوەکانی ئەمدوایە و لە مەسەلەی "بزووتنەوەی دانیشتنەکان" کە دواتر بووە "داگیرکردنی واڵ ستریت"، لەو خۆپیشاندانانە هیچ بەرپرسێکی حکومیم نەبینی کە دەستی دەرەکی خەتابار بکات بۆ ئەو نارەزایەتیانە و لەزۆر کەیسیشدا بەرپرسان دانیان بە شەرعیەتی داواکاری خۆپیشاندەراندا نا. هەروەها لە زۆر لە وڵاتانی ئەوروپی و ئیسرائیل هەمان هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئەمدوایەدا کرا. هیچ سەرکردەیەکی ئەو وڵاتانە ئاماژەیان بە دەستی دەرەکی نەکرد و لەزۆریشیان زۆربەیان باسیان لە کەموکورتییەکان حکومەت کرد.

بەڵام هەموو کاتێکیش وانەبووە، بەتایبەت لە ئەمریکا. لەمێژ نەبوو کە چالاکەوانانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی و خۆپیشاندەرانی دژی شەڕی ڤێتنام لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکییەوە ئیدانە دەکران و ناویان لێنرابوو "کۆمۆنیستەکان" و سیخوڕی هێزی دەرەکی. کاتێکیش خوێندکارانی زانکۆی کێنت ستەیت لە ولایەت ئۆهایۆ لەساڵی 1970 خۆپیشاندانیان کرد، گاردی نیشتمانی دەستیان کرد بە تەقەکردن بەسەریاندا و ژمارەیەک لە خوێندکارانیان کوشت، ئەمەش لەکاتێکدا حاکمی ولایەتی ئۆهایۆ دووپاتیکردەوە کە ئەوانە "کۆمۆنیستن"، بە کورتی دیموکراسی لە ئەمریکا لەساڵی 1970کانەوە زۆر پێشکەوتنی بەخۆوە بینیووە.

بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واپێدەچێت دیموکراسی ڕاستەقینە جارێ زۆر مابێت. ئێمە دەزانین کە بەڕێز مورسی لە میسر و بەڕێز مالیکی لە عێراق هەمیشە باس لەوە دەکەن کە خۆپیشاندانەکانی دژیان دەکرێت، دەستی دەرەکی تێدایە. ئێمە چاوەڕێی ئەوجۆرە قسانە دەکەین لە سەرکردەی وەکو ئەسەد و دیکتاتۆرە توندەکانی دیکە، بەڵام کاتێک سەرکردەیەکی هەڵبژێردراو ئاستی خۆی دادەبەزێنێت بۆ پەنابردنە بەر هەمان تاکتیک، تەماشاکردنی ئەوجۆرە درامایانە ناخۆشتر دەبێت.

ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە گەورەترین تۆمەتباری ئەم مەسەلەیە، گەورەترین دیموکراسی وڵاتی موسڵمان و نزیکترین هاوپەیمانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەیە کە ئەو تورکیایە. هەندێ لە لێدوانەکانی ئەردوغانی سەرۆک وەزیران خەریکە وەکو لێدوانەکانی قەزافی لێدێت. یەکەمجار لە دژی تویتەر قسەی کرد و گوتی "بۆ من تۆڕی کۆمەڵایەتی خراپترین شتی کۆمەڵگان"، دواتر خۆپیشاندەرانی پارکی گەزی بە "تاڵانکاران" وەسف کرد و ئەوانەشی لەدژی پێشێلکارییەکانی پۆلیس بەرامبەر خۆپیشاندەران لە تویتەر قسەیان کردبوو، بە "فاشیست" وەسف کردبوو. دواتر ئەردوغان باسی لەوە کرد کە خۆپیشاندەران "خۆفرۆشی ناوخۆیی و سیخوڕی دەرەکین" و داواشی لە هێزەکانی ئاسایش کرد کە لێکۆڵینەوە لە "لینکی بیانی" ئەو خۆپیشاندانانە بکەن. ئەو زیاتر ڕۆیشت و ڕایگەیاند کە ئەوانەی لە پشت خۆپیشاندەرەکانن هەر هەمان ئەو خەڵکەن کە لەپشت تەقینەوەکەی ڕۆحانلییەوە بوون لەسەر سنووری سووریا و گوتیشی "ئێمە باش باش ئەو خاوەن هۆتێلانە دەناسین کە هاوڕێیانی تیرۆرستانیان حەشاردابوو". (ئەردوغان نارەزایەتی بەرامبەر بەو خاوەن هۆتێلانە دەربڕی بوو کە هەندێ خۆپیشاندەریان حەشاردابوو بۆ قووتاربوون لە گازی فرمێسکرژێی پۆلیسەکان) و دواتریش ئەردوغان گوتیشی "حەز دەکەم بزانم هەموو ئەو بیانیانە چی دەکەن کە ڕوویان لە مەیدانی تەقسیم کردبوو. هەمان پیلانی ڕۆحانلیمان بینییەوە".

هێشتا ئەردۆغان لە دروشمی "خەتای هەمووانە تەنیا خۆم نەبێت" نەبووەوە و دواتر گەیشتە سەر وەبەرهێنەر و جوولەکەکانیش و گوتی "ئەو خۆپیشاندانانە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵی کرابوون.... تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ئامادەکرابوو. یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیای ریکلامکردنی وڵاتەکەمان، لەگەڵ چەند گروپێکی دیارییکراوی سیاسی و لۆبیکارەکان و چەند ڕێکخراوێکی ناوخۆیی و دەرەکی، هەموویان ئامادەکرابوون بۆ خۆپیشاندانەکان"، دواتریش ڕایگەیاند کە ئامادە نییە هیچ سازشێک بۆ خۆپیشاندەران بکات و گوتی "کەس ناتوانێت بمانترسێنێت و ئێمە فەرمان لەکەس وەرناگرین، تەنیا خودا نەبێت".

لەبەرئەوە کاتێک جیهان هەستی کرد کە چیدیکە بێبەش دەبێت لە قسە خۆشەکانی وەکو سەرکردەی قەزافی، بەڕێز ئەردۆغان هاتووەتە پێشەوە بۆ بەردەوامبوونی خۆشییەکەمان. چەند بەختمان هەیە.



حەلیم یوسف
ئەڵمانیا

# سوپاس بۆ شۆڕشی سووریا

ئەگەر بەهۆی شۆڕشی سووریا نەبووایە، ئێمە لەکوێ دەمانزانی ئەوەندە کەس هەیە بەناوی خودا چەقۆ تیژەکانیان دەردەهێنن و بەویژدانێکی ئارامەوە سەری مرۆڤی دیکەی وەک خۆیان دەبڕن. لەکاتێکدا کە

منداڵی هەندێک لەو قوربانییانە چاوەڕێی هاتنیان دەکەن یان دایکانیان خواردنێکی گەرمیان بۆ ئامادە کردوون و چاوەڕێیان دەکەن.

ئێمە چۆن دەمانزانی کە هەر ماڵێکی سووریا دەتوانێ ببێتە ئامانجی ئەو بەرمیلانەی لە فرۆکەی سوپاوە دەهاوێژرێن کە بەناوی پارێزەرانی وڵاتەوە دەناسرێن. پارچەی لاشەی منداڵ، دایکوباوک، پیر و بەساڵاچووان تێکەڵ بە یەک دەبن و لە چەند خولەکێکدا بە دەیان یان بە سەدان کەس خەڵتانی خوێن دەبن. بەبێئەوەی بتوانن خواحافیزی لە یەکدی بکەن. هەریەکێک لە ئێمە شتێک دەڵێت و لە تەلەفزیۆنەکانیش دەبینێت کە چۆن مرۆڤ خۆزگە بە دڕندەکانی دارستانەوە دەبینێت. بەڵام کێ دەیزانی کە ئەوەندە کۆمەڵکوژیی دڕندانە لەبەر دەرگای هەر کەسێک هەبێت.

مرۆڤ چۆن دەیزانی کە پارتێکی کوردی دەتوانێ وەکو کەروێشک دووگیان ببێت و دوازدە پارتی دیکە لێی لەدایکببێت. 7 سەرۆک لە گیرفانی یەک سەرۆکدا دەرکەون و تەنانەت گەوادەکانیش کراسی شۆڕشگێران لەبەر بکەن و بەناوی شۆڕش مۆری ڕەش لە نێوچەوانی هەر کەسێک بدەن. کێ ئەوەی بە بیر دەهات کە شۆڕشیش وەکو گیانەوەران، دڕندەیان لەناودا هەیە و تەنها کەسانی ئازا دەتوانن خۆیان لێی نزیک بکەنەوە. هەروەها ئارامیشیان لەناودا هەیە، کە هەرکەسێک دەتوانێ سواری ببێت.

وەکو شۆڕشی سووریا، کە ئەوەی ئاڵۆزە، ئەوەی بۆ خۆی لە ئێسقانێک دەگەڕێت، ئەوەی بۆخۆی لە پێکهێنانی شەریعەت دەگەڕێ، ئەوەی لە ژنی خۆی توورەیە، ئەوەی ئامانجێکی هەیە و ناتوانێ جێبەجێی بکات. لەناکاو هەموویان بەیەکەوە دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە سواری شۆڕشی سووریا ببن. لەلایەکی دیکەوە چۆن ژەنەراڵێک پلە و مەدالیا بەسەر سەربازانیدا بڵاودەکاتەوە، بە هەمان شێوە قەڵەمهەڵگران لە مەقامێکەوە کەوتنە ناو مەقامێکی دیکە.

ئەوانەی لە یەک ڕستەدا بەلایەنی کەمەوە پێنج هەڵەی نووسین دەکەن، بوونەتە نووسەر. هەندێک لەو نووسەرانە کە تاوەکو دوێنێ لە سێبەری خۆیان دەترسان، ئەمڕۆ بوونەتە قارەمانی شۆڕشەکە. زۆربەی نووسەرە کوردەکان پشتیان لە زمانی بێکەڵکی کوردی کردووە، کە کەس نایخوێنێتەوە. ئەوان بۆ پەیداکردنی شوێنێک بۆخۆیان لەناو شەمەندەفەری شۆڕشەکەدا، دەستیانکردووە بە نووسینی گوتاری سیاسی و شۆڕشگێری بە زمانی عەرەبی.

تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامە، سایت، فەیسبووک و ئامرازی دیکەی ڕاگەیاندن بەشیان نەکرد. ئیدی دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنەی خۆیان، کە تێیدا ئاگر لە دەمیان دەبارێت و لەناکاو هەستیان بەخۆیان کرد کە ئەوان تەنها سوورین و هیچی دیکە نین.

بۆیە ئێمە دەبێ سوپاسی شۆڕشی سووریا بکەین. چونکە ئەگەر ئەم شۆڕشە نەبووایە، چۆن دەمانزانی ڕقی دڵی دۆست بەرامبەر دۆستی دیکە، هاوڕێ بەرامبەر هاوڕێی دیکە ئەوەندە گەورە، بەرز، بێسەروبەر و بێ سنوورە. تەنها شۆڕش بوو کە توانیی دەرگا بکاتەوە بۆئەوەی ناموس، شەرەف و هەیبەتی هاوڕێی خۆی پێشێڵ و ناشیرین بکات و خۆی بە سووککردنی هاوڕێکانی پاک بکاتەوە و وەکو پشتیوانی شۆڕش پیشان بدات.

ئەگەر ئەو شۆڕشە پیرۆزە نەبووایە، کێ دەیزانی کە کورد ئەوەندە نەفرەت لە یەکدی دەکات. کێ دەیزانی کە خاوەنی دوو وتاری عەرەبی دەکرێ ببێتە ڕۆشنبیرێکی کورد لە ڕۆژئاوا. کێ دەیزانی کە هەر کەسێک ئەلفبێی عەرەبی دەزانێت دەتوانێ وەکو ڕۆشنبیرێکی کوردی ڕۆژئاوا بناسرێت. کێ دەیزانی کە کەسێک لەوانە دەتوانێ چەکی شانی خۆی لەنێوان چەند چرکەیەکدا لەم شانە بۆ ئەو شانەی بگۆڕێت و بیروبۆچوونەکانیشی بەپێی گەرمی شوێنەکە بگۆڕێت و سەرقاڵی ڕۆشنبیری بێت. کێ دەیزانی کە ئێمەی ماوەی دەیان ساڵە باسی قەدەخەکردنی زمانی خۆمان دەکەین، ئەوەندە شەیدای زمانی عەرەبی بین و ئەوەندە هەواداری نووسین بین بەو زمانە. بەڕاستیش ئەگەر لە شۆڕشی سووریادا نەبووایە، کێ دەیزانی کە چوار ملیۆن ڕۆشنبیر لەناو سێ ملیۆن کوردی ڕۆژئاوادا هەیە. سوپاس بۆ ئەم شۆڕشە کە ڕووی ڕاستەقینەی ئەم کەسانەی ئاشکراکرد و کەمێکی دیکە ئێمەی لە ڕیئالەتی خۆمان نزیک کرد.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# کۆمۆنیستێک ژنەکەی "لەسەر شەرەف" دەکوژێت

14

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
بەڕێوەبەری دارایی و کارگێڕی : عەبدوڵڵا قرگەیی abdulla@rudaw.net
نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemen@rudaw.net
دیزاین: بەختیار مستەفا، هونەر مەرجان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net





REKLAM

TOYOTA

"ساز بۆ خزمەتگوزاری ئۆتۆمبێل"
باشترین ستافی شارەزای خزمەتگوزاری لەخزمەتی ئێوە دایە







جیاوازی تاقی بکەرەوە

**ساز** بۆ خزمەتگوزاری ئۆتۆمبێل بە خۆشحاڵیەوە بانگهێشتان دەکات بۆ سەردان کردنی گەورەترین بنکەی خزمەتگوزاری تۆیۆتا لە عێراق ،کەستافی ئێمە پێکهاتووە لە ئەندازیارەکان و میکانیکیەکان ئامادەن بۆ خزمەت کردنی ئۆتۆمبێلەکانتان بەباشترین خزمەتگوزاری بە کوالێتی بەرزو خێرا . ئێستا تۆیۆتا گەرەنتی ٣ سال یان ١٠٠,٠٠٠ کم پێشکەش دەکات

A MEMBER OF
Sardar GROUP

TOYOTA QUALITY SERVICE
TOYOTA GENUINE PARTS
facebook.com/ToyotaSASIraq
هەولێر : 07508568882
دهوک : 07508568881

SAS ساز لخدمات المركبات AUTOMOTIVE SERVICES
www.sasiraq.com
toyotaservice@sasiraq.com
دهوک: ڕێگای زاخۆ، تەناهی تەنیشت ئەڤرو سیتی
هەولێر: ڕێگای موصل، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی مۆڵەتی شوفێری